بەیاننامەی ١١ی ئادار چوارچێوەی ساغ و تەواوی وەدیهێنانی چارەسەری ئاسایش و دیموکراتیانەی مەسەلەی کوردبو .
ئەم بەیاننامەیەش لە لایەن هێزە ایتشکەوتوخوازی نیشتمانی عەرەب و جیهانەوە پشتگیری لێ کرا

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البكر

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

مەرکەزی ژۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الغلانی شەقامی « الجمهورية »
بەغدا - س.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٣٩٥ـ٥ خەت

سەر نووسەر : سعاد اديب علی

● الاثنين ١٢ آذار ١٩٧٩ العدد ٤٦٥ ●

● دووشەممە ١٢ی ئادار ١٩٧٩ ژمارە ٤٦٥ ●

له بروسکەیەکدا بۆ سەرۆك البكرو سەرۆك الأسدو بەریز صدام حسین :

قوتابیانمان پەیمان دەدەن کە خوێنیان قوربانی کەن لە ڕێگای وەدی هێنانی یەك بوونی چاوەڕوان کراودا

جەماوەری قوتابیان پەیمانیان نوێ کردۆتەوە کە خوێنی خۆیان قوربان کەن بۆ سەرخستن و بەردەوامی ڕیبازی شۆڕش و لە ڕێگای وەدی هێنانی یەك بوونی چاوەڕوان کراودا . ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە.

بەرباری و ستایشێکی زۆرتان پێشکەش دەکەین بۆ ئەو چاودێریە باوکانەیەی بەرامبەر کۆنکرەکەمان نیشانتاندا . کە لە دەروونی ئەندامانی کۆنکرەکەدا دەنگێکی کەوردی دایەوە کە بەردەوام ئەوقیەم و بیروباوەڕە مەزنەمان چاوەڕوان کردووە کە بەردەوام ڕامنی سەرکەوتنی شۆڕش و تاقی کردنەوەی ڕابەردەکەی بووە بە سەرکردایەتی حزبی شۆڕشی عەرەب حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی .

هاوڕێیان .. ئامۆژگاریە بەنرخەکانتان بۆ کۆنکرەکەمان و ئەو دەرسی تێکۆشانەی لە هەلوێستو ڕەفتی تێکۆشانتانەوە فێربووین کلیلی کفتوکۆکانی کۆنکرەکەمان بوو. وە لە بڕیارەکانیدا ڕەنگی دایەوە .

ئەو ناوەڕۆکانەی لە دروشمەکانی کۆنکرەکەماندا خۆی دەتواند کە هۆشمەندی مێژوویمانی دەتواند بەرامبەر ئەوئەرکە گەورانەی کەوتۆتە سەر شانمان لەردوتبی ئێستاو داهاتوماندا . خستووبەتە سەنگەردکانی تێشەوە عارەقەو خوێنمان دەکەنە قوربانی بۆ سەرخستنی ڕیباری شۆڕشی سەرکەوتوومان لەرنگای تەواوکردنی یەك بوونی چاوەڕوان کراو لە نێوان هەردوو وڵاتی ڕاعراق و سوریا ئەوروودا و مێژوویە خواستی نەتەوەی خست کردەوەو تەعبیری لە زەمیری کرد کە هەزاران شەهیدی لەپێناودا کەوتوودو حاوبان حاوەبواڕی ئەم هیوامەرنەی دەکرد . ئەی هاوڕێیان بەیمانتان دەددەین کە قۆناغی داهاتوو بە کێتی بەکەمان و جەماوەری قوتابیان دەورێکی گەوردتر ببینێ لە مەیدانەکانی شۆڕشدا هەموو وردو توانامان بۆ سەرخستنی هەرەوەزی نیشتمانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری نەبڕخانبکەین و نەخشەکانی بەرەبەندانی نەتەوەیی بەزانیاری و سەرکەوتن وەدی بهێنین و تێکۆشانمان ریاتر کلیە بێنین بۆ ڕوخاندنی بیلانی تاوانکارو خۆبەدەستەوەدان و بەرەنگار بوونەوەی ڕێبازی خیانەتکاری سادات و بە ئەوبەڕی توندیەوە نارەزایمان دەردەبڕین بەرامبەر ئەوکەشتی بیلان کێڕانەی بۆ سەر نەتەوەی عەرەبمان کارتەر دەیکات . هەربڕین وەك سەرکردەیەکی ئەمینی گەلەکەمان و نموونەیەکی بڕشنگداری سەرکەوتنی نەتەوەکەمان لە ڕنگای ئامانجەکانمان لەیەك بوون و سەربەستی و سۆشیالیستیدا.

● ووتەی هاوکاری ●

بیرەوەری یەکی نەمرو تاقی کرنەوەیەکی پێشەنگ

دوێنێ جەماوەرمان بە بۆنەی بیردەوەری پێنجەمین ساڵەی دەرچوونی باسای ئۆتۆنۆمی یەوە بۆ گەلی کوردمان و بیردەوەری ئۆیەمین ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی بازدەی ئادارەوە ئاهەنگی گێڕا ..

ئەم دوو بۆنەیە بەیوەستی یان بە ڕێبەری شۆڕشگێڕی یەوە هەیە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی کردو بەهۆیەوە چەندین سەرکەوتن و دەستکەوتی مەزنی وەدەستهێنا ئەویش بە چێجێ کردنی مەبدەئەچەسپاوو نەگۆڕاوەکانی کە لە جوارچێوەیاندا چەسپاندنی بناغەکانی یەکێتیی نیشتمانی بتەوبوو لە چوار چێوەشیاندا چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد کە دەستەلاتە کۆنەکان بەجێیان هێشتبوو . چارەسەرکردنێکی ئاشتی و دیموکراتیانە .

ئەوەبوو سەرکردایەتی حزب و شۆڕش هەر لە بەربابوونی شۆڕشی جەفدی تەموزەوە بەیمانی دا کە ئەو ئامانجە بەدی بهێنێت ئەوەی هەموو ڕووداوەکان جەماندیان کە ئاوە بەلێنێکی تەکنیکی نەبووە ، دۆخێکی دیاری کراو یان ناتاسایی هێنایتە ئاراوە بەلکو دەربڕینێکی ڕاستکۆیی ئەو مەبدەئە پێشکەوتووخوازو مرۆڤایەتی یانەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بوو . ئەویش بەپێی ڕەسەنایەتی ئەتەوەیی .

بەیاننامەی بازدەی ئاداری ١٩٧٠یش هاتەکایەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیە دەربڕێتو ئەو لایەنگرتنە تەواوەی مافە نەتەوەییەکانی جەماوەری کورد دووبات بکاتەوەو خاڵێکی گۆڕانکاری مێژوویی لە تێکۆشانی جەماوەری کوردمان و ئامانجە ڕەواکانیدا بێك بهێنێت .

لەم ڕۆژانەیشدا کە بیرەوەری ئەم دوو بۆنەیە تێدەپەڕێت کە هەردووکیان بوونەتە تاقی کردنەوەیەکی پێشەنگ و یەکێك لەو بەخشش و دەستکەوتە مەزنانەی لە ژێر سێبەری شۆڕشدا وەدی هاتن ئەوا بەو جەشنە دەردەکەوێت کە پتر پڕشنگدارە لەبەر ئەوەی ئۆتۆنۆمی زۆرتر چەسپاوو بەهێزو بەخشش و بەرهەمدارەو بەس. بەلکو لەبەر ئەوەی تاقی کردنەوەکە لەم بوارەدا ڕاستی یەیڕەوی حزبی

بڕوانە : ل : ٧

ئێمە لە پێناوی مرۆڤایەتیدا تێدەکۆشین و لەگشت جێیەك پشتگیری خەباتی دەکەین

هاوڕێ صدام حسین :

● شۆڕش تێك ناشکێنرێ و ئەوەی دەیەوێ تێکی بشکێنێ دەبێ زەویەکی بێ ئینسان وەربگرێ .

هاوڕێ جێگر لەبەردەم کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عراقدا دووپاتی دەکاتەوە کە :

● یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی دەزگایەکی نیە کە شۆڕش دروستی کردبێ بەڵکو دەزگایەکە کە شۆڕشی دروستی کرد .

هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دووپاتی کردەوە کە شۆڕش لە عراقدا تەنها بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەرپاکراو هیچ تاقمێك ڕێکخراو یان حزبێکی سیاسی تری لەگەڵدا نەبوو ،

هاوڕێ جێگر لەوتارەیدا کە سەر لە بەیانی ڕۆژی سێشەمەی ڕابردوو لە بەردەم کۆنگرەی یانزەیەمی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عراق لە هۆڵی زانکۆی المستنصریەدا دای وتی وێڕای ئەو گیروگرفتانەی هاتە ڕێگای وەدی هێنانی لە دوارۆژدا دێنە ڕێگامان شۆڕش تێك ناشکێنرێ و ئەوەی دەیەوێ تێکی بشکێنێ دەبێ (١٢) ملیۆن ئینسان لە ناوبەرێ و زەویەکی بێ ئینسان وەرگرێ ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

ئەو کاتە مانای ئەوە بوو قوربانیانە تێدەکەین کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە ڕۆژگاری تێکۆشانی بهێشیدا دای تا ئەو تێکۆشانە لە شۆڕشی تەمووز لە ڕۆژی (١٧)ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨دا کەیشتە بۆ ئەوەی خۆی .. هەزارەها قوربانی فیداکاری .. حەبسخانەکان پڕکران ، بەڵکو لە ساڵی (٩٥٢) ودوە تا ساڵی ٩٦٨ بە چەندین بۆلی تێکۆشەرانی بەعسی بڕبوون .. بەتەی سێدارە کەلێکی لێ بڕدرا .. وەکو شەهادە . بەغداو شارەکانی تری عراق خوێنێکی زۆری بەعسیکان و ڕۆلەکانی کەلی بەبەردی عراقیان تێدارژا لەپێناوی بەرەنگاربوونی زولم و ستەمدا. شۆڕش لە ڕۆژی (١٧) ی تەمووزی ١٩٦٨دا سەرکەوت. و دوایەردەی خیانەتو کۆنەپەرستی و ژێردەستەیی و کرێکرتەیی کۆتایی هات .. بەوە کەل سەرکەوت و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردەیی ڕابەرینەکەی تێداکرد .

شۆڕش لە لایەن حزبەوە سەرکردەیی کرا .

شۆڕش لە عراقدا بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەرپاکرا . لە بنەڕەتدا خۆی بە تەنها کردی .. هیچ تاقم یان ڕێکخراو یان حزبی سیاسی ی تر لە گەڵ حزبدا نەبوون .. بە تەنها شۆڕشی کرد .. پێویستە لە سەرمان ئەم ڕاستیە بزانین تا گەلێك لە دیاردەکانی تر لێك بدەینەوە . شۆڕش ڕەوایی خۆی لە دوو مەسەلەی بنەڕەتیەوە وەردەگرێ هەموو شۆڕشەکانی جیهان.. ڕەفزکردنی واقیع و بیرکردنەوە لە دوارۆژ .. کاتێك کە هەموو گەل واقیعێکی هەبوو ڕەفزدەکا . کارکردنی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕانی ئەم واقیعە شتێکی ڕەوابە .. کاتێکیش کە سایشتەکانی سەرکردایەتی .. شۆڕش و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی بۆ دوارۆژ جزرە شایشتێك دەبن کە وەلامدەرەوەی پێویستی گەل بە کۆمەلە ئامانجێکی مەرکەزی دەستنیشان کراوو بە بینینێکی سەرتاپاگیری زیان دەبن . ئەو کاتە ڕەوایی خۆی لە بەردەوامیدا لە قۆناغی بیناکاریدا وەردەگری. کەلی عراق دژی ئەو سیستەمە بوو کە شۆڕش دژی ڕابەری وحزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی شی کرد .. ئەو دروستی حزبی بەعسی عەرەبی ... تیۆرێکی تەواوی هەیە لە دروستکردنی ... .. یەك لە ... لەمۆرکردنی لابەرە تاریکەکەیدا ... لە سایشتلێ کردنی ... ی بڕشنگدارەکەیدا .

کەوابوو ، مافی هەیە ئەك تەنها دژی حوکمڕانی خیانەتکارە کۆنەپەرستەکان و کرێکرتەکانی ئیمبریالیزم ڕابەڕێ و شۆڕش بدا بە خەلکی تر .. بەڵکو مافی هەیە بەردەوام بێ بە شۆڕش لە بنیاکردنی کۆمەڵی نوێدا .. هەمان مافو فرمانی کە لە ڕەفزکردنی حوکمڕانە خیانەتکارەکان و شۆڕش کردن دژیان و بێشکەش کردنی قوربانی کەوردا . هەیبوو . هەمان ئەم فرمانە خەباتکێڕانەیە دەبێتە شتودی مافێك کاتێك کە بە شێوەیەکی ڕاست سایشت لە دوارۆژ دەکێری بە ئامانجی بیناکاری .. مافی ئەوەی دەبێ لە شۆڕشدا بەردەوام بێ و سەرکردایەتی بکا . . و سەرکردایەتی کۆمەڵ بکاو سەرکردایەتی دەسەلاتداری بکاو سەرکردایەتی ئەوە بەردەیەش بکا کە بێنج ساڵ دوای شۆڕش لە هەندێ لایەنی سیاسی بێك هات کە لە شۆڕشدا بەشداریان نەکردبوو ..

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەمەدالە سایشتێکەوە بۆ مەسەلەکە دەچوو کە زیاتری لە عراق دەگرتەوە ، دامەزراندنی بەرە لەم جۆزە بارانەدا ڕەنگدانەوەی پێویستیەکی دەسەوسەعات نیە بۆ بەرەنگاربوونی مەترسی یەکی هاوبەش لە عراقدا یان لە سەر سنووری عراقدا بەڵکو نموونەیەك بوو کە لە نیشتیمانی عەرەبدا بۆ دروستکردنی بەیوەندی وەکو ئەمە لەگەل هەموو لایەنە نیشتیمانیەکانی تری عراقدا بەیڕەوی لێ بکرێ .

سایشتێکی سەرتاپاگیری تێکۆشانی نەتەوەیی .

کەواتە . سایشتی سەرتاپاگیری تێکۆشانی نەتەوەیی عەرەبی و هەموو خەباتی ئینسانی بوو کە پێویستی کرد لە سەر حزب بەرە دابمەزرێنێ نەك پێویستی مەیدانی لە عراقدا ، لەبەر هەر ئیعتیبارێك بێ .

ئێوە هەموتان قوتابیان یان نوێنەری قوتابیان . بۆیە هیچ گیروگرفتێك نایەتە پێش ئەگەر لە بارەی مەسەلەی ئینسانی یەوە . بە مەسەلەی سۆزو عاتیفەی ئینسانیشەوە ، قسەتان لە کەلدا بکەین .. چونکە ئێوە باشمان تێ نەکەن . بەڵام لەکەل گەلێ لە سیاسیەکاندا ، کرانە تێمان بکەن چونکە دروستکەرانی سیاسەت لە هەندێ دەوڵەتدا بەداخەوە .. کۆمیوتەر .. کۆمیوتەر هەستی ئینسانی نیە . بۆیە گەلێ وەرع کە لە ناکاودا بۆ هەندێ دەوڵەت ڕوودەدەن .

لەوانەش هەندێ دەوڵەتی کەورە وەکو ئەمەریکا . وەکو ئەوەی لە ئێران ڕوویدا ... ئۆبالی دەکەوێتە غافڵگیر کردن. یان کۆمیوتەر ئۆبالێکی کەورەی دەکەوێتە ئەستۆیتیدا . کۆمیوتەریش ناتوانێ بچێتە قوڵایی دەروونی ئینسانەوە تا بتوانێ ئامارە ڕووتەکان لێکداتەوەو لەبەرنیشکی ژمارەی ڕووت ئەنجام بداتە دەستەوە بەڵام هەستی ئینسانی کرانە کۆمیوتەر نیە بۆی بێ . . هەروەکو ئێمە دەڕانین . ئێودش دەڕانین . بۆیە دەڵێم باوەڕناکەم هیچ تاقیکردنەوەیەك عەرەبی لە جیهاندا .. حزبێکی شۆڕشگێڕ بە تەنهایی سەرکردایەتی دەسەلاتداری بکا .. لە شۆڕشدا بە تەنهایی سەرکەوێ .. قوربانیەکانی شۆڕش بە تەنهایی بێشکەشی بکاو . دەسەلاشداری بدا بە خەلکی تر .. ئەم جۆزە حزبە... ئەکەر وابکا ، حزبێکی ناشۆڕشگێڕە.

دەزانێ چی ڕەفز دەکا . بەڵام نازانێ چی دەوێ .. ئەو واقیعە ڕەفز دەکا کە لەکەلیدا دەژیا . بەڵام لەو دوارۆژە ناکاو سایشتی لێ ناکا . کە دەیەوێ .

بەڵام ئێمە واقیعمان ڕەفزکرد . وەکو بارێکی بەردەوبێشەوە چوون بۆ بیناکردنی دوارۆژ .. کە واقیعمان ڕەفزکرد . کارێك نەبوو کە لە سنووری خۆی دا لە سایشت کردنی دوارۆژ بەجیابێ . بەڵکو ئەساس لە ڕەفزکردنی واقیعدا سایشت کردنی ڕاستی ئەو شێوەیەیە کە دەبێ واقیع هەبێ و ئەو شێوەیەی کە دەبێ بەرەو دوارۆژ ڕێی بکشێ .

لەبەر ئەمە ، هەندێ هاوڕێیانی وڵاتە سۆشیالیستەکان و هەندێ هاوڕێیانی ڕێکخراوە سۆشیالیستەکان . . . لەوانەیە هەندێ کەستان بەسەردا بگەڕێ و بڵێین ئێمە نوێنەری قوتابیانی عراقین . ئێمە یەکێتی یەکی ترین جیا لەو یەکێتی یەی کە ئێستا هەیە .. ئەم یەکێتی یە لە ماوەیەك لە ژیانی عراقدا . بەر لە شۆڕش بە چەند ساڵ هەبوو .. لە ڕۆژگارێکدا هەبوو کە کەسێك کە ناوی عبدالکریم قاسم بوو حوکمڕانی عراقی دەکرد .. ژەنەرالێکی ناشۆڕشگێڕ .. لە کەل کەلدا ستەمکاری کرد دەدان بەڵکو هەزارانی کوشت و نەیتوانی حوکمڕانی بکا . لەبەر ئەوە لابرا .. ئەم یەکێتی نیشتیمانی یەی قوتابیانی عراق کە ئێوە ئەمڕۆ میوانی ئەون دەزگایەك نیە کە حکوومەت دروستی کردبێ . بەڵکو دەزگایەکە کە شۆڕشی دروست کردوە .

دەسەلاتداری ڕێ و شوێنێکی ناوەندیە بۆ خزمەت کردنی جەماوەر

ئێمە هیچ دەزگایەکمان نیە کە حوکومەت دروستی کردبێ .. هێشتا ، کە لە دەسەلاتداین . سوورین لە سەر ئەوەی لە نێوان خۆمان و دەسەلاتداریدا ماوەیەك دابنێین .. هێشتا کە دەسەلاتداری دەکەین ڕێ و شوێنێکی ناوەندی بۆ خزمەتی جەماوەر .. بەردەوام سوورین لەسەر ئەوەی لە نێوان خۆمان و کورسی دەسەلاتداریدا ماوەیەك هەبێ بۆ سەرکردەیی جەماوەر ..

هیچ دەزگایەکی جەماوەری، تەنانەت یەك دەزگاش لە دەزگا سەردەکی یەکان باشی شۆڕش دروست نەکراون بەڵکو هەموویان پێش شۆڕش هەبوون و ئەو دەزگایانە شۆڕشیان دروست کرد .

کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان و ئافرەتان هەموو دەزگای تێکۆشەر بوون و پێش شۆڕش هەبوون و ئەوان شۆڕشیان دروست کرد .. . کەوابە . یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عراق پێش شۆڕش دروست بوو و سەرکردەیی خەباتی کردو دەوری دەست پێشخەری ڕابەڕاندنی نەساسی ی هەبوو بۆ خستنی ڕژێمی دیکتاتۆری عبدالکریم قاسم لە ساڵی ٩٦٣داو خستنی ڕژێمی کۆنەپەرستی بەکرێ گیراوی دیکتاتۆری عارف لە ساڵی ٩٦٨دا .. بۆیە ئەوانەی پێتان دەڵێن ئێمە

بڕوانە : ل : ٧

هاوڕێ صدام حسین داوا لە قوتابیان دەکا هەوڵ بدەن و تێ بکۆشن بۆ سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵ لە دوارۆژدا

هاوڕێی جێگر سەر لە نامادەیی کرخ و مەلبەندی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عراق و وەزارەتی بەرگری دەدا .

هاوڕێی جێگر لەقەکەیدا بۆ قوتابیانی ئامادەیی (کرخ)ی کوران کە ڕۆژی شەممە سەری لێدا ، دووپاتی کردەوە کە ئەم قوتابخانەیە دەورێکی سەرکردەیی یانەی بوە لە بەرەنگاربوونی حوکومەتە کونەپەرست و دیکتاتۆریەکاندا و ئەنها قوتابخانە نەبوە . بەڵکو شانەکانی کاری شۆڕشگێڕانە تێیدا دەورێکی سیاسیان بینیوە لە سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەی کرخدا ولەمەدا کوێیان نەداوەتە ئەو وەزعی ترساندن و دەمکوت کردنەی کە دارو دەستەی دیکتاتۆر بۆ گەمارۆدانی و وەکو هەوڵێکی ئائومێدانە بۆ کوژاندنەوەی بڵێسەی تێکۆشان لە دڵی قوتابیەکانیدا لەکەڵیدا بەکاریان هێنا .

لەسەردانەکەیدا . هاوڕێی جێگرجاوی بە ئۆمارەکۆنەکانی قوتابخانەکە کەوت کە یەکێك لە لاپەڕەکانی تایبەتە بە چالاکی یەکانی هاوڕێی جێگرو هاوڕێکانی لە قوتابخانەکەدا .

باش ئەوە هاوڕێی جێگر سەری لە مەلبەندی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عراق داو لەوێ لە لایەن بەڕێز منال یونسەوە سەرۆکی یەکێتی پێشوازی لێ کرا .

ئینجا هاوڕێی جێگر سەری لە وەزارەتی بەرگری داو لەوێ لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بەرگری عەدنان خیراللەدا کۆبوەوە ...

Institut Kurde de Paris

صدام حسین : بڕەسەندنی وریایی ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بەدەوری ڕاستەقینەی خۆی بکات لەناو کۆمەڵدا

بەڕێز جێگر کارگێڕانی وەزارەتی نەوت بەسەردەکاتەوەو نەوە دووپات دەکاتەوە :

● شۆڕشەکەمان وای لیهاتووە کە لە هەموو فەرهەنگێکی سیاسەتی نێو دەوڵەتاندا حسابی بۆ بکرێت ئەمە پلەمان پێوەدەنێت کەزیاتر پێشکەش بکەین .

● عیراقێکان گشتیان دڵسۆزن و وڵاتەکەی خۆیان خۆش دەوێت .

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەر الەیەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٤ی ئەمەمانگە کارگێڕانی وەزارەتی نەوتی بەسەرکردەوەو ئەم ئامۆژگاریانەی کردن کە نموونەی نزیکی‌ی سەرکردەیە لە جەماوەرەوە ئەمەش ئەواوی ئەوونەکەیەتی:

بێگومان پێشتر بەشێکی زۆرتان لە کێڵەگەکاندا کارتان کردوو، وە بەشێکیشتان کێڵگەی ئەدیووە ، هیوادارین بە پشتیوانی خوا کە کێڵگە ببێتە بۆ ئەوەی شتی زۆری لێوە فێربێت . چونکە مرۆڤ هەرچەندە بیری تێژ بێت ، ناتوانی ژیان لە چوارچێوەیەکی ڕاستدا ببینێت ، ئەگەر ئەوشتانەی ماوەلەیان لەگەڵدا دەکات بە شێوەیەکی مەیدانی نەی‌بینێتو بەردەوام لەگەڵیدا تێکەڵاو نەبێت .

هاوڕێ وەزیری نەوت دەربارەی دەستهێنەکانتان قسەی‌زۆرکرد . وە دەربارەی بەرەسەندنی زانیاری‌و وریایی نەوە ، چونکە ئەوە هۆشمەندیەکی ئامانامانجدارە ئەم‌پەرە سەدنە لە هۆشمەندیدا . هەروەك بەردەوام سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش تەعبیری لێ‌کردووە. مەبەست ئەوەنی‌یە کە بچنە ناو حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی‌یەوە . چونکە ئەو حزبی ئێوەیە ئێوە سەربەستن لە هەڵبژاردنی ئەوەدا . ئەوەی کە مەبەستمانە ، ئەوەیە کە مرۆڤ دەوری ڕاستەقینەی خۆی لەناو کۆمەڵدا برانێت. وە هوشیاری هەڵبژاردنی ئەو فەناتانە بێت کە بێوستە بەهۆیانەوە بەدەورێکی سەرکردانە تێکەڵاوی کۆمەڵ‌بێ. ئەم‌تێکەڵاوبوونە بێوستە کە خل‌بوونەوە نەبێ واتە بەمانای ڕێك‌وپێکی لە جوارچێوەی تەنیا بزووتنەوەی سەرجەم‌دا . بەڵکو ئەوە کاری بەڕەو پێش‌بردنی تاوەکو جیاوازی هەبێت لە نێوان کاری بزوتنەوە بەهۆی بزووتنەوەی کۆمەڵی وە لە نێوان بزوتنەوەی زاتیدا . بەوجۆرە لەسەر هەموو عیراقیەك پێوستە کە لە بزوتنەوەی بەرەوپێش چووندا بەکەمترین پلە ئاگاداری دەوری خۆی بێت‌و بەردەوام کاربکا بۆ ئەوەی کە کەسانی تریش بەرەو پێشەوە بەرێت . لە کەل ئەوەدا کە ئێمە لەوبارەبەوە شتی زۆرمان دەست‌کەوتووە بەڵام داواکێکراوین کە تیبکۆشین بۆ ئەوەی بەتەواوی دەستی خەین .

کاتێك سیفەتێکی ئاوامان دەبێت بەبێ کومان دەوری مێژوویمان دەورنکی کەورە دەبێت لەوەدی هێنانی ئەو دوارۆژەدا کە دەمانەوێت . هەروەها دەوری مرۆڤایەتی‌و ئەتەوایەتیمان لەنیشتمانی عەرەب‌و لەجیهان‌دا .

مرۆڤ کاتێك وا تەسەور دەکات کە جاك کردن لەئەرکی سەرشانی ئەو بەدوورە ئەوە هەڵەیە . هەریەکە لە ئێمە بەپرسیارەو ئەوە نی‌یە کە تەنیا ئەندامی سەرکردایەتی بێت . چونکە ئەندامی سەرکردایەتی بەبێ کۆمەڵێکی ڕاست‌و بەبێ حزبێکی ڕاست‌و بەبێ هاوولاتی‌یەکی ڕاست ناتوانێ هیچ بکات . جاك کردن بەردەوام ئەکەر ویستمان کە ئەکەوینە هەڵەوە ئەوەیە کە هەڵە دووبارە ئەکەینەوە یا ئەگەر بیمان وەك ئەو بکەین‌و بێوستە لەسەرمان کە کۆڵ ئەدەین وە وانەزانین کە جاك کردنی لەدەرەوی ئێمەوە دەگرێت‌و بەبێ ئێمە چونکە جاك کردنی لەگەڵ ئێمەدا دەکرێت . بنچینەی پەرەسەندن لەوێوە دەستپێدەکات کە هەموو هاوولاتیەك بەرامبەر کۆمەڵ بەڵو جوارچێوەیەکی دەستنیشانمان کرد ئەرکی خۆی زانی . ئەوەك ئەرکی خۆی چونکە بزوتنەوەی ڕنکخستن لەکەڵ جەوی گشتی سەرجەمی بزووتنەوەو بەڵکو بزوتنەوەکەی خودی بێت خۆی‌و خەڵکی تریش بەرەو پێش بەرێت . لەبەر ئەوە ئێمەلەسەرکردایەتی لەخۆشین بۆ ئەوەی بەتەواوی ئەوەتەوە وەدیتان هێناوە .

بەناوی سەرکردایەتی‌یەوە هاتووین بۆلاتان ئەوەوك بەناوی خۆمانەوە . لەکەڵ ئەوەی لایەنی شەخسی بە حەریکی بێ‌کومانەوە بالمان پێوەدەنێت بۆ بینینتان وبەشداری کردنتان بە ئاهەنگی هەموو گەلی عیراق بە بۆنەی سەرکەوتنەوە .. سەرکەوتنی سەرەتاو کۆتایی .. لەیەکی حوزەیرانو یەکی ئازاردا . دەلێم ئێمە دلخۆشین بەوەی لەهاوڕی وەزیری نەوتی دەبیسنین دەربارەی بەردەمەندنی ڕاستەقینە لە نواریەن بۆ بەرپرسیاری لەلایەن کارگێڕانی مەیدانی نەوتەوە.

ئێمە کەیف خۆشین بۆ ئەو بەرسەندنەی لە منشکی هاوولاتیانی عراقدا دروست بووە وە لە هۆشمەندیداو وە لە هەستکردنی بە ئەرکەکانی سەرشانیدا . کە بۆتە مایەی بڵند کردنەوەی سومعەی عراق لە دەرەوە . ئێستاکە عراقی هەست بە بەختیاری دەکات بۆ دەوری وڵات‌و شۆڕشەکەی .شۆڕش وای لیهاتووە کە لە هەموو فەرهەنگە سیاسیەکانی دەوڵەتاندا حسابی بەرەوەدا لە ناوچەکەدا . ئەمەش هۆی سەرەکی‌یە کە بالمان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی زیاتر پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی جێگای خۆمان بڵندتر بکەینەوە . بێوستە ئەی‌بە لە سەرمان هەرگیز لە ڕادەیەکدا ڕابوەستین ،ئەوەی خۆی بە ڕوشنبیر دەزانێت، دەبێت هەوڵبدات کە ڕۆشنبیریەکەی زیاتر بکات . هەروەها ئەوەی هەست دەکات کە لە کارەکەیەدا ماندوو دەبێت ئەبێ هەستێکی وای لەکەڵبێت کە پاڵی پێوەنێت بۆ ئیش کردنێکی زیاتر . وە ئەوەی هەست دەکات کە قوربانی ئەوەندە داوە کە بەس بێت ،بێوستە لەسەری کە بەردەوام وابزانێت داواکێکراوە کە قوربانی زیاتر بدات .

وە ئەوەی وادەزانێت کە لە ئیشەکەیدا وردەکارە بێوستە بەدوای دارشتنێکی وردەکاردا بگەڕێت .. هەروەها دڵسۆزی .. ئەوەی لەکارەکەیدا دڵسۆزبێت بێوستە داوای دڵسۆزی‌یەکی زیاتر لەخۆی بکا ..

چونکە ئێستا دڵسۆزی مرفەدەداتی بۆ پەیدابووە .. لە ئیشدا وە لە بەرپرسیاری ئەتەوەیدا وە لە ئەوەو هەڵسوکەوتەدا کە دەستنیشانمان کردن .

ئێمە واتەسەور دەکەین کە هەموو عراقیەك دڵسۆزن‌و وڵات‌وکەلەکەی خۆیان خۆش دەوێت‌و دەیانەوێت کە عراق بێشکەوێت لەریزیاری خزمەت کردنی خۆی‌و ئەوەی عەرەب‌و مرۆڤایەتی .جارای واهەیە تەعبیر لە دڵسۆزی ڕێگایەکی هەڵە دەگرێت، بەڵام الەزوریەیدا ڕێگای ئەك هەریەکەتان هەڵەی ئەوی ترتان بشارێتەوە بە بیانوی هاوکاریی برایانەو کوڕی جاکی ناو کۆمەڵایەتی‌وە. چونکە ئێوە بەم کارەتان زیانێکی خولقی لەخۆتان دەدەن سەرەڕای زیانی کۆمەڵایەتی‌و خولقی لەشۆڕش‌و کۆمەڵ . ئەوەی بێت دەڵێ کەوا من دووسەعات لە دەوام غایب دەبم . ئەگەر بەڕێوەبەری کشتی‌ی هەوالی پرسیم فلان عوزری بۆ بێنەرەوە تۆش بەڕاستی قەناعەتت پێ‌ی‌نی‌یە، بێویستە لەسەرت کە ئەو داواکاریە ڕەفزکەیت .

لەمەوبەر لە پارێزگای سەلاحەددین بە براکانتانم ووت : گرنگ ترین مەرجی نوێ کە پێویستە لە عەقڵی گەلدا بیچێنین کاری بەروەردەیە . وە قیمەتی سوارچاکی فێرکردنیانە . قیمەتی سوارچاکی تەنیا مەبەست پیاوان نی‌یە . چونکە ئەوە قیمەتی ئازایەتی نی‌یە . . چونکە سوارچاك ناکرێت کە ئازا نەبێت .. بەڵام مانای سوارچاکی فراوانترە .چونکە ئازایەتی قووڵ دەکاتەوە سەرەڕای قیمەتی‌تر . . ڕاستگۆیی هاتە کایەوە ئەوزۆردارەی کە دەکەوێتەوە ئاوەکو لە دەردەوەی خود بە بەرپرسیاریەکی هاوبەشی بەرز . وە ڕاهاتن لە پارێزگاری کردنی قیمەمە ڕاستێکانی بابیران کە لە مێژوودا لە بارەمانەوە خوێندۆتەوە وە بە گێانێکی بەرەو بێدراوەوە گۆاستومانەتەوە بۆ ئەم‌کاتی ئێستایە .. ئەمەیە ئەرکی یەکەمی .. ئێوەی عراقی .. ئەرکی سەرجەمی عراقیکان لەهەموو ئەتەوەکان کە لە قبەمی باپیرانەوە وەرکرن بەجۆرێك بیانکاتە نموونەیەك لەجێ‌بەجێ کردنی مەیدانیدا بیانگەیەنێتە دەرەوەی سنوور بەمانای لەیەکدانی ڕابوردوو نیستا لە چوار چێوەیەکی زیندوودا . دەکرێت کە مرۆڤ ئازایێت بەڵام مراوغ ، چونکە سوارچاك نی‌یە . وەلەوانەیە ئازایێت بەڵام لە زۆر مەسەلەدا کە پێوەستی بە هاوکاری کەسانی تر هەیە پلەی سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ ، کەواتە ئەو سوارچاك نی‌یە .. وە دەبێت کە لە جێگایەکدا ئازایێت بەبێ ئەوەی ئەم جۆرە مەسەلانەدا ئازایێت .. کەواتە ئەو سوارچاك نی‌یە .. لەوشوێنەدا بەیارمەتی خوا هیچ شتێکمان لەبەردەمدا نامێنێ کە نەتوانین وەدی بهێنین لەناو عراقدا وەیان لەدەرەوەی عیراقدا .. ئەوگەلانەی بەبامبەریان کردووە لە زەویدا هەرواهی بوون ، ئاسایی نەبوون ولەدەرەوەی سیاقاتی بەرەیێدانی ئاسایی بوون .

کەواتە پێوستە لەسەر ڕۆڵەکانی کە ئەو سیفاتانە بگرنە خۆ کە وەك سەرکردەیان لێ‌بکات . بە بەراوردکردنیان لەکەڵ سیفاتی خۆیاندا لەدۆخی بەردەمەندنی ئاسایدا . لەبەر ئەوە ئێمە سەیری هەموو عراقیکان وەك سەرکردە دەکەین نەك تەنیا هاوڕی‌کە سەرکردایەتی قوتریان لێ‌بێك دێت کە تەنیا ئەوان سەرکردەن . هەموو عراقیەك لە جێگای خۆیەوە سەرکردەیەکە . . ئافرەت‌و پیاوو کرێکارو ئەفسەرو سەربازو جوتیارو هەموو مرۆڤێك لە جێگای خۆیەوە هەرچۆنێك بێت ئەوخزمەتەی لە کۆمەڵدا دەیکات . درودی خواتان لەسەر .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن :

ئۆتۆنۆمی تاقی کردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە

● نێردراوی « هاوکاری » نووسیویەتی :

بە بۆنەی بەردەوەری دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەوە . لە بارەکای ئەنجومەنی ڕابەڕاندن . چاومان کەوت بە بەڕێز مامۆستا (احمد عبد القادر) سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەڕاندن . داوامان لە بەڕێزی کرد کە دەربارەی ئەم یادە بیرۆزە بۆمان بدوێ و هەڵسەنگاندنی بەرێزی وەك سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەڕاندن بەرامبەر کاروانی پێنج ساڵەی تەمەنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان چیە .

بەڕێزی وتی :

[ـ بێگومان . ئۆتۆنۆمی . تاقی کردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیەو دەربڕی باوەڕی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستە کە دانی بە مافی ڕەوای گەلی کوردماندانا لە چواچێوەی یەکیتی عراقداو دڵسۆزانە بەڵێنی خۆی هێنایە دی‌و ئەوە بوو یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٣ کە یاسای ئۆتۆنومیە دەرچو بەمەش سەرکەدایەتی حزب بەوەڤایی خۆی بەرامبەر بەڵێنەکەی گەیاندە ڕادەی ڕاپەڕاندنی ڕاستەقینەو لە ی تشرینی یەکەمیشدا ساڵی ١٩٧٤ بەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یاسادانان لە ژێر چاو دێری سەرۆکی فەرماندە بەڕێز احمد حسن البکردا بەستراو لە ٨ی مانگی دەی ساڵی ١٩٧٤دا یەکەم ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنیش پێك هات ، ئیتر هەردوو دەزگای ڕاپەڕاندنو یاسادانان دەستیان کرد بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانیان .

دیسان بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن وتی :

[ـ ئەم دەستکەوتە گەورەیە شوێنی تایبەتی لە دڵی گەلی کوردا بەتایبەتی وگەلی عراق بە کوردو عەرەب‌ەوە بە گشتی هەیەو یادی چەسپاندنی ئەم دەستکەوتەیەشی هەموو ساڵی بە شانازیەوە دەکرێتەوە وهەموو ساڵ هەر وەك ئەمساڵ لیژنەی بالای یاد کردنەوەی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن وهاوڕی‌یانی لێپرسراوانی حزب‌و کار بەدەستانی ترەوە دروست دەکرێ بۆ ئەوەی یادەکە بەو جۆرە فراوان بکرێتەوە شایستەی ئەم موناسە بە تەپیرۆزە بێ .

ئێمە کە ئەم یادە دەکەینەوە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش . تەقەللای دڵسۆزانەیان بەردەوام بوە بۆ محو کردنەوەی هەموو ئەسەرێکی ڕابوردوی دواکەوتو لە ناوچەکەداو لە ژیانی گەلی کوردماندا ، ئەوەتا ئێستا ناوچەکە لە هەموو ڕوویەکی ناوەدانی‌و شارستانی‌و ڕۆشنبیری‌و ئابوری‌و تەندروستی‌و کۆمەڵایەتیەوە لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە : ئەمساڵیش ئیسپەتی خەرجی بۆ ئاوەدانی‌و پێشکەوتن لە هەموو ڕوویەکەوە لە ساڵانی ڕابوردوو زیاترەو ئەمەش ناوچەکە زیاتر دەبوو ـ ژێنێتەوە | .

هەروەها بەڕێز احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەن ڕای گەیاند :

[لە ناوچەکەدا چەندان پرۆژەی گەورە ڕاپەڕێنراو چەندانی تریش بەردەوام وگورج‌وگوڵ کاریان تیا دەکرێ‌و چەندان کوندی هاوچەرخ بنیات نراوە کە کۆڕانێکی با شی‌یە سەر ژیانی لادی‌کاندا هێناو هاوپەنەهەواوەکان ئاوەدان کرانەوە وچەندان کارکەکەوتنە کارو بە یارمەتی‌و چاو لێبوە بوونی دڵسۆزانەی بەردەوامی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش کاروان بەردەوامە .

دەربارەی ئەخشەی ساڵی داهاتووتی :

[ـ ئەمساڵ ئەنجومەن پێویستیەکانی ناوچەکەی پێشکەش بە ئەنجومەنی ئەخشە کرد ومۆرکراوەو بەم زوانە دەست دەکرێ بە ڕاپەڕاندنیان دنیایین تارا ـ دەیەکی باش پێویستیەکانی ناوچەکە لە زۆر ڕووەوە پڕ دەکاتەوە . | .

بە ژمارە :

بەپیا چونەوەیەکی خێرایی‌و سەرنجدانی هەندێ ژمارە بۆمان دەردەکەوێ . کە تەفەللایەکی باش‌و دڵسۆزانە دراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکە.لە ڕووی دامەزراکانی کشتوکاڵەوە بارەکای هەر سێ سەرۆکایەتی کشتوکاڵی لە پارێزگاکاندا تەواو بوون کە هەریەکەیان [٣٤١] هەزار دیناریان تێ چوە ، لە ئینجوین بنکەی بەروەردەو بێ کەیاندنی ئاژەڵ (٣٢٧) هەزار دیناری تێ چوەو (٢٥) بنکەی باراستنی مەڕومالات لە دهوك کراوەتەوە کە (٥٥) هەزار دیناری تێ چوەو جەندان بیری ئیرتیوازی هەڵکەنراوەو چەندان بنکەی بەرەیێدانی دارستان تەواو بوون . سەرەڕای بایەخی باش بە بەرهەمی توتنو کردنەوەی چەندان کێڵگەی چاندن .

لە ڕووی بیشە سازیەوە ناوچەکە هەنگاوی بەرەو پێشەوە چونی باشی ناوە وەك کارکەی خشت لە هەولیر میوە خستنە قوتو لە دهوك هەڵکرتنو باڵاوتنی شەربەت‌و میوە لە حەریرو چینو ڕستن‌و مەڕمەڕ لە هەولێرو چەندان کارکەی دارتاشی‌و پێویستیەکانی بینا کردن .

کونە هاوچەرخەکان هەموو حزمەت گوزاریەکیان بۆ زامن کراوە لە ڕووی ناوو کارەباو ئەخۆشخانەو قوتابخانەوە .

لە ناوبردنی ئەخوێنە واری لە ناوچەکەدا ..

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەڕاندن ڕای کەیاند کە هەڵمەتی لە ناو بردنی ئەخوێنەواری کە سەرۆکی فەرماندە خۆی ڕابەری دەکا . لە ناوچەکەدا بایەخی بنەڕەتی بێ دراوە چونکە هەنگاوی بنەڕەتی پێشکەوتنی کۆمەڵە مەڵبەندەکانی لە ناو بردنی ئەخوێنەواری کە لە هەولیر (١١٣١) مەڵبەندەو [٨٣١.٣] هاوولاتی تیا دەخوێنێ ولە سلیمانی [٩٣٢] مەڵبەندەو (٧٣.٥٣٤) هاوولاتی تیا دەخوێنی‌و لە دهوك (٥٤٧) مەڵبەندەو (٣٥٥٤٥) خوێنەوارتیا دەخوێنی . بەردەوام لە بەجێ هێنانی ئەرکی سەرشانیاندان‌و جاوەڕێ دەکرێ ئەم هەڵمەتە نیشتمانیە لە ناوچەکەدا سەرکەوتنێکی چاك بدەی بهێنێ .

Institut kurde de Paris

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان :

تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی تاقی کردنەوەیەکی نوێ‌و نموونەیی‌یە

نێردراوی « هاوکاری » نووسیویەتی دەڵێ :

بە ڕابوردنی پێنج ساڵ بەسەر تەمەنی چەسپاندنی‌و ڕابەڕاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا ،هەنگاوی ئەوەندە مەزن نراوە کە لە ڕادەی خواستگەلان زیاترتی‌پەڕیوە، پێداویستەکان زیاترتی‌پەڕیوە، بەجۆرێکی‌وا ڕێزو مافو بنیاتکاری بۆ گەلی کوردمان زامن کردو ڕێ‌ڕەوو باشەرۆژێکی ڕووناك‌تری بە باوەڕەوەو لەسایەی یەکیتی نیشتمانیدا کرتۆتەبەر .

بەم‌بۆنە پیرۆزەوە ، وەك یادگارو سەرنج دانەوەی ساڵانی ڕابوردوو ئەودەستکەوتە گەورانەی تیا بەدی‌هاتن چاومان کەوت بە بەڕێز (محمد علی محمد امین)ی سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تا باسی ئەم‌تاقی‌کردنەوە گەورەیەمان بۆ بکا .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن وتی :

[دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژگاریکی ناسکدا هاتنە کایەوە ، لەگەڵ گرانی ئەوبارەشدا ئەودەزگایانە بە یاسادانان‌و ڕاپەڕاندنەوە ، توانیان ئەرکی بنەڕەتی سەرشانیان بەجێبهێنن ، جا لەبەر ئەوەی تاقی‌کردنەوەی ئۆتۆنۆمی تاقی‌کردنەوەیەکی نوێ‌و نمونەیی‌بوو . دەوایە ئەرکیکی بێ تەواو بکشێرێ بۆئەوەی ئەمدەستکەوتە مەزنە لەوڕادەیەدا بێ کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بە ئاواتیەوەن ، بۆیە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ناوچەکە بەهاوکاری هەموو دڵسۆزان کەوتنە خۆو ئامادەی بەڕێسیاری بوون لە شوێنە بنەڕەتیەکانی هەردوو ئەنجومەنە کەداو هەنگاوی خێرایی بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە مەرکەزیەکاندا نرا بۆ چەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی‌و خستنەکاری » .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بە هیوای پیشاندا بەرامبەر پاشەڕۆژو وتی :

« ئەنجومەنی یاسادانان ، دەزگایەکی بنەڕەتیە لەناو چەی ئۆتۆنۆمیدا . ئەندامەکانی ڕۆڵەکانی ناوچەکەن‌و نوێنەری دڵسۆزی هاوولاتیەکانن ، ئەرکی سەرشانیان بەڕەیێدانی هەستی ئەتەوەیی‌و نیشتمانی

بڕوانە : ل : ٧

لەگۆڤاری ! ئاسۆی‌زانکۆیی !!! ؟ ژمارە /٢ی ساڵی /٢ی تشرینی دووەمی١٩٧٨دا مامۆستا نەریمان بە ناونیشانی « فریای ئەم گەنجینەیە بکەون » ووتارێکی نووسیوە . لەگەڵ ئەوەشدا کە ووتارەکە پڕە لە هەڵەی‌رێنووس‌و هەڵەی چاپ - کە ئێنیام مامۆستا بۆ ئەوانەووریایە - بەڵام نەبوونی کادیری زمان‌زان‌و بێسەرپەرشتکەری شارەزای هەڵە راستکەرەوە لەو گۆڤارەدا بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو هەموو ناتەواوی‌و شێواوی‌یە سەرجەم لەبەشە گوردی‌یەکەیدا وبەتایبەتی ووتارەکەی مامۆستادا دروستببن . کەسێك زۆرلەخۆی نەکات تاقەتی خۆ خەریك‌کردن‌و خوێندنەوەوچاوپێداخشاندنی ئەوچەند لاپەڕە بێ‌نازکەوتووەی نابێ .

چەند وشەیەك بۆحەقیقەت و مێژوو

● صباح غالب ●

زانایانی زمانی کوردی‌و شارەزایانی کوردۆلۆژی‌و ئیمەی خوێندکار لەکارە بایەخدارەکانی مامۆستای بلیمەت تۆفیق وەهبی ناگادرین . گشتمان دەزانین ئەو پیاوە بەوەفایە وا بۆ نزیکەی « ٦٠ » شەست ساڵێك دەچێ بە خرمەت‌کردنی زمان‌و مێژووی کوردەوە بە دڵسۆزانەو کارامەیی‌یەوە لە کۆشش‌و ماندوو بوونداییە . جگە لەوکتێب‌و نامیلکانەی بە چاپی گەیاندوون . لابەڕەکانی گەلاوێژ . دەنگی کێتی تازە . گۆڤاری شەفەق‌و گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردو کەلێك رۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەی بێگانەی بەکارە زانستی‌یەکانی شەرەف مەند کردوون . ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە لە لایەنێکەوە بە داهێنەرو بێشەوا دەزمێرێ .

مامۆستا نەریمان کە لە لە ناسۆی زانایی‌یدا ئێوی ١١ یانزەوە بەرهەمی ئەم بیست ساڵەی دوایی زانای گەورەمان بۆدینی‌و یانزدە دەنووسێ . باکەمان وادەزانین کە کۆمەڵە بەرهەمێکی دەکەمەن‌و گران بەهان ، جێگای بەختیاری‌و دڵشادیمان ، لێ‌برسراوانی دەزگا کوردی‌یەکان‌و شارەزیان‌و ئارایانی کوردیش لە سەریان بێویستبووە جاکی مەردانەی لێ‌یەلادا بکەن‌و هەوڵی ئەوە بدەن تا زووە بەیارمەتی مامۆستای خۆشەویست بەچاپیان بگەیەنن . یان هیچ نەبێ بیانهێنێەوە بۆ کوردستانەکەمان تا نەك شتێکیان لێ‌بێت . بەڕاستی فەوتانی هەر پارچە بەیازێکی مامۆستا تۆفیق وەهبی بە زبانێکی گەورە لەسەرمان دەکەوێ‌و جێگای پڕناکرێتەوە .

ئەوە پێشەکی‌یەکی پێریستبوو ؛ بەڵام مەبەست‌و نیاز نەبوو . مەرامی سەرەکیم ئەوەیە کە دەمەوێ لە چەند دێڕێکدا دوو سێ بۆچوونی بەڵەو هەڵەی کاك نەریمان ئاشکراو ڕاست بکەمەوە .

لەبارەی کێتێبی « دەستوری زمانی کوردی » کە لە ساڵی ١٩٢٩دا دەرچووە دەنووسێ « ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢٩ - ١٩٣٠دا کێتێبی دەستوری زمانی کوردی چاپکرد کە بە یەکەم کێتێبی زمانەوانیمان دەزمێردرێت »(١)

ئەمە ئەگەر لە ئەشارەزایی‌یەوە بێ ، کارێکی نادروستە ، بە تایبەتی بۆ ئەو کە بیبلۆگرافی‌نووسی کێتێبی کوردی‌یە ، ئەگەر لە گرنگی پێ‌نەدانیشەوە بێ دیسانەوە کاری کردن نی‌یە چونکە هەموو نووسەرێك بەرامبەر نووسینەکانی لێ‌برسراو دەبێ .

کێتێبەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی - دەستووری زمانی کوردی لە چاپخانەی دار الطباعة الحدیثه لە بەغدا لە ساڵی ١٩٢٩دا چاپکراوە . بە یەکەم کێتێبی زمانەوانیشمان لەقەڵەم نادرێت ، بەر لەو کێتێبەش ، کۆمەڵێك کێتێبی ڕێزمانی کوردی لە لایەن کوردناسانەوە بڵاوبوونەوە ؛ ئێمە بۆ نموونە چەند دانەیەکیان دەنووسین .

١ - ماوریزۆ گارزۆنی یەکەم کێتێبی ڕێزمانی کوردی لە ساڵی ١٧٨٢ دا بڵاوکردۆتەوە . (٢)

٢ - ئا . خۆدسکۆ - ڕێزمانی کوردی شێوەی سلێمانی لە ١٨٥٧دا چاپ کردووە . (٣)

٣ - س.ا . ری لە ١٨٧٢دا کێتێبێکی بچووکی ڕێزمانی کوردی نووسیوە . (٤) ئەوانەو زۆر کێتێبی دیکە لە لایەن کوردناسانەوە لەسەر کرامەری مامۆستای مەزن سەعید سدقی کابانە کە کێتێبی مختصر صرف‌و نحوی کوردی لە چاپخانەی نجاح - بەغدا لە ١٩٢٨دا بە چاپ گەیاندووە .

هەڵەیەکی گەورەی دیکەی مامۆستا نەریمان کە چاوپۆشی لێ‌ناکرێ ئەوەیە دەڵێ .. مامۆستا تۆفیق وەهبی یەکەم کەس‌بووە کە هیمای خستۆتە سەر هەندێ بیت وەك « و . ی . ر » بۆیە بەداهێنەر دەدرێتە قەڵەم » (٥) واتا بەڵای نووسەری ووتاری .. فریای ئەم‌گەنجینەیە بکەون .. دروست‌کردنی « ل . ڕ . ۆ . ێ . ك » لە داهێنانی مامۆستای بەڕێز « تۆفیق وەهبی »ین .

هێما خستنە سەر ئەوبینانە بۆ خۆی چیرۆکێکی درێژی هەیە . لە ساڵی ١٩٥٨دا لە نێوان زانایان‌و شارە زایاندا دەمەتەقەیەکی چاك لەسەر لابەڕەکانی گۆڤاری هیوا . پێشکەوتن شەفەق‌دا گرا . ئێمە وای بە چاك دەزانین جارێ لەپێشەوە باوەڕی مامۆستا تۆفیق وەهبی خۆی لەوبارەوە باس‌بکەین تاوەکوو خوێنەران باشتر ئاگاداربن‌و بێتەوە یادیان ، ئەوجا کە توانیمان ئێمەش دوو قسەی دیکەی لێ‌دەکەین .

زانای بەڕێز مامۆستا توفیق لەولایەنەوە لە گۆڤاری پێشکەوتن‌دا دەفەرموێ « بەراستی تیپەکانم مێژوویێکی چیرۆکاوی‌ی سی‌وپێنج « ٣٥ » ساڵی‌ی سەپریان هەیە کە ئێستا لەبەر خەریك‌بوونم شەوو ڕۆژ بە کوردۆلۆژی‌یەوە نامەوێ وەخت سەرف بکەم لە گێڕانەوەیدا . لێرەدا هەر ئەوەم پێ‌ئەکرێ کە ئەو سەرچاوەیە پیشان بدەم کە مامۆستا سەعید سدقی « ل ، ڕ ، ۆ »ی لێ ودرگرتووەو خستوویەتە نامیلکەکەیەوە کە ناوی ناوە « مختصر صرف‌و نحوی کوردی » وە کە بڕێتی‌یە لە لاسایی کردنەوەیێکی « نصر ، بنصر » .

مامۆستا سەعید سدقی « قسەی تۆفیق وەهبی‌یە »نە ئەوسا ئەی‌زانی ئەم « ل.ڕ.ۆ »یە چین‌و بەکەلکی چی‌دێن . وە نە ئێستا ئەبان‌زانێ ، ئەم‌شکلانەی لەمنەوە دەس‌کەوتبوو .»(٦) .

دوای ئەمە بەردەوام دەبێ‌و دەڵێ « من هەر چەندە » دەستووری زمانی کوردی »م ساڵی لەباش نامیلکەکەی مامۆستا سەعید سدقی بڵاوکردبووە بەڵام نەویشی وەکوو هەموو خوێندەوارێکی ئەوسا کە بەوەندی‌بان هەبوو لەگەڵ نووسینی کوردی ، وە بەتایبەتی ئەو خۆی کە گوایا دەستووری زمانی دائەنا بە ئەمری وەزارەتی مەعاریف ؛ لەو تیمانەی منیان دی‌بوو ، چونکە من لە ساڵی «١٩٢٦»دوە شکلەکانیانم بە هەموو لایێکا بەدەس نووس بڵاوکردبۆوە ؛ بەڵام هەر شکلەکانیان ؛ بێ‌ئەوەی کە تەعریفی بەکارهێنانیان بکەم .»(٧) .

هەر بۆ سەلماندن‌و بێداگرتنی ئەو باوەڕانەی پێشووی . مامۆستا تۆفیق وەهبی دیسانەوە جارێکی دی لە دوای یازدە «١٥» ساڵ دەنووسێ « لە ساڵی ١٩٢٣دا وەزارەتی مەعاریفی عیراقی بە نووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداریان کردم کە دەستووری زمانی کوردی بۆ قوتابخانە کوردی‌یەکان بنووسم ، کاتێ دەستم بەکار کرد ، بینیم تیمە عەرەبی‌یەکان بۆ دەربڕینی دەنگ‌و بزوێنە کوردی‌یەکان بە تەواوی دەستنادەن وەك جاوەڕوانم دەکرد . بۆیە کەوتمە لێکۆڵینەوەی فۆنیمە کوردی‌یەکان‌و دیاری کردنیان بە بێ‌ی پێویست ، وە دروست‌کردنی هەندێ نیشانە لە پینە عەرەبی‌یەکان تاوەکو بۆ بەکارهێنانی نووسین‌و خوێندنەوەی کوردی بشێن‌و بگونجێن » (٨)

هەموو ئەوانە تاقە ڕاستی‌یەك دەردەخەن ؛ ئەویش ئەوەیە ؛ کە مامۆستا تۆفیق وەهبی سەرەتای نووسینی کێتێبی دەستووری زمانی کوردی‌یەکەی بۆ ١٩٢٣ - ١٩٢٦ دەگەڕێتەوە . بەڵام بەڵگەی چەسپاوو حەقیقەتی مێژوویی پشتگیری مامۆستای گەورە لەوەدا ناکەن ، کە یەکەم کەس بێت هێمای خستبێتە سەر پینە عەرەبی‌یەکان بۆ ئەوەی « ۆ . ڕ . ل . ێ . گ » دروست‌ببن .

وەك ئاشکرایە « مختصر صرف‌و نحوی کوردی »ی مامۆستای گەورە سعید سدقی کابان لە ١٩٢٨دا بڵاوبۆتەوە . « پێش لە چاپدانیشی بە چەند ساڵێك بەدەستنووسی لەناو قوتابی‌یاندا هەبووەو لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا بە دەرس ئەووترایەوە . »(٩)

دەستەواژەی چەند ساڵێك یا ئیدیۆم کە مامۆستا « ب » لەونووسینەی سەردەوەدا بەکاری هێناوە لە گوردەواریدا لە دوای ژمارەی چوارەوە دێت ، واتا چەند - لەنێوان ٥ - پێنج‌و ٩ - نۆدایە . جا ئەگەر ئێمە بچووکترین ژمارە وەربگین بۆ چەند ساڵەکە بەلای کەمەوە دەکاتە «١٩٢٣» کانی نامادەو تەواوبوونی کێتێبەکەی مامۆستا سەعید کابانە ، لاپەڕەی « ٧٩ »ی کێتێبەکە دیسانەوە شاهیدێکی دیکەیە کە مختصرەکە لە ساڵانی « ١٩٢٣ - ١٩٢٤ »دوە تەواو بووەو لەبەر دەستاندا بووە .

مامۆستا عەلائەدین سەجادیش بەدەوری خۆی ئەوهێمای «٧» خەونەی لەسەر « ز . ی . ل . ۆ »یە بە داهێنان‌و مانی خۆی‌و « مامۆستا ا . ا »ی دەزانێ ؛ ئەم باردوە بەڕێکەوتی ٧-١-١٩٥٧ لە نووسراوێکی تایبەتی‌دا بۆ مامۆستا ا.ا دەنووسێ‌و دەڵێ « بیستم مقالێکت ناردووە بۆ گۆڤاری هیوا لە بابەت ئیشارەتەکانەوە قسەت کردووە .

هەرئەوەندەم بیستودو هیچی‌تر نازانم چیە ؟ .

نازانم لە بیرتە یان نە .. ئەوساڵە کەمن‌و تۆ دانیشتین‌و قسەمان لێوە کرد . فیکری هەردووکمان هاتە سەر ئەوەی کە چوار حەرف هەبە مشکلە بەیدا ئەکا « ر . ی . ل . و » ئەمانە بوون . ئەوە بوو قرار وابوو کە ئەمانە بۆ ئەوە لێك جیابکرینەوە هەریەکە حەوتێکیان لەسەر بێ . لە پاشا من ناردم ئەم ئیشارەتانەیان داڕشت‌و یەکەم شتێك کە بەمانە لەچاپ درا رسالەی « ناوی کوردی» بوو . لەوێدا من باسم کردووە لە مقدمەکەدا کە ئەمانە لەسەر فیکری من‌و تۆ بووە ئیتر لە غەیری ئەمچوارە من بەش بەحاڵی خۆم موافق نیم بۆ هیچی‌تر .

مەبەست لەم کاغەزە ئەوەیە کە تۆ ئەوەت لە فیکرێ بۆ ئەوە ئەوەك قسەکان یەك نەگرنەوە . داهێنانی ئەم چوار حەرفە لە فیکری ئێمەیەو کەس حقی نیە بیکا بە هی خۆی دەلیلیش تاریخە یەکەم شتێك کە لە پێشا چاپ کرابێ بەمانە ئەو رسالەی ناوی کوردی‌یە .

ئیشارەتەکانی‌تر هەرشتێك هەن ؛ من موافق نیم‌و لەباوەڕی منا هەموویان غەلەتن . غەلەتەکەشیان دیارە لە ناحیەی عیلمیەوەیە ئەوە دریژەیەکی زۆری ئەوێ لەم کاغەزەدا جێی نابێتەوە ... « وەك مامۆستا سەجادی نووسیویەتی »(١٠) .

مامۆستا «ب» یا ا.ا کە هەریەك مامۆستایە «باوەڕی خۆیمان بە دوورو درێژی بۆ ڕوون دەکاتەوە ، « بۆ خۆباراستن لە لایەنگیری ناراستی » دوو ووتاری فرە بە پیت‌و مایە لە گۆڤاری هیواو گۆڤاری شەفەق‌دا بڵاودەکاتەوە .. بەگیانی زانایی‌و تێگەیشتنەوە بۆ یەکەم جار لەمێژووی زمانی کوردی‌دا سەرەتایەك لە مێژووی ڕینووسی کوردی باس‌دەکا ، بەو دوو ووتارە بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەی کەشەگردنی ئیملای کوردی دادەنێ .

مامۆستا « ب یا ا.ا » لە « هیوا »دا دەنووسێ « داهێنانی ئیشارەت بۆ پیشی عەرەبی ؛ جگە لەوانەی کە عەرەب خۆی دایناوە . شتێکی ئەوەندە کۆنە لامۆابە مێژووش بەتەواوی نەزانێ کە گەی‌و لە لایەن کەسێوە « دوونوختەی‌تر » خراوەتە بن «ب»و ئاو «ج»و سەر « ز . ف »و سەرێکی‌تر خراوەتە سەر « ك » بۆ ئەوەی بکرێن بە « پ - چ . ژ . ڤ . ك » بۆ نووسینی ئەوبیت‌و دەنگانەی کە عەرەب هەرئەیان زانیوە هەن‌و تا ئێستەش بە ئاسانی‌و ڕەوانی لەدەمیان ئایەنە دەرێ . ئەمە بەکشتی . لە کوردیشا ئەوەی من بزانم‌و ئاگادار بم وەختی خۆی لە گۆڤاری « ڕۆژکرد » دا کە لە زەمانی عوسمانیا لە ئەستەمووڵ دەرئەچوو پڕۆژەی یا کەلاڵەی ئەلف‌و بێ‌یەکی عەرەبی ئیشا ڕەتدار نووسراوە »(١١)

«ڕۆژێ لە ڕۆژان تاقە یەك ژمارەم لەم‌گۆڤارە « ڕۆژکرد » هەبوو وە بەرێ‌کەوت‌ئەوئەلف‌و بێ‌یەی تیابوو . بەڵام ئەوەندە لە مێژ بوو کە تەماشام کرد بوو بەتەواوی بیرم نەمابوو کە پڕۆژەی ئەلف‌و بێ عەرەبی‌یە ئیشارەتدارەکەی چی‌یەو چۆنە .هەروەها بە بیریشمما نەئەهات کە لەوانە بێ جارێکی‌تر بتوانم ، لەم‌ژیانە ئالۆزەم‌دا بی‌دۆزمەوە . بەڵام کە ئەوقسانەی لای ژوورووی مامۆستا تۆفیق وەهبی‌یم خوێندەوە کەوا بە باوەڕێکی تەواوە بێ‌ئەوەی هیچ دل لە دل‌بدا ئەڵێ « من ئەم‌نیشانانەم داناوەو هینی منن کەوتمە گومان لە بیرەوەری خۆم ، لێم‌بوو بە ماخۆلان . کەوتمە پشکنینی کون‌و قوژبن‌و بەسەرگردنەوەی گۆڤارە شرو ڕۆژنامە کۆن ...» (٢.)

دوای ئەوە ناوی چەند وتارێکی گۆڤاری « ڕۆژکرد » دێنێ‌و دەقی پارچەیەك لە وتارەکەی بابان زادە -اسماعیل حقی « بڵاو دەکاتەوە . لەسەر نووسینەکەی بەردەوام دەبێ‌و دەڵێ« ئەم‌قسانە هەر بە ئاشکرا دەری ئەخەن کە بەلای کەمەوە لەساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی‌دا کە ئەکاتە ١٩١٣هەست بەوە کراوە کەزمانی کودی بە بێی عەرەبی - وەکوو هەیە - ئانووسرێت . وە زۆر تەقەلاش دراوە بۆ چاك‌کردنی حەرفی عەرەبی بەجۆرێکی وا کە بۆ کوردی بێ‌نووسین دەستبدا «١٣ » بۆ سەلماندنی باوەڕەکەشی لە لاپەڕە هەشتی گۆڤاری شەفەق‌دا بە زەنگۆغراف لاپەڕەیە کی لە گۆڤاری « ڕۆژکرد » بڵاوکردۆتەوە .

خاوەن ووتاری شەفەق مامۆستا « ب یا ا . ا » بە بەڵگەیەك کۆتا ئاکا دەیەوێ بە چەند ڕاستی‌یەك لە بەرامبەر مامۆستا تۆفیق وەهبی‌دا بووەستێ بۆیە بەڵکەی دووەم پێشکەش دەکا کە کێتێبی ڕێزمانی کرمانجی زمانی کوردی‌ی « میستەر ئی.بی. سۆن » ٥

ئەم کێتێبە لە ساڵی ١٩١٣ لە لەندەن لەچاپدراوە لە لاپەڕە «٢»دوودا لە ناو ئەویتانەدا کە بە عەرەبی نووسیونی پیتی «ف» واوی سێ نوختە لەسەری لە بەرامبەر «٧.٥ » داناوە جگە لەوەش « ك » کافێکی سێ نوختە لەسەریشی دروست‌کردووە » (١٤)لەباش ئەوانە ئیشارەتی بۆ انجیلی مقدس ربو خلاصکەری مەیسوع مسیح کردووە کە لە ساڵی ١٩١٩ لە نێویۆرك چاپ‌کراوە .

ئاوڕێکی لەوانە گۆنتەر بەلای مێژووذا دەداتەوە ، دەنووسێ «لامۆابە ئەگەز مامۆستا تۆفیق وەهبی چاوی بە « الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه » کەی کێتێبخانەکەیا بخشێنێتەوە بۆ دەرنەکەوێ کە ئیشانەدانان‌لەسەر پینی عەرەبی بۆ کوردی بێ‌نووسین . لە لایەن خاوەنی قاموسی ئاوبراویشەوە بەکارهێنراوە - کە ئەوەوەگو کێتێبەکەدا بژمان دەرئەکەوت ئەبێ پێش ساڵی ١٩٠٨» (١٥) واتە پێش لەسەر تەخت لابردنی سولتان عەبدول حەمیدبێ » (١٦)

هەر لەم بارەوە « دوکتۆر ل.ئاو . فۆسوم لەساڵی ١٩١٩دا دەستوورێکی زمانی کوردی بە ئینگلیزی داناوەو بۆ میسالەکان خەتی عەرەبی بەکارهێناوە ، ئەگەرچی سەروبۆری بەکارهێناوە بەڵام بۆ پینی لامی قەڵەو نیشانەی «٧»خراوەتە سەر لام وەك « ملاەولانلی» (١٧)

هەموو ئەوراستیانەی سەرەوە ئەوبانگەمان بەگوێدا دەدەن کە «تەقەلای نووسینی کوردی بەپینی عەرەبی نیشانەدار ئەوەندە تەقەلایەکی کۆن‌و فرە بەشە هیچ زانا‌و تێگەیشتوویەك بە ناقی تەنیا هەقی نی‌یە بڵێ هونەر هونەری منە . بگرە هەموو ئەوە کەسانەی لەگەڵ زمان‌و نووسینی کوردی خەریك بوون ؛ بە بێگانەو خۆوە مافیان پێوەیەتی تیایا بەشدارن» (١٨)

مامۆستا نەریمان ٢٣بیست‌و سێ ووشەی هێناوە ڕیزی کردوون ؛ لەبەر ڕووناکی قسەکانی مامۆستا تۆفیق وەهبی‌دا دەیەوێ پوچەڵیان بکاتەوە ، بە یەکێکیان دەڵێ هەڵەو بە یەکیان دەڵێ تەواو. (١٩)

دیارە بۆ ئەو کارە گەورەو گرانەو بەتاڵکردنەوەی ئەو ووشانە لێکۆڵینەوەی ووردەکاری‌و زانستانەی دەوێ . ئەوەش ئیشێکی ئاسان‌و سووکەڵە نی‌یە هەروا لابرێن ، مامۆستا نەریمان کە ئەووشانەی دێنایە مەیدانەوە جاکەوابوو باری سەرنجی تەواوی مامۆستا تۆفیق وەهبی بە دوورو درێژی باسکردایە ، چونکە لەکاری زانستی‌دا گەیشتنە ئەنجام مەرجێکی سەرەکی‌یە .

لەکۆتایی‌دا دەخوازم شتێکم لە ڕاستی خستبێتە ڕوو .

پەراوێزو سەرچاوەکان :

١ - نەریمان ، فریای ئەم‌گەنجینەیە بکەون ، ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە ١٢ ، ساڵی٢، تشرینی دووەمی ١٩٧٨،ل/٧٩.

٢ - دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف چی لەبارەی زمانی کوردی‌یەوە نووسراوە ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، لەچاپکراوەکانانی کۆڕی زانیاری‌کورد ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٨-٠٠٠ نەریمان خۆشی لە بیبلۆگرافیای کتیبی کوردی‌دا، چاپ‌ئەی زنیاری کورد بەغدا ، ١٩٧٧ لاپەڕە ١٤ لەوکتێبە دواوە .

٣ - دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف - هەر ئەوسەرچاوە .ل/١٢ .

٤ - هەر ئەوسەرچاوە ،ل/٢٣ .

٥ - نەریمان، هەر ئەوسەرچاوە ،ل/٧٩ .

٦ - تۆفیق وەهبی ،گۆڤاری پێشکەوتن ، ژمارە ٥ ساڵی / مارتی ١٩٥٨ ، ل/٣-٤ .

٧ - هەر ئەو سەرچاوە ، ل/٤ ٧

٨ - توفیق وهبی ، حول مقال ((مسؤولیه الادیب الکردی الکبری))، مطبعه التآخی، بغداد ، ١٩٧٣ ،ص/١٠ .

پروانە : ل : ٧

حی‌اخان ..

٥

عبدالکریم دەشتی
١٩٧٨

٥

لە سۆی باخی چاوکانی تۆ نازەنین
ئەمشەو سەرم ئەئیمە بەرتریفەی مانگ
ڕەوتی دەنگم ئەبارێنمە سەر بێ‌دەنگی‌ی ئەم زەمینە
ئەمشەو گیانە-مانۆلیاس (١)-ی‌دڵم تەنگە بەڕی‌کۆچی
لەگوندێکی دوورلە ترسی کەناری قسە ڕائەخات
-کرێت -دووره (٢)
ئەشەبۆڵێ هەناسەی تۆ ماتەمینی ئەم گەردوونە
ئەخاتە بەرچرای باران
ئەڕووباری فرمێسکیشت
مەلی ئاواره‌ی دەروونم
لەکۆتە خەمی ئەمشەوە ڕزگارئەکات !؟

١ - پالەوانێکی ڕۆمانی - المسیح مصلوبا من جدید -ی- کازانتزاکیس-ە

٢ - دواهەواری - کازانتزاکیس -بوو لەگەل زۆربادا.

کورتە چیرۆك

گوڵاڵە

(هەردووکمان ، کەوتبووینە زەلکاوێکەوە ، چوار دەوریان ناگر گرتبووین ، بە چنگ چنگاومان دەکرد ، بە ناگرەکەدا ، زاتر بێتیسەی دەسەند ، زەلکاویش بوو بە گڕ ، سووتان لێمان تێر نەدەبوو ، لە زریکەو هاواری خۆمان‌دا ووشیار بووەمەوە ، چاوم ڕێشکەو پێشکەی دەکرد ، شەمەنەفەرێك بە تیژی تێ پەڕی ، چەند دڤۆیە ئەشکێك کەوتنە خوارەوە ، یەکیان گرت ، هاتن‌و چپاندیان بەگوێم‌دا . . دوا فۆناغمان مەرگە .) .

بە تەنیا ، بە ژوورەکەی‌دا، ئەرمە هاتۆچۆی دەکرد ، لەوەتەی ئەم ژوورە ، بە هی ئەم دانراوە ، غەریبی خۆی لەسەر گۆنای شەوی خەمدا دەگێڕێ .. دیمەنەکانی ناو ژوورەکە ، بوون بە شەختەی پایزی ئازارو لە قولایی گلێنەی چاوەکانی‌دا دەنالێنن.. هەست دەکات بیری یەکێك دەکات ، تایەکی گەرم زامی هەناسەکانی داگرت ، ڕەشەبای تاسە ، ڕێژنەی بارانی ئاخەکانی لوول ، دا . بە توندی کردی بە ناو لقو پۆپی درەختی ڕازە هەڵوەریوەکانی‌دا [خەیاڵەکانت بە شەواره کەوتوون ، ئروسکایی حەزێکی کرێنۆك ، هنوریان دەکاتەوە ، زاخاوی پەنجەی خۆزگەکانت، دەچۆڕێتە ناو گەرووی ژانێکی جیهانگیرەوە . تیروانی حەز ، خەونەکانتی بێ ژیر ناکرێتەوە ، ئەستێرەی بەختت هێشتا هەر کۆچەرەو کۆچەر ..] .

- « زۆرم بە لاوە سەبرە . چەند ڕۆژێك بەر لەمەش ؛ لە بازاری خەیاڵدا مەزاتم‌کرد ؛ هەمان نرخیان بێ‌دا . ».

ناڵەی ئۆفێك لە ناخیا گروشکەی کردبوو ، خۆی دابوو بەسەر مشتێ زامی بەندکراودا ، هەستا ، کاسێتێکی خستە سەر گرامافۆنەکە ؛ دووگمەیەکی بە توندی داگرت . هاتە ئەملاوە شەڵی‌دا بە پەنجەرەکەوە ، تەماشایەکی ناو حەوشەکەی کرد ؛ ئۆف بوو بە شەمەنەفەرو کەوتە سەر سکەی هەناسەیەکی تاسێنراو ؛ ئەمیش لە پەنجەرەیەکی بچووکی‌یەوە سەری ئاژۆکردۆتەوە ، پەنجەکانی دەبوون بە دە پەلە هەوری خەم، لەگەڵ بروسکەی ژانێکی زانراوی نەبینراودا ، بەسەر هەموو خاکێکی نامۆدا دادەبارین .. دایکی خەوی دی‌بوو .. بەم جۆرەی دەگێڕاوە ..**

زەنگی دەرگا لێدرا ، بەگورجی دابەزی ؛ دەرگاکەی کردەوە .. ئەو هاتە حەوشەوە ، دیاری دەستی بزەیەکی وەنەوشەیی بوو . . ئەو سەرگەوت ، ئەم بە شوێنی‌دا ؛ چوونە ژوورەوە ، گرامافۆنەکە ئیش دەکات . . (ویل.. سارا ، غوربەت، مەینەت .. ، عیللەت ، ژەهر ؛ خۆراك ، ژیان ..) لە دەلاقەی ئاوازەکەوە ؛ ئەویان بەسەر دەکردەوە .. هەستا ، جاکەتەکەی داکەند نەی‌پەڕژا هەڵیواسێت ، باوەشی‌کرد بەمدا ، ماچێکی تینوو لە هەوارگەی لێودا نشتەوە ؛ دەست‌و بەنجەش گاسنی ئختووکەی خستە هەموو گیانی ، خۆشەویستی‌یەکی نەزۆك ؛ یەك لایەنی ؛ بوو بە حەزێکی تووڕەو مەبەستی بێکا .. ئەم لە تاقەت کەوت ، بورابەوە ؛ دوو دڵۆبە فرمێسکی گەش ، لە پەڕژینی نەفرەتی برژانکەوە ؛ داستانێکی گریانێکی هەمیشەیی‌ان دەگێڕایەوە ..

ئەویش :

- ((دیسارە زۆری خۆش‌دەوێم ، بەنگەم زۆرە ، گۆرانی‌یەکە ، فرمێسکەکان بۆ نانێ‌ی)) .

ئەو دە خیلی خەو کەوت ، ئەمو دیمەنەکانیش هەتاکوو بەیانی ..ئێشکی نازارەکانیان گرت ..

●

حمە کەریم عارف

●

شەبۆنکە بۆ هێناون
حەز لە ڕۆحی چاوی ڕەشی ئێوە دەکات
لە شەوانی گریوەدا ..
دەستی ڕۆحی دڵدار دەگرێ‌و .
تا دەتوانێ بۆماندوو بوون .. سەما دەکات
بۆحوا . ودەن بە پیرمەوە ..
ئەی کەر ئێوە ئەمشەبۆئەم لێ‌ودرنەگرن
داوستانێك شێعرو خۆزگەی . تینووو ماندووم
بەتا بۆ ڕێژنەی ئارانی ،
کام ووڵاتی بێ لە خۆشەوسمی بات ؟!

٢ - وردەباران

بەودڵۆبە ووردانەوە . بۆکوێ دەڕویت ؟!

ا-ژانی تەریم

شیعری : ئاراس‌عەزیز عەبدوڵڵا
کانوونی یەکەمی ١٩٧٨
بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی »

ئەهێڵەی سێ کورتە شیعری

بۆ ناسردویت .!!
بۆتەلاکی . ج کە ئارتك دەشۆینەوە ؟!
ئەی کەر زریان نووشت بێت ..
لە ئەفینی ، ج کابیەك.. دەخۆینەوە ؟!
بۆکوێ دەڕویت ، بۆ ناسردویت .؟!

٣ - ڕژیان

ئای چەند سرکیت .!!
ڕژبانێکی لەناکاوی شەوابەت‌و .
لە فەفەزەی ، فووڵی سینکی شینە چەڕی .
ئەم زەمینە بەربنەدا .. ناوادەبیت .

× × ×

١ - ڕژیان : واتە کشانی ئەستێرە .

Institut kurde de Paris

شاعیرانی ڕەواندز و دەمەتەقێیەك

سەر لە نێوارەو لە تاقەژوورە قورینەکەی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردیو وبەرامبەر بە هەندرێن . چەند ساتێکی بە تام لەتەك دەستەیەك لاوی خوێن گەرمی شاری پاشای گەورە ،کەوتینە دەمە تەقێیەکی راستەوخۆی بێ شەرم وشکۆفە ، بێ تورەیی و زیز بوون .. باسی گەلێ بابەتی هەڵیساومان خستە ڕوو ، زۆربەی زۆری پرسیارەکانی من زەق و ،وەڵامەکانی ئەوان زەقتر .یەك دنیا بگلەیی و ڕازو نیازو دەردەدل ....!

چوار لاوی دلپڕو سەرگەرم ، کە تا ئێستا بە غەبەری بەشدار بوونیان لە چەند کۆڕێکی ئەدەبی . هیچیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانا بڵاو نەکردووەتەوە ، چوار شاعیر (سلام نەورۆز- اسماعیل جوندیانی صدیق حبیب-عمر مصطفی) ..

لە سەرەتاوە باسی جوولانەوەی ڕۆشنبیریو ئەدەبی . ئەم دوایی‌یەی نێو شاری ڕەواندزمان کرد . کە وورده وورده خەریکە ئەکەوێتە بێڕەوکەوتاو ئەستێنو قاوغە ئەشکێنێ خۆی بە جەمەری بزووتنەوەی ئەدەبیمان ئەەستێتەوە ، نە خوازەڵلا دوای دامەزرانی کۆمەڵەو دوای ئەو بێدەنگی‌یە سامناکەی کە چنگ‌ڕۆکی خستبووە ئەوکی ئەدیبو شاعیرانی ئەم شارەی یادو ئاواتمانەوە ..!

لەم بارەیەوە کاك عمر ئەڵێ :

« بوونی کۆمەڵە . لەشلەقاندنی گۆمی ئەو بێدەنگی‌یەدا دەوری یەکجار دیاری هەبوو بە هۆی ئەوەوە زیاتر بە خۆماندا هاتینەوەو ڕەکتریمان گرتەوە .. جاران تاك تاك ،لێرەو لەوێ دەردی دڵی ئەدەبیمان ئەڕشت ،ئێستا لە کۆمەڵەدا کۆ دەبینەوە ، بێگومان بوون ومانی کۆمەڵەکەیش بەخۆمانو دلسۆزی خۆمانەوە بەندە ..»

لە بارەی هەمان پرسیارەوە کاك صدیق ئەڵێ :

بارو دۆخی ئەم دوایی‌یە ، هۆی ئەم جوولانەوە ئەدەبیەی نێو شارۆ چکە شاخاویەکەمانە ، ئەمشارە ڕۆژێ لە ڕۆژان بێدەنگیش بوو بێ ، بەڵام هەرگیز هەناسەی نەداود . پەیا بوونی کۆمەڵەش هۆیەکی کەی جوولانەوەو کۆ کردنەوەی بەهرەو تواناکان بوو ....! »

کاکە سەلامیش ئەڵێ :

« بارودۆخی کۆن دەورێکی دیاری‌ی لە بێدەنگی‌ی ڕەواندزدا بینی . هەر ئەو بارو دۆخەیش لە قۆناغی تایبەتی خۆیا بووە هۆی تەقینەوەی ئەم جوولانەوەیەیە، بارمەتی دلسۆزان‌و ئەدەب پەروەرانیش لە لایەکی ترەوە بووەستێ..!»

کاکە اسماعیلیش ئەڵێ :

« جاری جاران زیاتر بابەخ بە هونەر دەدرا ئەك بە ئەدەب . کەچی بەم دوایی‌یەو لە ئەنجامی گەلێ هۆی جۆراو جۆرەوە جوولانەوەیەکی بیرۆزی ئەدەبی سەری هەڵدا.. دیارە ئەمیش لە بەر دەستی لاوەکاندا . لاوەکان و بەس.. کەکۆمەڵەش پەیدا بوو ، جوولانەوەکەی ئاشکرا تر کردو جۆشی خوارد ..» لە باری ڕەخنەی ئەدەبیشەوە، بەتایبەتی ڕەخنەورەخناندنی ئەم دوایی‌یە ؛ کە لە نێو کۆڕو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانداسازێنراوە ، کاك اسماعیل ووتی :

« ڕەخنەی برایانە بنکەی پێشکەوتنی ئەدەبیمانە ، ئێمە لە نێو خۆماندا زۆر هانی برایانەو ڕەخنەگرانەی بەکێ ئەدەین .. ڕەخنە لە خۆمەکی داهێنانەدایە ، بەڵام ڕەخنەی داهێنەر .. داهێنەر بە هەموو مانایەکیەوە ..! »

کاکە سەلامیش ووتی :

« ڕەخنە لێکۆڵینەوەو داهێنانە ،ڕاستکردنی هەڵەکانە ، بەڵام بە خۆشەویستی ئەك بە ڕقەوە قەدەڵایەتی ...!! »

بەرای کاك عمریش وایە کە :

« نێوستیەکی زۆرەمان

بەڕێز ئەمینداری گشتی کاروباری رۆشنبیری و لاوان لە ناوچەی کوردستان :

لەسایەی ئۆتۆنۆمیدا چەسپاندنی کاروانی رۆشنبیری لەبەرەودایە

ئەوا نۆ ساڵ بەسەر دەرچوونی بەیاننامەی مێژوویی‌یەکەی ((١١)) ی مارتدا تێپەڕی و پێنج ساڵیشی بەسەر دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانداو دوای دەرچوونی ئەو یاسایە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش دڵسۆزانەبەڵێنی خۆی هینایەدی و دامو دەزگاکانی یاسادانان و رابەندن لە ناوچەی کوردستاندا دامەزران ئەوا پێنج ساڵی رەبەقە کار دەکەن .

لەم بیرەوەریەدا ، دەزگایەك لەو دەزگایانەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، چالاکانە کاری کردوەو کار دەکاو ئەرکێکی گەلێ گرنگی بەدی هێنانی ئاوات و خواستی گەلی کوردمانی لە ئەستۆیە ، ئەمانەتی گشتی کاروباری رۆشنبیری و لاوانە، جا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە، لە چالاکی ئەم ئەمانەتە ئاگادار بین لە ماوەی ئەم پێنج‌ساڵەداو بزانین ئەخشەی چی بۆ چالاکی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەکە دانراوە ، چاومان راستەوخۆ بە بەڕێز **[عبدالغفار صائغ] ی** ئەمینداری گشتی کەوت و بەڕێزی پێی راگەیاندین :

کاروانی چالاکی رۆشنبیری لە ماوەی پێنج ساڵی رابوردودا ، گورج و گوڵ و بەرهەمدار بوە ، ئەمانەتەکەمان ، **توانیویەتی ، باربووی** کۆمەڵە رۆشنبیری‌یەکان و تیپە هونەری‌یەکان بکاو وای کردوە ریگایان لە بەردەمدا ئاسان بێ ئەرکی سەرشانی خۆیان رابەڕێنن . ئێمە دوای ئەوەی کاروباری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەمانەتەکەمان لە ریگای تەواو کردنی پێویستیەکانی ئیداریەوە تەواو بوون ، وەك دەزگایەکی رۆشنبیری نوێ کە لەگەڵ لە دایك بوونی ئۆتۆنۆمیدا لە دایك بوو ، بۆ بەکەمجار لە میژووی ناوچەکەدا توانیومانە بارمەتی چاپ کردنی زۆر چاپکراوی بە سوودی کوردی بدەین سەرەرای ئەوەی لە سەر ئەرکی خۆمان چەندان چاپکراو وبلاوکراوەی کوردی و عەرەبیمان بلاوکردۆتەوەو هیشتا زۆری تریشمان بە دەستەوەن ، دوای ئەوەی پارەی باربووکردنی چاپکراوی رۆشنبیری زۆر زیاد کراوە بەرادەیەك پێنج جار لە رابوردوو زیاتر بێ .

لەم قۆناخەدا ، قۆناخی پێنج ساڵەی تەمەنی ئۆتۆنۆمی ، هەردوو بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی و دهوك کراوەو ، کە بەمە توانرا هەر سێ لقی ئەم بەڕیوەبەرایە تیە لە ناوچەکەدا تەواو ببێ و ئەم بەڕیوەبەرایەتیانەش ، لە چوارچێوەی نەخشەیەکی مەوزوعی لە باردا خزمەتێکی زۆری چالاکی رۆشنبیری ناوچەکە دەکەن و بەردەوام کۆری رۆشنبیری و هونەری جەماوەری ساز دەکەن و پیشانگای هونەری تەشکیلیان بۆ هونەرمەندانی ناوچەر گەی گوندەکان ساز کاروانی رۆشنبیریان بۆ ناوچەرگەی گوندەکان ساز کردوە . ئەم ئەمانەتە بۆ بەکەمجار لە میژووی ناوچەکەدا دەستی ریزی نا لە زمارەیەکی هونەرمەندی لێ هاتووی کوردو نیازیش وایە چەندان هونەرمەندی تر دەستی ڕێزیان لێ بنرێ و توانیشمان بە هاوکاری لەگەڵ دەزگا مەرکەزیەکاندا پارەی پیویست زامن بکەین بۆ دروست‌کردنی خانوی رۆشنبیری نوێ لە دهوك و سلیمانی دوای ئەوەی خانوی رۆشنبیری جەماوەر لەهەولێر تەواوبو ، دیسان موافقەتمان وەرگرتوە بۆ دامەزراندنی چاپخانەی تایبەتی سەر بە ئەمانەت خۆی .

لە رووی پەرەپێدانی دەوری لاوانەوە :

لە چوارچێوەی نەخشەی ئەمانەتەکەماندا ، توانیومانە پەرەبە چالاکی لاوانی ناوچەکە بدەین و لاوان لە دەوری دامو دەزگاکانمان کۆ بکەینەوە ، مەڵبەندی لاوان لە هەر سێ پارێزگاکەدا کراوەتەوەو نەخشەی ئەوەشمان داناوە کە مەڵبەند لە قەزاکانیشدا بکەینەوو قەوارەی چالاکیان **بەرفراوان** بکەین . سارەڕای ئەوەی ئەمانەت لەگەڵ بەکیتی لاوانی عیراقدا توانیویەتی لیژنە ناوخۆییەکانی بخاتە کارو لەو شوێنانەدا کە مەڵبەندی لاوان نەکراونەتەوە ئەوان بتوانن خزمەتی خواستی لاوان بە گورج‌وگوڵانە تر بکەن ، هەروەها تا ئیستا زۆر میهرەجانی وەرزشیمان ساز کردوە کە ئەنجامی باشیان بوەو لە ناوچەکەدا دەنگیان‌دا ئەنجامی باشیان بوەو لە ناوچەکەدا دەنگیان داوەتەوەو زوربەی زۆری یاریی وەرزشیەکانی گرتۆتەوە ، کە ئەمانەمان لە بەر رووناکی بایەخدانی پێویستدا بە لاواندا کردوە لە رووی پەروەدەکردنی و پێگەیاندنی گیانی وەرزشەوانیانەوە ، هەروەها تەقەللای دروست‌کردنی لیژنە ئۆلۆمپیەکانی هەرسێ پارێزگاکە کەدراوە ، لەم ماوەیەشدا مەڵبەندی زانستی لاوان لە هەولێرو سلیمانی تەواو بوون کە هەردووکیان بایەخێکی دڵسۆزانە بە توانای زانستی و داهێنانی لاوان دەدەن ، هەر لە ئەقەللای بەردەوامیشدایین بۆ دروست‌کردنی مەلەوانگەی زیاترو هۆلی وەرزشی هاوینەو زستانەو هەنگاوی باشمان لەم رووەوە ناوە .

کاروانی بەردەوام بەرەو پێشەوە :

بەڕێز ئەمینداری گشتی لە دوایدا وتی :

ئێمە دڵنیاین کە کاروانی چالاکی لاوان و رۆشنبیری زیاتر بایەخی پێ دەدرێ و زیاتر لە بەرەوپێشکەوتندا دەبێ ، ئەویش بە هوی ئەو باربوە بەردەوامەوە کە پێشکەش دەکرێ تا چالاکی رۆشنبیری سەربەجەماوەرو چالاکی پەروەردەو پێگەیاندنی لاوان بگاتە هەموو لایەکی ناوچەکە تا رادەی ماوە فراوان کردن لە بەردەم جەماوەردا کە بەشداری راستەوخۆیا بکا .

چەند خاڵێکی روونـاك

● ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لە قۆناخی داهاتودا ماوەی باربووکردنی چاپکراوی رۆشنبیری و یارمەتی دانی رۆشنبیرانی کورد زیاتر دەکا .

● نیاز وایە چاپخانەی تایبەتی بۆ ئەمانەت ساز بکرێ

● ئەمانەت نیستا لە کاردایە بۆ کردنەوەی مەڵبەندێکی گەورەی پاراستنی کەلەپووری میللی کوردی و کردنەوەی پێشانگایەکی هەمیشەیی بۆ ئەو شتانەی دەستی دەکەوێ .

لە یادی دامەزراندنی یەکیتی ئافرەتاندا :

بەرەودواروژێکی روونـاکی ئـافـرەت

● بە بۆنەی دامەزراندنی یەکیەتی ئافرەتانی عیراق و رۆژی جیهانی ئافرەتانەوەلقی یەکیەتی ئافرەتانی سلیمانی لە ژێر دروشمی (١٠ ساڵە ئافرەت پێشـ ـ ئەکەوێت) دا بەرنامەیەکی تایبەتی داناوەو گەلێ چالاکی و ئاهەنگ و جموجولی تیـا پێش‌کەش ئەکرێت و نزیکەی حەوت رۆژ ئەخایەنێت و لە ئێوانیاندا ئەو دەورە دیارە روون ئەکاتەوە کە ئافرەتی عراقی ئەمڕۆ لە هەموو روەکانی ژیاندا ئەیانگێڕێت و ئەو هەوڵانە دەر ئەخات کە لە پێناوی عراقێکی پێش‌کەوتوی دیمکراتیدا ئەدرێن .

هەر بەم بۆنەیەوە ئێمەش چوینە بارەگای لقی ئافرەتانی سلیمانی و لەوێ چاومان کەوت بە هەندێ لە لێپرسراوانیان وەدربارەی ئیشوکار و چالاکیەکانیان لەگەڵیاندا دواین .

● لە سەرەتادا چاومان کەوت بە خوشکە صبیحە صالح کریم سەرۆکی لقەکەو دەربارەی گرنگترین چالاکیان لە رۆژی دامەزراندنی یەکیەتیە کەیاندا لێمان پرسی و ئەویش وتی :ـ

+ لە بواری خۆ ئامادەکردنی لقمانەدا بۆ هاوبەشی ئاهەنگەکانی یادی دامەزراندنی یەکیەتی ئافرەتانی عراق و رۆژی جیهانی ئافرەتان دەستەی بەڕێوەبەری لق کۆبوینەوە بۆ ئەوەی پلانێکی تایبەتی و فراوان دابنێین بۆ ئەمەمە سەلەو دوای وتو وێژوو لێکۆڵینەوە هەمووان بریاریان سەر ئەم خاڵانەی خوارەوەدا.

١ ـ رازاندنەوەی بینـاو بەردەرگای بارەگای لقمان بە کاغەزوو دروشمی رەنگاو رەنگ و شتی تریش .

٢ ـ دابەش‌کردنی کارتی پیرۆزبایی بۆ بەڕێز پارێزگارو سەرۆك دائیرەکان ناو شاری سلیمانی و قەزاو ناحیەکان . هەر هەمان چەشن کارتی پیرۆزبایی ئەنێرین بۆ هەموو مامۆستاو ئافرەتە فێرخوازەکان لە ناو شارداو هەروەها دیاری ئەدەین بە کرێکاران و کارگوزاراتی خەستەخانەکان ئەندامەکانی بەیوەندی لە لقەکاندا .

٣ ـ لە ناو شاردا بە ئۆتۆمبێل تیپی مۆسیقا ئەگێڕین و ئاوازی خۆشو هەمە رەنگە بەم بۆنەیەوە بڵاو ئەکەنیەوەو بە هەموو شەقامەکانی شاردا ئەیان گێڕین .

٤ ـ ئاهەنگێکی تایبەتی ساز ئەکەین بۆ دایکی ئەو منداڵانە کەوان لە بە خێوگاکەی لقماندا هەروەها فلیمی سینەمایی کۆمەڵایەتیان نیشان ئەدەین کە شوین و رێگای ئافرەت لە کۆمەڵدا رون ئەکاتەوە .

٥ ـ بازاڕێکی میللی ئەکەینەوە بۆ بەرهەمو ئیشی دەستی ئەندامەکانی یەکیتی لە لقی سلیمانی و بەشەکانی تری قەزاو ناحیەکان .

٦ ـ هەر بەم بۆنانەوە لە بارەگای لقماندا پێشوازی ئەو بەڕێزانە ئەکەین کەدا ـ ینە سەردانمان بۆ پیرۆزبایی

٧ ـ وتەیەکی تایبەتی بە بۆنەی جەژنی جیهانی ئافرەتانەوە بڵاو ئەکەینەوە بە قوتابخانەکاندا بۆ ئەوەی بۆ قوتابیەکانیانی بخوێننەوە .

٨ ـ گەلێ یاری وەرزشی لە نێوان تیپی زانکۆو تیپی یەکیەتی ئافرەتاندا ساز ئەکەین .

٩ ـ سەبرانێك رێك ئەخەین بۆ ئەندامانی لقمان بۆ یەکێك لە هاوینەهەوارەکانی کوردوستان.

١٠ ـ ئاهەنگێکی هونەری شەونخونی ساز ئەکەین کە هەرچی تیپی هونەری و مۆسیقی و شانۆگەری هەیە لە پارێزگای سلیمانیدا هاوبەشی تیا ئەکەین و نیازمان وایە هونەرمەندانی بەغداش دەعوەت بکەین و ئەم ئاهەنگەمان زۆر خۆشو فراوان ئەبێت و هەتابەیانی درێژە ئەکێشێت .

١١ ـ پێشانگایەکمان کردەوە بۆ پۆستەری تایبەتی دەربارەی هێرشی نیشتمانی بۆ ئەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی .

● دوای ئەوەی لە باسی ئاهەنگەکانی یادی‌دامەزراندنی یەکیەتی ئافرەتانن عیراق بوینەوە رومان کردە خوشکە ئەمەل سابیر عەلی لێپرسراوی

صبیحة صالح

رۆشنبیری و راگەیاندن لە لقی سلیمانیداو دەربارەی گرنگترین چالاکیان لە رۆژی جیهانی ئافرەتاندا پرسیارمان لێ کردوو ئەویش وتی :ـ

+ رۆژی جیهانی ئافرەتان رۆژێکە بۆ وریا کردنەوەی ئافرەتان کە بیر بکەنەوە لە چاکترین زێرەوی تازەبابەت بۆ پێش کەوتن و گەشەکردنی باری ژیانیان و گەپشتنیان بە کاروانی پێش‌کەوتنی ئافرەتانی پێش‌کەوتو لە وڵاتە پێشـ ـکەوتوەکاندا و هەربەم بۆنە پیرۆزەوە لقی یەکیەتیمان لە سلیمانی گەلێ چالاکی و ئاهەنگی جۆراوجۆری سازکردوە و ئەتوانم بڵێم لەگەڵ ئاهەنگەکانی یادی دامەزراندنی یەکیەتیماندا تێکەڵاوبوون ، چونکە هەردوو بۆنەکە زۆر نزیکن لە یەکەوە ، بەڵام ئێمەدوای کۆ بونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری لق بریاری گەلێ شتمان‌دا لەم بۆنەیەدا پێشکەشی جەماوەری بکەین و لەوانەش :ـ

١ ـ بڵاوکردنەوەی کارتی پیرۆزبایی بەم بۆنەیەوە بەتایبەتی بەسەر هەموو رێکخراوە گەلی و پیشەییەکان و هەموو سەرۆك دایرەو دامەزراوە رەسمیەکانی ناو شارو قەزاو ناحیەکانیشدا .

٢ ـ ئاهەنگێکی هونەری قەشەنگ ئەگێڕین هەموو تیپە هونەریەکانی شاری سلیمانی هاوبەشی تیا ئەکەن.

٣ ـ خەڵات و دیاری لقمان پێش‌کەش ئەکەین بە فێرخوازە سەرکەوتوەکانی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌دا .

امل صبابی

بەتایبەتی بەسەر هەموو رێکخراوە گەلی و پیشەییەکان و هەموو سەرۆك دایرەو دامەزراوە رەسمیەکانی ناو شارو قەزاو ناحیەکانیشدا .

٢ ـ ئاهەنگێکی هونەری قەشەنگ ئەگێڕین هەموو تیپە هونەریەکانی شاری سلیمانی هاوبەشی تیا ئەکەن.

٣ ـ خەڵات و دیاری لقمان پێش‌کەش ئەکەین بە فێرخوازە سەرکەوتوەکانی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌دا .

٤ ـ ئەم رۆژانەداو بەم بۆنەیەوە سەر ئەدەین لە خەستەخانەکانی ناو شارو ئەچینە سەردانی ئەو ئافرەتە نەخۆشانەی لەوێدا کەوتوون و دیاریان پێش‌کەش ئەکەین .

٥ ـ هاوبەشی ئەو پێشانگای منداڵانە ئەکەین کە لە مەڵبەندی گشتی بەغدادا ئەکرێتەوە .

٦ ـ هەر بەم بۆنەیەوە پێشوازی لەو بەڕێزانە ئەکەین کە دێنە لامان بۆ پیرۆزبایی ئەمانەو گەلێ چالاکی تریش و بەڕای من ئافرەت هەتا لە توانایدا بێت ئەبێ هەوڵ بدات بۆ ئەوەی خودی خۆی بە ئەڵێنێو بە هەمووان راگەیەنێت کە ئەمیش توانای هاوبەشی هەموو لایەکانی ژیانی ئەم سەردەمەی هەیە .

● سەردانمان بۆ بارەگای لقی یەکیەتی ئافرەتانی سلیمانی بە هەل زانی دەربارەی دەوری ئافرەتان‌لە بارمەتی‌دانی سەر خستنی هەڵمەتی ئەهێشتنی نەخوێندەواریدا شتێك بزانین بۆیە لە خوشکە نەجات عمر صالح لێپرسراوی لیژنەی

نجاة عمر

نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەو لقەمان پرسی :ـ

● خوشکە نەجات ئەتوانین گرنگترین چالاکیتان لە بواری بارمەتی‌دانی سەرخستنی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بزانین :ـ

× هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یاسای هاوکاری تەوزیمی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی‌یەوە لقی یەکیەتیمان لە سلیمانی هەوڵی ئەوەی داوە لە باشترین شێوەدا باشترین یارمەتی چێبەجێ کردنی ئەم پرۆژە گرنگە بدات کە لە راستیدا راستەو خۆ کار ئەکاتە سەر گۆڕانی باری ژیان و هەڵسوکەوتی ئافرەتان بەتایبەتی ئافرەتی لادێکانمان .هەر لەم روانینەوە گەلێ چالاکیمان نواندو گەلێ جار هاوبەشی لایەنە راگەیاندنەکانی پارێزگامان کردووە بۆ رۆشنبیرکردنی جەماوەری ئافرەتان لە کەلك و سودی ئەم یاسا گرنگەو ئەتوانم لێرەدا گرنگترین چالاکیمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکەمەوە :ـ

لەگەڵ دروست بوونی ئەنجومەنی ئاوخوێی و لیژنەی راگەیاندنی هەڵمەتەکەوە لە سلیمانی بۆ ئەم ئەندام تیایانداو هاوبەشی هەموو کۆبونەوەکانیانمان کردووە لە هەموو چالاکیەکانیاندا یارمەتیمان داوون بەتایبەتی لە بواری رۆشنبیری‌کردنی ئافرەتاندا بۆ چونە ریزی خوێندن و مەڵبەندەکان و هاتن بەدەم یاساکەوە هەو ئەمان داوە پلانەکانیان بە زووترین کات چێبەجێ بکرێت و هەر چی گیروگرفتی مەڵبەندەکان هەبەنە مێنن .

هەروەها ناو بەناو سەر ئەدەین لە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ژنان لە سەرانسەری پارێزگاکەداو لەگەڵ مامۆستاو فێرخوازەکانیان‌دا کۆ ئەبینەوە بۆ باس کردن و لێکۆڵینەوەی هەموو ریبەرایەتی و گیروگرفتەکانیان و دۆزینەوەی باشترین ریگا بۆ سەرخستنی ئەم کارە پیرۆزەی کە باشترین هۆیە بۆ پێش خستنی ئافرەت و گۆڕینی باری دواکەوتوی ناو ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە کە ساڵە های ساڵە بە دەست نەخوێندەواری‌یەوە ئەناڵێنێ .

هەر لەو سەردانانەماندا بە تەواوی دەقی یاساکەمان بۆ روون کردونەتەوە بەتایبەتی لە ناو جەماوەری ئافرەتانداو هەموو کەلك و لایەنە چاکەکانیمان پێ راگەیاندون و بزانین و بۆ ئەم مەبەستە خوشکە صبیحەی سەرۆکی لقەکە رووباری خوشکە نازنین محمد طاهری جێگری سەرۆکی لقی یەکیەتی کردنیەوەو کە لیمان پرسی وتی :ـ

× لقی ئێمە گەلێ چالاکی جۆراو جۆری هەبە لە هەموو رویەکەوەو لە تازەترین شێوەدا بە هیوای گۆڕینی باری ئافرەتی کورد بەرەو باریکی پێش کەوتوی ئەم سەردەمەمان والەرووی گرنگترین چالاکیمانەوە لێرەدا بەکورتی ئەم خاڵانە دەست نیشان ئەکەم :

حمة سعید حمة کریم

بڕوانە : ل : ٧

لەکۆڕی خەباتدا بۆ نەهێشتنی نەخوێندواری

لەچوارچێوەی فێرکردنی بەردەوامداو بەدرێژایی ژیان

لە دوازنجیرەکانی پێشوودا تاقیکردنەوەی گەلانمان دژی نەخوێندەواری خستەروو ، لەم ژمارەیەدا لەلایەنە ئابوری‌یەکەوە بۆی ئەچین .

بێگەیاندنی نەتەوایەتی بەگرنگترین گیروگرفتی دەولەتە پێشکەوتنخوازو پێگەیوەگانی دەدرێتە قەڵەم ، بایەخدان بەم گیروگرفتەش ئەگەڕێتەوە پاشماوەی ئەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهان بۆ ئەو کاتەی ئەوە هاتە بیر خەڵکدا ئاخۆ چۆن ئەتوانرێ لە پێگەیاندنی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا پەلە بکرێ ؟ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە بەپێی بیروڕاو تیوری‌یە جۆربەجۆرەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ ئەویتریان ئەگۆڕێت ، لەم بارەشەوە چەندەها تاقیکردنەوە هەیە ، بۆ ئەوەی نرخە ئابوری‌یەکەی فێربوون و کارکردنی لەپێگەیاندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بزانرێ ،گرنگترینی تاقیکردنەوەکان زانای سۆفیەتی (سترومبلین) و زانای ئەمەریکای (دینسون) کردویانە کە هەریەکەیان لە کۆمەڵگای خۆیاندا تاقی‌یان کردوەتەوەو لێرەدا ماوەی ئەوەمان نی‌یە بەدوروردرێژی لێیان بدوێین هەر ئەوەندە ئەتوانین بڵێین لە سەرەنجامدا بۆیان دەرکەوتووە کەفێربوون

کارێکی زۆر ئەکاتە سەر بەرهەمی کرێکارو زیادبوونی دەسکەوتی و ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی پەرە ئەدات بە بۆدجەی نەتەوایەتی .

رەنگە ئەم پرسیارە بێتە خەیالی هەندێکمداو بڵێین ، ئەتەوە پێشکەوتووەکانی ئەوروبای وەك (بەریتانیاو فەرەنسا)کاتێك چوونە پلەی شارستانێتی و پیشەسازی‌یەوە نیوەی دانیشتوانیان نەخوێندەواربون ئیتر پەیوەندی نێوان خوێندەواری و پەرەسەندن بەبەرهەم چی‌یە ؟ بەڵێ ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای فەرەنساو بەریتانیا پێیان نایە پلەی شارستانێتی‌یەوە نیوەی دانیشتوانیان نەخوێندەواربوون بەڵام ئەگەر بهاتابە هەموو دانیشتوانیان خوێندەوار بوونایە ئەوا خێراترو پوختتر پێش دەکەوتن ، ئەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێت ئەو هەڵومەرجەی ئەوسا کە بزوتنەوەی پێگەیاندن لەو وڵاتانەوە سەری دەرهێنا لەم هەڵومەرجەی عراقی ئێستاماندا فەرق و جێواچی‌یەکی زۆری هەیە .

راستی‌یەکیش هەیە ئەبێ بیخەینە بەرچاو ئەویش ئەوەیە کە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی فێرکردن لەبۆ چونێکی ئابوری رووتەوە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها بیروڕا ئابوری‌یەکان سیاسەتی فێرکردن دەستنیشان ئەکەن و بەس بەڵکو دەبێت ئێمە لایەنە کۆمەڵایەتی و رامیاری‌یەکانیش رەچاو بکەین .

هەڵمەتی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کۆلکەیەکی (عامل) بنچینەیی‌یە لەمەیدانی پێگەیاندنی گەلدا ، لەگەڵ ئەمەشدا لە وڵاتانی عەرەبدا بەو شێوە تەوژمی و خێرایی‌یە پێویستە بەرەو پێشەوە هەنگاو نانێت ، بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش ئەبێت چەند هۆیەکی کاریگەری بخرێتە سەر، وەك بەشداری‌کردن لەپیلانەکانی پێگەیاندنداً ئەمەش وامان لێ ئەکات لە ئێستاوە بڕوانینە ئەوەی بزانین ئاخۆ هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری چ سەرەنجامێکی ئابوری و کۆمەڵایەتیمان وەدەست ئەخات ؟

لەلایەنی ئابوری‌یەوە فێربوون کار ئەکاتەسەر پەرەسەندنی بەرهەمو کەم کردنەوەی بەفیڕۆدان چونکە نەخوێندەوار لە خوێندەوار زیاتر شت بەفیڕۆ ئەدات ، لەلایەکی‌تریشەوە دەبینین رووکردن لەهەندێ شت‌ومەکی ئەوتۆ ئەکات ئەبێتە هۆی ئەوەی کاڵای لەدەرەوەی وولات هاتوو بازاڕی گەرمبێت ، ئەمەش کار لەبودجەی نیشتمانی ئەکات ، ئەمەش کۆلکەیەکی (عامل) ترە بالمان پێوە ئەنێت کە پەیوەندی نێوان نەهێشتنی نەخوێندەواری و پلانەکانی پەرەسەندن ئەبێ بەهێز بێت .

ئەبێت ئێمە بەشێوەیەکی گشتی بڕوانینە دەستکەوتی نەهێشتنی نەخوێندەواری چونکە کۆلکەی بنچینەی لەپێگەیاندنداً تەنها سەرمایە نی‌یە بەڵکو مرۆڤە چونکە هەر مرۆڤ دەتوانیت ئەو بیروباوەڕە پاش کەوتووە کۆن و رزیوانە وردوخاش بکاتو پێگەیاندن و پێش‌خستنی وە دەست بهێنێت .

(لە لیکۆڵینەوەکەی د. محمد نبیل نوفل وەرگیراوە بە ناونیشانی (محو الامیەو خطط التنمیە القومیە)

نەریمان

Institut kurde de Paris

سوینـد

ـ گەشایا ستیرت ئاسمانا
بەمەلەیا ماسیت دەریانا
بنیشو ژانت دلوفانا
سوینـد خاری بان هەمبانـا
٢ ـ
لتفەبەم ژ فیانا خۆ
ئەر نەهتلم بەمانا خۆ
شیلی بەکەم ژیانا خۆ
جوان ئاماکەم زۆرانـا خۆ
٣ ـ
ئەو یارام بۆ سوینـدخاری
کو جندی ئەکەم دلداری
بکەم بجینە سەر مەزاری
دا نەمینت ج خەماری
٤ ـ
بۆچی بە ئەز هتلام جانی ؟!
تە خۆ ئەگرت لبەمانی
بە هەرقاندم لم ژیانی
بومە خەتیرا فیانی
٥ ـ
من ئەترابی ئەمیر زانە
باوەریەتکر هیس هوسانە
ئەو خۆنامال سەر گولانە
٦ ـ
خۆزاف روندک تو تو گولی
دەنگ خۆشتری ژوی بولبولی
نازکتری ژەرئی دلی
حەوا هو جوان تو خەملی ؟
٧ ـ
ئەگەر بۆ شیعرا خانی بی
نان هوزانا حەریری بی
بۆ من رنیا تو نانی بی
بۆ ئەمر کرنا فی دلی بی
٨ ـ
ئەر بۆ تە شەخی سەبەمانـ
عەلیەسا فەوزی ئەترانـ
شاسیاری مەریفانم
رنیدانا مەمی نالانم

قسیم حسن

دەنگی منە

سگفان عبدالحکیم

دەنگێ منـە کەنی و سەیـران
ژینا تەیە لێ بۆم حەیران
لفێ دونیایێ نەمام دێران
هەمی کوفـان دلـی هێران
× × ×
کەشە رۆژا لمن بوەرینە
لناف ستێرا مـن بگێرینـە
ئافا عەشقێ لمن بارینە
خەونێت خەلکێ لمـە تارینـە
× × ×
دەنگێ منە کڕی و برین
رەنگێ مەیە وارێ شرین
موخابن بەفرا زێـرین
بێ چیا ما .. کەو لێ چەرین

هونەرمەندا بناڤو دەنـگ «عەیشە شانێ» کریە ستران

دروینـەو ... ستـرانـەکـا ژێ

رمضان عیسی

نستران مینا ئەم درانین ئێکە ژفەرێن ژیانـا نهو یا خر خلفو کرێ .! چونکو جاران بشترانا دلێن چرسی کەشس دبژن. جاران خەمو خیال پـێ فەدرەفین ، بەلکو کەلەك جاران ژی هزرو بیر پـێ دفەکەرن . ئو نسترانێن کوردی نهە بەهرا بتر دەنگ فەدانن بۆ نسترانێن فولکلولوری ئن خومالی ، ئـت ژناف رێزێن کول و دەردو کوفانا . هیفی و مرادئـن گەلێ هاتینە هلاڤێتن . لەوما دبینین هەر تایەکـێ ژبانا کوردا نسترانا خۆ یا هەی ، بکرە ژ دەهواتا . شەمەرۆکا . دروینا . تازیا . هژاندنا لاندکـاو هاویشکرنا زارۆیا . شەروجەنکا .... ئۆ هـەر نسترانەکێ تاما ئەکەرێ گوتنا خۆ یا دای ، لقندرێ مادەم مە دەرکەهێ فولکلولوری قوتا . هـەما دا هلدەینە ژۆرو تایەکی ژ ژبانا باب و بابیرا دەسـت فەدەین و برئسین ئەو ژی دروئەیە .

دروینە کارەکە کەلەك زەحمەت شەهرەزایـی پێ دڤێت لێ یا دسەر هندێرا وەکی مە دێتـی و کوهلیبوی شولەکێ بمەرەق و سفك بو . ژبـەر ج ؟ ئەف چەندە ژی ئەکەرێ دوو تشتانـە ، ئێك ژی بشکداریا کەلەك مروفان ژکوڕو کچان دشولـی دا. یا دووین ژیی کوتنا نسترانادبەر شولیرا . ژبلـی بەرهەمێ شولێ رۆژێن . هەلبەت دەمێ کوڕك لبـەر بەروکێ داس و قەیناغا لێك بدت ، نسترانێت تـەرو خوەش بشارینیت ، کچك ژی لپەی بەرۆکێ مەلوکـا بهلینیت وتلیلیا لسەر سەرێ کابرایی را بلەلینیت .دێ سەرێن هەردوو جوینا کەرمبرو فێجا هندی خوهـێ بمەماڵ و پشتێ قوس کەن دخەمێ ئابت . ئهە بشتی فێ رینسانێ فەرمون نهێرنەمێ فەهاندنا رندو بەدەر . فێ کەش کولا لناف چیمەناکەلەبورێ مللەتێ مـە شوینبوی . ئومێدەوارم بێهنەکا خوەش ژێ سەحکەن و

خوینا دلێ من تەوری
دەللم لوی لو دەللم لوی لو
هەیلا کدیو لمن رۆمی یو
سەر عەسکەرو ئیمباشی یو
سەر عەسکەرو ئیمباشی یو
سێ سال عەمرێ من کوری یو
× × ×
رۆمی هاتو فێهل بوری
کورمام هاتو فێهل بوری
جەورك چوونی نەکوت ووری
کوچك چوونی نەکوت ووری
وەختێ چاڤێ م فیەژێ کەت ،
خوینا دلێ من تەوری
× × ×
رۆمی هاتو دا بدەشتێدا
کورمام هاتو دا بدەشتێدا
باکێ غەریبی لتەمبەریێدا
دلکێ من سوزت ئاگر تێدا
ژارو دلو ئاگر تێدا
× × ×
نافێ کوندێ مە دیاربەکر
شارێ کوندێ مە دیاربەکر
کەچکێ قولپا مەمکا فەکر
لاو خشیم بوو تەماشەکر
کور خشیم بوو تەماشەکر
× × ×
نافێ کوندێ مە رضوانە
شارێ کوندێ مە رضوانە
سیسنێ لناڤ باغێ گولانە
سیسنێ لناڤ باغێ گولانە
سینگ دەشتە مەمك زۆزانە
× × ×
مالا دانابوو لجزیرێ
عیلی دەبنابوو لـجزیرێ
روی سۆرێ فیستـانمەخمویرێ
روی سۆورێ فیستان مەخمویرێ
خررینا کەتیـە زنجیرێ
خررینا کەتیە زنجیـرێ
دەللم لوی لو دەللم لوی لو
هەیلا کدیو لمن رۆمی یو

ئەف ئسترانە یا ژ حەجی ظاهرێ دێرگژنیکی هاتیە وەرگرتن .

دەهـنـگـرینـەکـا کـوردیـێ

ـ صدیق ئامیدی ـ

فلکلورێ کوردی دویـروك تینال و سنج و سەرهاتیـیـت هەمی ئەتـەوەی یا پـرە ژ گوتنێت دڤازانجا میللەتـی . دبسان گەلەك گوتـن و پەندیت تیدا کو خزمەتـا میللەتی ناکـەن ، گـورزە ددەستێت چین و ئوبێـت چەوسینەردا لەوا یا فـەرە لسەر هەمی نفیسەڤانـاو رەوشەنەبیرا فلکلوری بێژێرن و ڤەوژێرن و ژ زیوانی پاڤژکەن. ددستنیشانا دەقێت (نص) هاربکار بو پێش کەفتنا میللەتی جودا کەن ژیێت دبنـە ئاستەنك درتکا وی دا . لفێ گوتارێ بکورتی دێ چەنـد پەندێت پێشینان دیارکەیـن یت نهو بکاردهینن کـو بەرژدوەندا خەلکێ تیدا نینە . بەکەم جـار دوژمـن تـەخێـت خویـن مێژ یێت بکارهینایـن و بەلافکرین لناف کوردا .میللی ری بێ هوشـیاری پـێ دوەکرنین و دبێژن . دڤـێ پەندا دهێت کەلەك بتکول یا کری دا لنك خەلکێ هـەژار ئەشکەراو دیارکەن کو هنگـی ئەوهەژار بهێترو موکومیـن ئەشێن بشت رێ بکەفن ل وان خوینمێژان و دێ هەر هێنە بەر دەستێ وان و ستوبێ خـو لبەر خارکەن جونکو ودسا هزردکەن کو میللەت یێ کریە واز « طبر »خوژی یێ کریـە عەرد . هەمی دزانن هنگـی طور بفریت دێ هەر محتاجی عەردی بیت ژبەر هنـدێ دبێژن .

«ئەم طەیرین هنك عەردن» .

لغێرە ژی ئەراوەستیایە هـەر کەسێ نانەك خاربیت بترستی کوهێ خو نەدابینە وان بیست جەرخێت لیداین دا بن گێرکەن و بێ رووی کەن لناف چفاکی . وەسا کارێ وی مروفـی دیاردکەن کو دەرچویـە ژ باساو سنجێ بەلاف . تفێت بهێنە تروکرن . دبێـژن .

« هەکە کرمانجی تیر خار نان دێ ژنەگێ رەڤیت ئـان دێ مێرەکی کوژیت »

دەمێ خوینخور هەستدکەن کو میللەت یێ هوشیار بـی تەختێ وان یێ دهژیـت و خەلك وەکی جاران کوهێ خـو نادەتێ و روژا وان یا بـەرێ چوو لدیماهیێ بێ دەست هەلات ژی بون.لوی دەمێ ئەو خوینخور دێ هێن خـو وەستینن و چەورن دا میللەت دەینەکەتـن و تولیـت خو ژێ ئەنەکەن و قـەدرێ وان بکرن و ئارمانجێت خـو بیارێن ژ زیانێ لسەر فـێ هندێ ئەف بەندە ئینایـە و دبێژن .

« هەکە مەزن بونە کـەر پێت خو لێ نەهژنن »

دوژمنی هەرکاف ئاستەنك و کیروگرفت پێت ئێخستینە درێکا هوشیارئیدا هنگـی شیایە هێزا شورشگیـری و نیشتمان پەروەری یا لـك کیروگری . هەر یێـت بالەلین کو هەر کەسێ بهێتە سەرحوکمی یێ باشبیـت ئان بێ خرابیت بندفیە کوهێ خوبدەنێ و ئەرمانـا وێ جێبەجێ کەن وئجا کوتیە :

«چ یێ دایکا مـە شـوی پێ کر دێ بینێ بابا

بافەرە ئەم بزانین هـەر قوناغەکێ بەندێت خو بیـت هەین چینا سەرمایەدار باکو دروشمێ وێ پارەیە لنـاف خەلکێ وەسا بەلافدکەن کـو **دراف هەمی تشتە ، ، هەر** کەسێ زەنگین و دەولەمەنـد بیت یێژیرد و برویمەتـە و بێ شەهرەزایە خەلك دێ فەدرێ وی کرن بلا یێ خراب بیت .

بێئەفێت ئەم بیژین نـەف تخمە هزرو بیرە خزمەتـا کەئینە بەرستا دکـەن خەلکێ بالدەن ناکو ژ راستیێ لادەن هەمی هێزا خو ترخان دکەن بو کومکـرنـا بارا چرنگیبیـت فێجـا کوتیە :

« هەییبە کوڕێ جیبە »

بفان هەمیا هێشتا رزای نەبونە بەرێ میللەتی یـێ دایە فێلو درەواو داڤدوزیێ دسەرەدەریا جودا دکـەل برادەرو هەفالو فەرمانبەرا . دبێژنێ هەر کارێ مـروف حەزکەت دێ شێت کەت هەکە بەرتیلا بدەت بلا مرۆڤ لسەر حەقێ ژی نەبیت .کوتیە :

«بەرتیلا بەرا نەرم دکەن».

زوردارا چو جارا بـاوەری بخوو تەختێ خو نینە دزانـن دێ هەر میللەت تێکەهیـت نەو رێزو قەدرێ بو دکـرن نامینت . فێجار هەکو دیـت کوڕە چوتیارەك هەژارەك بەردو رانین و هوشیاریێ یـێ دچیت گوهێ خو نادەنـە فەرمانێت وان ئان خەلکـێ دژوخینیت و تیدگەهینیـت و دئازرینیت دا وان ئەفسانـا بشکێنیت ، زوی ئەوزردار دێ رابن وی چەلەنگەکوڕی لنـاڤ خەلکێ بێ قەدرکەن و بزافـێ کەن تاکو کەس کوهێ خـو نەدەتە وی مروڤی « کوڕی »و ودسا دێ دیارکەن کو نەشێت بەرامبەری وان چیکەت دێ بژن :

« گیفك بسەربانا ناکەڤن»

بەلێ هەکە دیت هێـزا بەرامبەری وان روژ بو روژێ بادلفلیت ئو نەشێن چـو ژیانێ لگەل بکـەن ودسا دێ خو ئینەدەر کـو ئەو جوامێرو ئلخیـرن و حەزناکەن زیانێ بگەهینـە کەسێ .. فێجا لنابـەرا خودا دبەیفن و دێ بێژن :

« کون فرەهبە تەمـەن دربژبە »

ئەدەبیات

فەمایا گوتارێ سەیدا « احمد قەرنی » ئەوا هاتیە بەلافکرن لژمارا (٤٦٣)یـێ روژنامەهاوکاری .

لدویف ئەفێ بیرو باوەریێ مە یەیفێت گشت شێویـت زمانێ کوردێ بکار ئینابنە.. ژبلی کو (فونوتیکا) هەمـو شـیوا ژمەیـا پێنفیسی .

وبەیفا دوماهیێ برادەرێ هێژا هژسا بیروباوەرێت خـۆ دەربرین دەمـێ هـوزان و هورانفان کرینە (باستیلا)و دەستێ خۆ لسینگێ خۆ دای و کوتی (ئەزم لویـێ شانزدێ) . . . . ئـەء برادەر هەریەك بجافێت خـۆ دبینیت و بمیشکێ خـۆ هزردکەت و بدەستێ خـۆ دنفیسیت .. ونەگەر کتیماسی لدەڤ مە هـەبن هیڤیـا چارەسەرکرنـێ دکەیـن ژهەموو لایانە .

ڕێڤینگەکێ بهیڤی وبێ خودانـ

چیمەن ـ ا ـ ئامێدی

عەمی کەفرو جیانە. رێکەکا دوبرە . رێکەکا سەخـت و بەسارو نەخوشە . بەلـێ مروفەکـێ فێراتیـت و هێدی هێدی یێ کافیت خـو دهافێت و یێ برنفەتیـت و رێڤەچونەکا سـت و لاواز . ژمی لایێ رێکێ یێ دچیتـە لایێدی . هەروەکـو داربەرێیەکا بێ بهارو بایێ پایزا لێ دەدەت و دهژینیت . بەلێ هەرێ تێت و بێ لکـاردو بەردەوامە لهاتنا خو هەتـا کەهشتیە فی گەلی کویـرو بلند. پێت وی سست بون و هێز تێ نەماو بێ گافیـت وی تەنگ بون . دەنگێ نالیـن و ئاخینکێت وی بلندبـون و بران کەفرو حەلانا دکەفتـن و دبونە دەنگەکێ بترس و گران و بر هەیبەت و چارەکادی دزفری جوتێ گوهێت وی فە ، گەلەك هەفت سالە کارێ خو نەکری. سەرێ خو هەلداو بـەرێ خو کرە من . دلێ وی بـوی سوت و جافێت وی تـەژی روندك بوون و کری . جارەکا دی سەرێ خو باداو بەرێ خو ژ من کوهارت . دیمەنێ فـی ریفینکی دلێ من کەرکـر . ئەز نەشیامە خو . ئـەز ژی کریم بو گریا فی غەمگینـێ بارگران .. جەند ودختـەك بتفە چوو من ژێ برسیارکر :ـ هۆ رنفنگۆ تە خێرە تو هـوی غەمگینی تو ژ کیفە تـێی و دێ کیفە چی ؟ ، چەندی هاتە خو نەشیا من باختیفیـت و بەرسفا من بدەت...روندکێت وی راوەستان ... لوەختەکێ سەرێ خو بلندگر ... لسەر جافێت وی دیارە کو مروفەکی خورت و نەبەزو دلسـوزە، بەرسفا من دافە :ـ

حیروکا خو ژ سەری هەتـا بنی بو من کوت ، ژ روژا بوی و بشکوژکا فیانا وی گەش بوی و هەتا نهوو وی دەمێ نەم تیدا.

براستی چیروکا وی کەلەکا دلسـوژو پـڕ خـەم و ژانبو یا بر دەردو ئێشـو نالین بو هەچی گوهلێ بیا دا هەزار ئیشی و دەردا تیـدا بینیـت و کەلەك چـام و سەرهاتییا ، چەندی ئەز مام و من کرو کوت و لبەر دلـی وی دا . دا کو یزفرین بەلـێ بێ بهابو رنفینگێ بێ خودان کوتە من :ـ ئەفە چەنـد سالە ئەزێ برێتیم و چەنـد سالیت دی دێ برێ چم هەتـا بگەهمە یارا خوو ببینم یـان برێیا وێ ئەز دێ مرم و ئـەز وێ نابینم . من ژی گوتـێ وەغەرا تە خێربیت و بنانەهیا خودێ دێ یارا خو بینی. خاترا خو ژ من خاست و چوو هەتـا نهو ژی یێ دجیتن .! ....

... ئەو دەرکە مە کرت ... چونکو خەزناکەین رەخنـە بیتە هەفرکی لنافبـەرا ئێکودو ...

● بۆ خوبشکا بەیـان عەبدلولا :

راستە هندە رێزێن هوزانا سەبدا « محسن قوجان »ی پێش و پاش ببون و هـەدە چەوتیێن چاپەمەنیـیـێ کافتبونە دنافداو هـوزانا وێ تێك شێلابو ... لمە ببـورن و بنانەهیا خودێ چـەوتیـن وەتوف روینادەنەفە .

● بۆ برادەر راسـتی عەبدالقادر :

هیڤی دکەین کەلـەك بخوینی و خو بوەستینی و لەزێ نەکە لفرێکرنا چیروکـان و هوزانان .

● بۆ برادەر محمد امیـن دوسکی :

مە فیا وێ پارچا فۆلکلۆری یا تە فرێکری بەلافکەین ، بەلێ مخابن تە ژی و نافێ وی کەسی نە نفیسیوون یێ کو تـە ژێ وەرگرتی .. هەروەسا نافـێ جهێ وی و نەو دەمێ تـە ژێ وەرگرتی .. ئەم هیڤی دکەین جارەکادێ هەکە تە پارچەیەکا فۆلکلۆرێ فرێکر فان تشتێـن مەکۆتین بنفیسە ، هەروەسا ئەم هیڤی ژتەو هەمی برادەران دکەین کو ریزکان بهێلنـە دناڤ نفیسینێن خۆداو لایەکێ پەری بنفیسنی لابـێ دێ بێلن و سوپاس .

● بۆ رێناس بەرواری :

ژینە نیگارا جەگەرخوینی بەری نهو بەلافبوویەو ئـەم دبینین پێدڤی ناکـەت نوکەنیەفە .. هەروەسا ئەو تە لسەر نفیسی. مە بەلافەکر چونکی تە یا ژ (دیوانـا کرمانجی) وەرگرتی هەروەسا (مەمو زینا ئەحمەدێ خانی) . برادەر بۆ جارەکا دی هـەر هیچ نەبیت نافێ وی ژێـدەری بنفیسە یێ ئوجێ ژێ دبینی .

● بۆ برادەر زیاد نقیب بەرواری :

ژ (پێلیت ئافێ) و (پێلیت شەڤێ) یا دیارە کو هەکـە تو بێهنا خۆ لبەلافـکرنـا نفیسینێن خو فرەهەکـەی دەمەك دێ هێت بتر دێ بدلێ تە بن . فێجا لەزێ نەکە .

● بۆ برادەر جـورج بونان :

مە (هەر وێ دولبـەرێ) بـەلافنەکر چونکی تـۆ بخـۆ دا دیاشە رۆژێدا کازنـدێ زمەو خۆ کەی . فێداهەرەڤـە جارێ هێشتا زوی یە بـۆ بەلافکرنێ .

براەرین لەرێ لبەلافکرنـا هوزانێن خۆ نەکەن ، چـەند جارەکێن دی بخوینـەڤـە بەلکی بزانن چی یێ ژێ کیمە .

● بۆ برادەر هـەڤـال عبدالواحد :

براستی مە دفیا چەنـد رێزکەکا بۆ تە ژ نفیسینـا (شفان) بەلافکەین ، بەلـێ مە ج پارچێن هوزان تیـدا نەدینن ، لەوا لمە نەگـرە ، هیڤیا مە ئەوە بێهنا تە پـا فرەهیبت و نفیسنێن باشـتر بۆ مە فرێکەی .

● بۆ برادەر دیـاری ـ دهۆك :

باوەر بکە مە نەزانی ئـەو چیە تە نفیسی و رامانا تـە ژێ چیە !

● بۆ برادەر دلبریـن دهۆکی :

ئەو هوزانا (ماجنی) یـا تە فرێکری دگەل وێ نفیسینا

بەرسڤا هاوکاری

● بۆ بـرادەر جـەلال دهوکی :

مخابن ئەو نفیسینا تـە فرێکری هوزان نەبوو . دلـێ تە نەمینیت هەکە مە کۆتـی بەس هزرا وێ یا باشبوو .

● بۆ خودانێ (هلو هلو بزفرینـە)و خودانـێ (ئەی کەو)و خودانێ (هەفینا مە) :

Institut kurde de Paris

پاشماوەی وتەکەی جێگری بەڕێزکە لە لایەڕەی یەکدایە

نوێنەرایەتی قوتابیان ناکەن.. ئەوەی نوێنەری قوتابیان دەکا بابفەرموێ بەختی خۆی لە هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی ناو ریزەکانی قوتابیاندا تاقی‌بکاتەوە . . ئایا مەسەلەی دیموکراتیەت یەکێك نیە لەو مەسەلانەی کە هەموومان لە ولاتەکانماندا و لە بناوی ئینسانیەتدا بۆی تێدەکۆشین .. ئایا دیموکراتیەتمان وەکو ئامانجێك دەوێ کە بۆ ئینسانیەت بێتەدی . یان دەمانەوێ بیکەین بە هۆیەك کە لە رووی حوکمڕانیدا هەڵیکێشیو باش خستنی وازی لێبێنین .

واتێ دەکەم هەموومان دەتانەوێ هۆیەك بۆ خستنی دژی حوکمڕان کاتێك کە بێشێل‌دەکرێو ئامانجێك بێ بۆ خستنەکار کاتێك کە شۆڕشگێڕەکان دەکەنە مەوقیعی سەرکردەیی سیاسی لە ولاتدا . بۆیە بوێنەرانی رنکخراو کەلەیەکان لەم ولاتەدا بە هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێن . . لە ئافرەتاندا و لە قوتابیاندا و لە کرێکاراندا و لە جوتیارانداو لە لاواندا و بڕیارەکەش ئەوەیە کەل نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێ .

بۆیە، بۆ ئەوەی ئەنجومەنێکی ناوەندی نوێنەرانی کەل دروستبێ کە بەشداریەکی سەرکردانە بکا لە داناینی ڕێوشوێنی سیاسەتی دەوڵەتدا .. و بڕیارێکی تری سەرکردایەتی ئەوەیە دەوڵەت بە شێوەیەکی دیموکراتیانە بەڕێوە بڕێ نەك لەسەر ئەساسی بەرپرسیاری فەردی .

بەڕێوەبەری کشتی لە بەڕێوەرایەتیەکەدا تەنها لێی‌ئرسراونیە . . بەڵکو دەستەی ئیشکەران لەکەل بەڕێوەبەری کشتی‌دا لەکەل سەرۆکی دەزگادا لەکەل بەڕێوەبەری کارگەدا لەکەل بەڕێوەبەری کێڵگەی دەوڵەت یان کێڵگەی کشتکاری بە هەرەوەزی‌دا . سیاسەت لەژێرەوە دروستدەکەین‌و ئەمە لەکەل ڕێنوێنی یەکانی ناوەندیەکانی سەرەوەدا کارتێکدەکەن‌و کە دەکاتەدوا قۆناغ .. ئەوان خۆیان لە بەکارهێنان‌و جاوەدێری‌کردنی بەکارهێنان‌و جاکدرنەوەی ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبەری .

کەواتە لە ولاتەکەماندا ستەمکاری هەبوو .. ئەم ستەمکاریە لەلایەن حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە ردەفرکراو لە ولاتەکەماندا لەجیاتی ستەمکاری ئامانجی دەستنیشان‌کراو خرایەروو. لەم ولاتەدا سوشیالیزم دروست دەکەین . لەم ولاتەدا سەرچەمی ئرحی بیشەسازی لە کەرتی سوشیالیستیدا بەرامبەر بە کەرتی بیشەسازی تایبەتی خۆی دەدا لە سەدی نەوەد .

کشتوکالی تاکەکەسی سنوور بۆ دانراوبشی سوشیالیستیە . کشتوکالی تاکەکەسی سنوور بۆ دانراو. بانایی ئەو زەوی‌یەی کە لێی چێنراوەو بە یاسایەکی سوشیالیستی دەستنیشان‌کراوە ئەنها سەدی پێنجی ئەو زەویەیە کەچێنراوە .. ئەوەی تر بریتی‌یە لە کێڵگە هەرەوەزیەکان یان کێڵگەکانی دەوڵەت یان کێڵگە کشتکاریەکان .

تەنبیق کردنێکی سوشیالیستی‌ی تەواو

ئەم بەڵگانەنان دەدەمێ تا بزانن ئایا لەم ولاتەدا سەرمایەداری‌ی دەوڵەت هەیە وەکو دەڵێن یان لەم ولاتەدا تەنبیق‌کردنێکی سوشیالیستی تەواو هەیە.. هەندێ مەسەلەی مەرکەزی هەن کە ئەوە دەستنیشان - دەکەن ئایا شێوەی هەڵس‌وکەوت لەکەڵ ئابووری‌دا سەرمایەداری دەوڵەتە یان سوشیالیستیە . . لەوانە . بەروبوومی بەرهەم بۆ کێ‌یە .. زیادە چۆن دابەش‌دەکرێ . . ئایا تەنها کەمایەتی سوودی لێ دەبینن یان بۆ کارکەرانەو بە شێوەیەکی سوشیالیستانە بەسەر کۆمەڵدا دابەش‌دەکرێ .. لەم ولاتەدا .. بەروبووم. بەروبوومی بەرهەم‌و زیادە بە شێوەیەکی سوشیالیستانەی ردوا بەسەر کەلدا دابەش‌دەکرێو بۆ کارکەرانە.. ئەمەیە رادەی دەوڵەت . دەسەلاتداری کەرتی سوشیالیستی تێدا سەدی نەودو دووە .. لە بازرگانی دەردەودا . تەنانەت سەدی هەشتی سەرچەمی بازرگانی‌ی دەردەوە بە دەست کەرتی تایبەتی‌یەوەن .

خوێندن بەخۆڕایی‌و بەزۆردو لە ولاتەکەماندا ئێستاکە شۆڕشێك بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لەکایەدایە ... ئێستا ملیۆنێك‌و (٤٠٠) هەزار هاوولاتی لە (١٢) ملیۆن‌و (١٠٠) هەزار کەس کە زمارەی دانیشتوانی عراقە . لە بشت مێزی خوێندن دادەنیشن .. لەمانە ملیۆنێك‌و (٤٠٠) هەزار هاونیشتیمانی ئێستا لە قوتابخانەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری‌دا دەخوێنن .. و هیوامان‌وایە لە ئێستاوە تا دوو ساڵی تر بۆ هەموو جیهانی ڕاگەیەنین گەوا یەك نەخوێندەوار لە عراقدا نەما .

حزب سەرکردەیی سوپا دەکا ..

سوپا لەلایەن حزبەوە سەرکردەیی دەکرێ ... لە عراقدا سیستەمی ژەنەرالاتمان نیە .. ئەوەی کە لە عراقدا هەیە سوپای میللی‌یە کە بە ستوودیەکی عەقائیدی بیناکراوەو ئەوانەی سەرکردایەتی سوپا دەکەن جەند هاوڕێ‌یەکن کە تەنها بە سیفەتی سوپایی یان سەرکردایەتی ناکەن . بەڵکو لە بنەڕەتەوە بەندن بە سیفەتە بەعسیە کەلی‌یەکەیانەوە .

سیفەتی عەسکەری دەکەن بە سیفەتێکی فەنی بۆ مەبەستی جێ‌بەجێ‌کردنی فرمانەکان بە شێوەیەکی باش بۆ خرمەت‌کردنی کەل‌و نیشتیمان .. لە نیشتیمانی عەرەبدا شان بە شانی برایان‌و تێکۆشەرە شۆرشگێڕەکانی فەلەستینیەکان بۆ وەرکرتنەوەی مافە زەوت‌کراوەکان لەلایەن قەوارەی زایۆنی‌یەوە تێدەکۆشین‌و لە پێناوی دامەزراندنی یەکێتی عەرەبدا تێدەکۆشین ».

ئێستا دەرفەتێك بۆ هەوڵدانێکی عەمەلی جیدی بۆ یەکێتی لەنێوان ئێمەو سوریای برادار و هیوادارین باری لەباربۆ دروستکردنی ئەم جۆرە یەکێتی‌یە بێك‌بێ .

ئێمە تای گەلانین

لە مەیدانی دەردەوەدا . ئێمە دەوڵەتێکی بێ‌لایەنین . بەو مانایەی ئێمە تای گەلانین دژی دوژمنەکانی .. تای ئەو کەسانەیی کە دژی ئیستیعمارتی دەکۆشن . تای سوشیالیزمین دژی جەوساندنەوە . بەڵام تای مل‌ملانێ فەنیەکان نین لە دەربڕینی ستراتیژیە ڕوبەڕوو دژیەیەکەکاندا کاتێك کە ئەم ستراتیژیانە بە پێچەوانەی فارانجە نیشتیمانی‌و نەتەوەیی‌یەکانماندە بن . . دوستی هەموو کەلە تێکۆشەرەکانین .. دۆستی دەوڵەتە سوشیالیستەکانین دژی ئیمپریالیزم‌و نەخشەو ئامانجی ئامرازەکانین بە درێژەی ڕێکا .

ڕەوایی بەردەوام‌بوونی خۆمان‌و ڕەوایی هەر هەنگاوێکی ناوەندی لە هەنگاوەکانی شۆڕش‌و هەر کارێکی کەوردە لە کاردکانی شۆڕش لە ڕەزامەندی کەل لێمان وەردەگرین و کاتێك بۆمان دەرکەوێ کە کەلەکەمان لە هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکانمان ڕازی‌نیە . وازی‌لێدێنین .

ئێوە دەزانن لە ولاتێکی بچووکی وەکو عراقدا (١٢) ملیۆن کەس هەن لەسەر زەوی بابایی مەرکەزی‌ی ئەوتی جیهانی .. خەباتێکی وەکو ئەمە . خەباتێکی ئاسان نیە . کیروکرفتی زۆر زۆر بەردەنگارمان بوو کە ئاجاری‌کردین لە ئاراری ساڵی (٩٧٤) دوە تا ئیداری ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەی دوازدە مانگ لەکەل (کومەڵایی)دا بجەنگین‌و حوکمی شاهنشاه بشتگیری ئەم کومەڵایی‌یەی دەکرد .. و تەنها لە سوپا (١٦) هەزار کەسمان لە شەهیدو بریندار دا . . لەوانەیە کەم کەستان بەمەی بیستبێ چونکە ئێمە بە عادەت ناناڵێنین هەروەها کەسمان نیە کە بە دەنگی بەرز لەجیاتیمان قسە بکا . ئەنها ژمارەیەکی کەم ئەبێ . بیلانی زۆرمان بەرەنگاربووو هەمووی بە هوشیاری کەل‌و ڕانیاری‌و بڕوای خرانەچاڵەوە . بە شۆڕشەکەی‌و بە دەوری ڕابەری‌ی حزبەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست خرانەچاڵەوە .

بەبێ لەخۆبایی‌بوون نەبەردین

ئێمە بێ لەخۆبایی‌بوون نەبەردین ... لەسەر هەمان ڕێکا بێ یەکو دوو دەڕۆین... هەر کە بێویست‌بوو . چ لە کاتدا . چ لە جێکەدا چ لە حاڵدا، وریاین ..لەڕادەبەدەر باوەڕمان بە کەل هەیە‌و لەڕادەبەدەر باوەڕمان بە ئەتەوەی عەرەب‌و سەرکەوتنی داهاتووی هەیە .. ئیمانمان بەوە هەیە کەچەوساندنەوەو زوڵم‌و ئیستیعمار بەرەو نەمان دەچی .. ئیمان‌و باوەڕی بتەومان بەوە هەیە کە قەوارەی زایۆنی بەردەوامە لە تیۆری دوژمنانەیداو لە دوژمنکاریدا بەرامبەر بە نەتەوەی عەرەب لەبەر بوونی کەلەبەر لە زانست‌و تەکنیکدا وەکو ئەوە کەلەبەردی کە لە نێوان نەتەوەی عەرەب‌و هەموو دەوڵەتە بێشکەوتوەکان لە پیشەسازی‌دا لە جیهاندا هەیە .

چونکە قەوارەی زایۆنی ئەو کەسانەی کە تێیدا لە بێشن . لە روسیاو بۆلۆنیاو ئینگلتەردو ئەمەریکاو فەرەنساو ئەلە مانیای ڕۆژئاواوە هاتوون کە دەوڵەتی بێشکەوتوون . بەڵام ئەگەر ژمارەی دابیشتوانی نەتەوە بکرێنە حیساب‌و بینیمان . وەکو ئێستا دەیبینین . ڕۆلەکانی نەتەوە وەکو جاران سواری حوشتر نابن لە بیابان .. و وابزانم هەندێ کەس هێشتا هەر وایان تێدەکا .

سا هەرجۆنێك بێ . نەتەوەی عەرەب سواری حوشتر دەبوو ئەمەش هیچ نەکێکەی تێدانیە .. ئەمە حاڵ‌و ماوەیەکە کە هەموو کەلانی سەر ڕووی زەمینی بتدا ڕۆیشتوە . هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسێی نەخستۆتە ژێر دەستەوە . شتێکی تریش کە نەتەوەی شانازی پێوە دەکا ئەوەیە کە بەر لە بێنج هەزار ساڵ‌و بەر لە سێ هەزار ساڵ‌و هەتا دو سەد ساڵ لەمەوبەر . ڕێبشکەی‌ی لە ئەوروپا کێشەکانی بڕیشکەی‌ی عەرەب وەکو سەرجاوەی خوێندن لە ڕانکۆکانی‌دا بەکاردەهێنا سەرجاوەی شارستانیەتەکان‌و ئیلهام بەخشی کەلان بوو .

ئامانجەوی ئامردوو بەکاربهێنین بۆئەوە تەبێ کە بۆتانی دووبات‌بکەینەوە کە ئێمە هەر ڕۆلەی جاکی ئەو باووباپیرانەین لەسەر ڕێبازی سوود بەخشین بە مرۆڤایەتی نەك خۆکەوردکردن بەسەریدا لەسەر ڕێبازی بێشکەش‌کردنی خزمەتکوزاری بە ئینسان نەك جەوساندنەوەی . لەسەر ڕێبازی بێ‌هێزی بەتوانا . . نەك سەرشۆڕکردن یان خۆیە کەورەکرتنی ستەمکارانە . . عیراق لە پێناوی عراقیەکان‌و لە پێناوی نەتەوەو لە پێناوی ئینسانیەتدا بیناد‌ەکەین .

بە باری نەتەوایەتی‌دا لە پێناوی نەتەوەو لە پێناوی ئینسانیەتدا تێدەکۆشین . . لە پێناوی ئینسانیەتدا تێدەکۆشین‌و لە هەموو جێگایەکی جیهاندا لەکەل خەباتی‌دا هاوکاری‌دەکەین . . بێوسستە دلنیابن لەوەی کە وێرای هەموو ئەوە کیروکرفانەی کە هاتنە ڕێگامان‌و لە دوارۆژدا دێنە ڕێگامان . شۆڕشێك تێك‌ناشکێنری چونکە ئەوەی بیەوێ تێکی‌بشکێنێ دەبێ (١٢) ملیۆن کەس لەناو بەرێ تا زەویەکی بێ ئادەمیزاد وەرکرێ .

دووبارە بە ناوی سەرکردایەتی حزبی‌و شۆڕشەوە سلاوتان‌لێ دەکەم.. سلاو لە تێکۆشانتان دەکەم.. سلاو لە کەلەکانتان دەکەم.. سلاو لە حوکومەتەکە ئیشتیمانیەکانتان دەکەم . . سلاو لە هەر حوکومەتێك دەکەم کە باوەڕی بە کەلی هەبێ‌و بۆ ئیشتیمانی خۆی دلسۆزبێ ، بێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێکابەی کە هەلی‌دەبژێرێ‌و سوپاستان‌دەکەم و السلام علیکم و رحمة الله .

بەرەو دوارۆژێکی (پاشماوە)

٩ ـ ب ـ، چۆن زمانەکەمان بنووسین ؟ فرمانی ئیستەمان، گۆڤاری هیوا ،ژمارە / ،ساڵی/١ ، مارتی ١٩٥٨ ، ل/١٤ .

١٠ ـ هەر ئەوسەرچاوە،ل/ ١٢ ـ ١٣ .

١١ ـ هەر ئەوسەرچاوەو لاپەرە .

١٢ ـ بلە ، خۆپاراستن لە لایەنگری ناڕاستی ، گۆڤاری بەرکی/١ ، مایس‌و حوزەیرانی ٩٥٨ ، چاپی بەغدا ، ل/٧ .

١٣ ـ هەر ئەوسەرچاوەو لاپەرە .

١٤ ـ هەر ئەو سەرچاوە ، ل/٩ .

١٥ ـ کتیبی الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه لە ساڵی ١٣٩٠هـ لە ئەستەمبوول چاپکراوە ، گۆڤاری ڕۆژی نوێ ،ژمارە /١٢ . ساڵی /١،ل/٢١ . کە دەکاتە ساڵی ١٨٩١ی‌زایینی ـ ئەریمان بیلۆگرافی کتێبی کوردی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٧ ، ل/١٦ .

١٦ ـ گۆڤاری شەفەق . ژمارە ٥ـ٦،ل /١٦ .

١٧ ـ حامد فەرەج ،ڕێنووسی کوردی‌ی لە سەدەیەکدا ، کۆڕی زانیاری کورد ، لە چاپکراودکانی کۆڕی زانیاری کورد ،، بەغدا،١٩٧٦ .ل/١٣.

١٨ ـ گۆڤاری شەفەق، هەر ئەوژمارە ، ل/٦ـ٧ .

١٩ ـ گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی ، هەر ئەو ژمارە /ل /٨٠ـ٨١ .

وتەی هاوکاری (پاشماوە)

بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی جەسیاند . ئەوە بەیرەوەی‌دۆخ‌وبارو توانای زیاتری بۆ پشت‌گیری‌کردنی بەرەسەندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هێنایە دی لە چوارچێوەی ئەو پرۆژە کشت‌وکالی‌و پیشەسازی‌و پرۆژەکانی خزمەتکوزاری‌یە کشتی‌یەکانەوە کە خەریکە جێبەجێ‌دەکرێن ئەویش لەو هەنگاو هاویشتنەی ڕێرەوی بەرەپێدانی سەرتاپاگیری‌یەوە . هەروەها بەبێ نەخشەیەکی ڕاستی کە ڕێکخستن‌و هاوسەنگی‌ی تێدابێت لە بواری بەرەپێدان هاتەکایەوە بۆ ئەوەی بتر ئاسۆی بەرەسەندن‌و پێشکەوتن بکاتەودو لە پێناوی بنیاتنانی عراقێکی نموونەیی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵی سۆشیالیستی‌و ڕێرەوە شۆڕشگێڕی‌یەکەی .

لەپێنج ساڵی ڕابوردووی جێبەجێ‌کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی‌دانەو دام‌و دەز کایانەی لەیاساکەدا باس‌کراون تەواو دروستکران لە پێشەکی‌ی هەموویشیانەوە ئەنجومەنی ڕابەڕاندن‌و یاسادانان کە بەهۆیەوە لەخۆبوردن‌و سوور لەسەربوونەوە ئەرکی خۆیان ڕابەڕاند ئەویش بەپشت‌گیریەکی تەواوی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش ، ئەو پشت‌گیریەی لە هەموو مبانێك‌دا زەنگی‌دایەوە .

ئەو جێبەجێ کردنەی بۆ ئۆتۆنۆمی خرایەکارو لەسەر بناغەی دیموکراتیانەبوو هەروەك چۆن سەرۆکی‌ـ فەرماندە احمد حسن البکر لە کاتی ڕاکەیاندنی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا بۆ جێبەجێ‌کردنی ئۆتۆنۆمی دەربڕی « ڕێکای دابین‌کراو بۆ ئەوەی کەلی کوردمان بەتەواوەتی هەموو مافە نەتەوەیی‌یە ڕەواکانی خۆی بەکاربهێنێت لە چوارچێوەی یەك نیشتمان‌و لە ستێمەری یەیوەندی‌یەکانی برایەتی‌ی یەکسانی‌و لێبرسراوی‌ی هاوبەشیانەی نێوان ڕۆلەکانی‌و یەکێتی نیشتمانی‌و ئەوەو دەستکەوتانەی لەهەموو مەیانێك‌دا شۆڕش بۆ جەماوەری هێنابەدی بتەو دەکات‌و لەداوەکانی ئیمپریالیزم‌و هێزە کۆنەپەرستەکان دەیمارێزێت . مسۆگەرکردو مسۆگەرددەکات .

ئاهەنگ‌کێڕانی جەماوەرمان بە بیردەری بێنجەمین ساڵەی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی‌یەوە ، دەستکەوتە مەزنەکەی شورش دەربڕینی بەردەوام‌بوونی بەجێ‌هێنراو شۆڕشگێڕی‌یەکانە بۆ بنیاتنانی تاقی‌کردنەوە نموونەیەکەی سەر ڕێکای ئامانجە مەزنەکانی کەلی عێراقمان .

ـ هاوکاری ـ

چەندوشەیەك (پاشماوە)

ساڵی بار هاوبەشی ئەوە‌و چەلەمە لێکۆڵینەودییەمان کرد کە یەکەیەتی ئافرەتانی عراق‌و ڕانکۆی سلیمانی لە ڕانکۆی سلیمانیدا ئامادەیان کرد بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کەلی باس‌و لێکۆڵینەوەی بێش خستنی ئافرەتی لادێ‌یمانی لەیا خوێندەوە .

لە ئاهەنگ‌و مێهرەجانەکانی (شەوانی عراقیدا) کە لە هاوینە هەواری صلاح‌الدین سازکران هاوبەشیمان کردو دەورێکی حالاکانەمان هەبوو تیایاندا .

هەروەها لە کەلی ئاهەنگی ڕێکخراوە کەلی وبیشەیەیەکاندا هاوبەشیمان کردو هەڵپەرکێ‌و کۆرانی‌و مۆسیقای جۆراو جۆرمان پێش‌کەش کرد .

ئاڵای کواستەوەی ماڵە جوتیارەکان بۆ دێ هاوجەرخەکان لە هەموو ناوچەکاندا بێشوازیمان لە خێزانەکانیان کردوو کەلی‌دیاری‌جۆراوجۆری جوان جوانمان پێش‌کەش کردن بە بۆنەی ساڵی جیهانی منداڵەوە بێشانگایەکمان بۆ وێنەی منداڵان کردەوەو جاوبەشی ئەو بێشانگایەی ولاتمان کرد کە لە بەغدا کرایەوە.

هەر بە بۆنەی ئەم ساڵە بیرۆژەوە منداڵانی بەختیۆگای سەر بە لقەکەمان هاوبەشی ئەو میهرەجانە هونەریەیان کرد کە باحجەی ساوایانی بارێزگای سلیمانی سازیان کرد . هەر وەکو خوشکە نەجات باسی کرد لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواریشدا ئاڵای چالاکی جۆراوجۆرمان بینی‌و ئەنی‌امێکی‌چاکو لەباریشی هەبوو لەناو جەماوەری‌ـ ئافرەتاندا . هەر بە بۆنەی ساڵی جیهانی منداڵان‌و یادی دامەزراندنی یەکیەتیمان‌و ڕۆژی جیهانی ئافرەتانەوە کەلێ ئاهەنگی هونەری هەمەڕەنگ ساز کراو گۆرانی‌و هەڵپەڕکێ‌و شانۆکەریان تیا بوو وابزانم خوشکانی تر بە درێژی باسی ئەم شتانەیان کرد .

تاقی‌کردنەوەی (پاشماوە)

ڕۆلەکانی گەلەکەمانە . سەرەڕای تەقەللای دژسۆزانەیان لە ڕووی خزمەت‌گوزاری ئاوادانی‌و هەموو لایەنەکانی تری پێشکەوتنەوە بەوجۆرەی لە ڕادەی باوەڕی گەلی کوردەماندا دەبێ‌و لە ڕادەی خزمەتی دلسۆزانەی یەکێتی نیشتمانیدا دەبێ لە عراقی پێشکەوتن‌و ڕابەتیدا . بەو هیوابەوە چاومان لە پاشەڕۆژ‌و یارمەتی بەردەوام‌و دلسۆزانەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش زیاتر هانمان دەدا هەمیشە لە تەقەللادا بین بۆ ڕابەڕاندنی ئەرکی سەرشانمان))

ئەوەی شایانی باسە . ئەنجومەنی باسادانان حالاکانە ئەرکی یاسایی سەرشانی خۆی بەرامبەر ڕۆلەکانی ناوچەکە بەجێ‌دەهێنێ‌و بە هاوکاری یارمەتی دلسۆزانەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش لەڕووی بڕیاری یاسایی‌یەوە ئەنجومەن توانیویەتی‌بڕیاری دامەزراندنی بەربوەبەرایەتی جەماوەری سلیمانی دهوك بێتەکایە وە لە پاڵ کردنەوەی دائیرەی تەسجیلی عەقاری لەکۆیە‌و بەریوەبەریتی کاروباری پیشەسازی لە ئەمانەتی کشتی‌دارایی‌و ئابوری‌و کوریتی پلەی بەشی سەربەرشتی بەروەردە بۆ بەڕێوەبەریتی سەربەشتی بەروەردە لە ئەمانەتی بەرەوەردەو کردنەوەی بەڕێوەبەریتی حسابات لە ئەمانەتی بەروەردەو بەڕێوەبەریتی فیرکردنی پیشەیی لە ئەمانەتی بەروەردە . ئەمە سەرەڕای ئەوە ئەنجومەن چەندان لیژنەی داناوە بۆ کەرەان بەناوچەکەدا بۆ لێکۆڵینەوەو زانینی پێویستەکانی هاووڵاتیەکان لەهەموو رووی‌یەکی ژیانیانەوە بۆئەوەی تەقەللابدرێ لەکەل دەزگاکانی ڕابەڕاندنا پێویستیەکانیان جێ‌بەجێ بکەین .

داستانی ژیانم (پاشماوە)

کە گەیشتمەوە ماڵ ، خوا کردی هەموو ئووستبون . بەیانی زوومیسز فیلدز لێی‌پرسیم:ها، چیت‌کرد . چیت نەکرد ؟ خۆم نەشکاند . وتم باش‌بوو ، بەڵام دەبێ هەندێ شتی لێ‌بگۆڕم . وتی فێما هاتبوو بەڵام کە هاتەوە هیچی بۆ نەگێڕاینەوە . کە باشان فێیام دیت . هیچی لەبارەی مەسەلەکەوە نەوت ؛ منیش خۆم لەو دارەتە مەر نەدا . لەوەودوا ، نەمیسز فیلدز بەکەسی تر باسی مەسەلەکەیان کرد ، هەر پرسیاریشیان لێ‌نەکردم بۆچی ئیتر ناچوومەوە بۆ شانۆ .

سوباس بۆخودا ، لەو کاتەدا سیدنیش لەوێ نەبوو . تا ناچاربم زامی خۆم بکولێنمەوەو باسەکەی بۆ بگێڕمەوە . بەڵام دەبێ هەستی‌پێ کردبێ . یان فیلدز خۆی یان کچەکانی شتێکیان بۆی درکاندبێ . چونکە هەرگیز لەو بارەیەوە پرسیاریشی نەکرد .ژۆرم هەولدا رووداوی ئەو شەوە لەبیری خۆم بسڕمەوە. بەڵام بێهودە بوو . تائێستاش هەر داخی‌بەجگەرمەوەیەو باوەڕ بەخۆ بوونم لەنگە . ئەمە تاقیکردنەوەیەك بوو کە پێی وتم خۆم باش بناسم . بۆمی ئیسپات کرد کە ئەو کۆمیدیستەنیم‌و هێشتا ماومە .... دەبوو هێشتا چە ئدین بەردی ئەوها بکەوتە بەردانم، بەر لەوەی بێم لەسەر زەوی‌قایم بکەم‌و بتوانم بەباڵی خۆم بەباشی بدەم لەشەقەی باڵ .

باش ئەوە . لە دڵی خۆمدا وتم بابەختم لە بازاڕێکی تردا تاقی بکەمەوە . دەستم دایە قەڵەم کەوتمە نووسین . بەکەم بەرهەمم کۆمیدیایەك بوو کە ناوی « دوانزە پیاوی دادپەروەر» بوو . تابلێ‌ی بێ تەو مانابوو . باسی حاکمێکی دەکرد کە لەمەسەلەیەکی پەیمان شکاندن دا حوکمی‌دەدا . ئەمەم بەسێ پاوەن بە « حارکۆت » ناوێك فرۆشت کە خەوتنەری موغناتیسی بوو . بەمەرجێك کە خرایەسە سەرشانۆ خۆم بەڕێوەبەری بکەم ... لە ڕۆژی سێ‌یەمی بڕۆفەکردندا . حارکۆت نامەیەکی کورتی بۆ ناردم کەتێیدا نووسیبووی : شتەکە کەلکی خستنە سەرشانۆی نیوە نیە . هەر چەندم کرد زاتم نەکرد نامەکە بۆ ئەکتەرەکان بخوێنمەوە . بۆیە نامە گیرفانمەوەو لەجیاتی ئەمە ، بۆ نیوەڕۆژە بۆ ماڵ بانگم کردن وبێم وتن پراکەم دەبەوێ هەندێ قسەتان لەکەڵدا بکات . ئینجا سیدنیم کێشایە ژوورێکی تردەوەو نامەکەم دایە دەستی . باش خوێندنەوەی وتی : باشە . بێ‌یانت نەوتوە ؟

سەرنکم لەقاند .

ـ دەی باشە بێ‌یان بڵێ .

ـ ناتوانم . باش سێ ڕۆژ بڕۆفەکردن چی‌یان بێ‌بڵێم .

ـ تۆ خەتات چی‌یە ؟ دەی خێرا بڕۆ بێ‌یان بڵێ . زاتم نەکردو دەستم کرد بەکریان .

ـکەرمەبە !

ئینجا هەڵساو چوە ئەو دیو . نامەکەی بۆیان خوێندەوە .دوای ئەوە دەمێ تەرکەین‌و ساندویچێك بخوێن. کەس لە ئەکتەران ناکا . کابرای ئەکتەری پیرە کە لە پێشدا کەلێکی بڕتەو بۆلە کرد . لەهەموان زیاتر مەیلەسوفاتە ڕەفتاری کردو کەسیدنی باسی ئەوەی کرد کە چۆن من کەوتبومە شەرمەوە . دای لە قاقای‌پێکەنین‌و دای بەشنمداو وتی : کوڕم . ئەمە خەتای تۆنیە خەتای ئەو سەکەیرەیە . خەتای چارکۆتە .

● ماویەتی ●

بۆ زانین

دەزگای کشتی چیمەنتوی سەرچنار ڕادەگەیەنێت کەوا قۆنتەراتێکی ئەهێنی هەیە بۆ کواستنەوەی کیسە کاغەزینی بە تاڵی چیمەنتو لە کارکەی بادوش لە موسل‌بۆ کۆکاکانی لە سەرچنار بە ژمارەی ٤٠٠ هەزار کیس لە مانگێکدا بۆ ماوەی ساڵێك لە کۆتایی حوزەیران ١٩٧٩ بە پێی ئەومەرجانەی کەوا لە ئیستمارەی قۆنتەرات کردنی کواستنەوەی کیسە کاغەزینە بەتاڵەکان جەسیاوەو لە لای ئەمینی سنووقی دەزگاکەیە کەوا ئەتوانرێت بە (٥٠٠) پێنجسەد دینار دەست بکەوێت کەوا نادرێتەوە . ئەو کەسانەی ئارەزوویان هەیە بەشداری بکەن لەم قۆنتەراتە وهەموو مەرجەکانیان تێدایە تەندەردکانیان پێشکەشی سکرتاریەتی دەستەی ڕاوێژ کاری دەزگا کە بکەن‌و لە ناو زەرفێکی مۆر کراودا لە سەری بنوسرێت (قۆنتەراتی ئەهێنی بۆ کواستنەوەی کیسەی کاغەزینی بەتاڵی چیمەنتۆ) .

هەروەها بارمتەی سەرەتایان لەکەڵدا بێت بە (٣٠٠)سێ سەد دینار کاش یا بە شێوەی کە فالەتی بانق یا چەکێکی مۆرکراو بۆ خاوەنەکەی ئەکەڕێتەوە، باش تەواو بوونی قۆنتەراتەکە ئەویش لە ماوەیەك لە کۆتایی دەوامی ڕەسمی ڕۆژی ١٥ـ١٩٧٩٣ ئەبێت .

ئەوەی شیاوی باس بێت کرێی بڵاو کردنەوەی ئەم بۆزانینەو کڕی‌ی مۆر کردنی عەقدەکە یا هەر کرێ‌یەکی تر ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتەئەستۆ.

ناجی عزت محمد صالح
بەڕێوەبەری گشتی دەزگای گشتی چیمەنتۆی سەرچنار

پێشبڕکێکانی (پاشماوە)

ـ لە بابەت کۆرالی شاری سلێمانی یەوە ئەتوانم بڵێم لیستا لە ئاستی هەرئمابەتی لەمرچووەو ئەکەر بەم پلەیە بەردەوام بێ بە ماوەیەکی کەم دەکاتە ئاستی هونەری جیهانی ... لە بابەت تیپی منداڵانی هەولێرەوە ـ بەراستی زۆر ڕام لێ‌بوو بەتایبەتی‌تیپەکە تیپی منداڵانەونەم ژمارەیە لەو هونەرمەندە بچکۆلانەی کرتووەتە خۆو لە ئاستێکی بەرزدا دلسۆزانە لەکەڵ هونەردا هەڵسوکەوت دەکەن ... ئەوەش بێ گومان ئەکەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە مامۆستایان بێ دەکەن و بەهرەی ئەم منداڵە جوانانە ئاهێڵن بەژاکاوی بەئینتەوە .

لە کۆتاییدا بەد ڵێکی بڕ لە ئاواتەوە بەجێم هێشتن بە هیوای ئەوەوە کە لە دوا ڕۆژدا هونەرمەندی گەورەیان لێ بەبدا دەبێت .

Institut Kurde de Paris

لێرەو لەوێ

● بە پلیکانەدا سەربکەوە. بۆدڵت باشە !

بۆ پارێزەرستنی تەندروستی، پزیشکەکان لە ئەڵەمانیا وا ئامۆژگاری خەڵك دەکەن کە هەموو ڕۆژێ بە پەنجا پێ پلیکەدا سەربکەوێ و ٧٠٠ مەتر لە ڕۆژێکدا بە پێی بڕۆ. ئەمەش لەو تارە زانستیەدا بوە لەمدواییدا لە گۆڤارێکی پزیشکیدا بڵاویان کردۆتەوە ، وتارەکە دەڵێ ئەوەی ئەم ئامۆژگاریە بەچێ نەهێنێ زیاتر ترسی ئەوەی لێدەکرێ توشی نەخۆشی دڵبێ !

× × ×

● دەرمانی شیرپەنجەبوو کرا بە دەرمانی بالوکە !

چەند شارەزایەك لە خوێندنگای لیکۆلینەوەی نەخۆشی شیرپەنجە لە شاری ماریلاندی ئەمەریکایی دەرمانێکیان دۆزیوەوە کە چاری نەخۆشی شیرپەنجەی پێبکەن ، دوایی بۆیان دەرکەوت ئەم دەرمانە بە کەڵکی لەناوبردنی بالوکە باشترێ ، لەبەر ئەوە لە ١٤ نەخۆشدا تاقیان کردەوە - ١٣یان چاك بوونەوە !

× × ×

● فۆندا .. داوای یەکسانی ڕۆژانەی ژنو پیاو دەکا

ئەم ئافرەتەی بەیاننامە بەشەقامەکانی لۆس ئەنجلۆسدا بڵاودە کاتەوە ، ئەکتەری ئەمەریکایی ناسراو- جین فۆندایەو بەیاننامەکە داوای یەکسانی کرێ ڕۆژانەی ژنو پیاو دەکا لە ئیش کردندا ، ئەوەی شایانی باسە جین فۆندا ئێستا ڕابەری بزوتنەوەی [ئافرەتە کارگێڕەکانی لۆس ئەنجلۆس] دەکا. ئەم کارەش لە بزوتنەوەی هونەری دوای نەخستوەو ئێستا لە فلیمی ژمارە (٢٣)دا کاردەکا کە ناونیشانەکەی [هاتنی سوارچاك] ە.

ئەم کاتەت باش

- کاك عمر خۆت بە خوێندران بناسێنە :

● ناوم [عمر نصرالله فرج]ەو لە هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٢٩ چاوی ژیانم کردۆتەوەو لەناو خەڵکدا بە عمر خەزان ناسراوم .



- سەرەتای کاری هونەریت چۆن دەستی پێ کرد ؟

● سەرەتای دەست پێ کردنی کاری هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوئالودەبونە پتەودی هەر لەمنالیەوە لەتەك دەنگە شیرینەکەی مەقام بێژی ڕەسەنی کورد سەید عەلی ئەزغەر پەیدام کرد بەرەم بێدا .

- ئەوبەرهەمانەی تۆمارت کردون ؟

● بۆ تەلەفزیۆنی سێ گۆرانیم تۆمارکردوە کە ئەمانەن : ئامان کورتە - لەنجە - دڵ لە خۆشی دەردی هیجران ، ئەم گۆرانیانەشم بۆ تۆمارکردن ئامادەیە : پەیولە - بەقوربانی دوچاوت بێ دوچاوم- بارغەزاڵ بەستەو مەقام .

- چی دەڵێی ؟

● ئەوەی کە بمەوێ بیڵێم و زۆرجاریش بیرم لێکردۆتەوە ، ئەوەیە ئێمە گەلێ دەنگی ناسك و خۆشین بەڵام کە گۆرانیەك لەدایك دەبێ ، بەڕای من هەرسێ لایەنەکە دەنگ و ئاوازو شیعر لە نێویەکدا ناتوێنەوە ؛ یاشیعر لەگەڵ ئاوازدا ناگونجێن ، یادەنگ لەگەڵ ئاوازدا ؛ ئەمەش دەکەوێتە سەرشانی ئەوانەی دەیانەوێ پارێزگاری هونەری ڕەسەنی نەتەوایەتیمان بکەن ؛ بەدانانی لیژنەیەکی هونەر مەندو دڵسۆز کە هەڵسەنگاندنی ئەو گۆرانیانە بگرێتە خۆی لە هەرسێ ڕوەکەوە پێش ئەوەی تۆمار بکرێن لە لایەن تیپەکانەوە .

چالاکی وەرزش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ژمارەیەکی نوێی یاری ئاسن لە سلێمانی دا

لەکاتی تاقی کردنەوەیەکی لەیانەی وەرزشی سلێمانی یاریزانێك و ئەندامێکی ئەو یانەیە توانی ژمارەیەکی نوێ لەبواری یاری بەرزکردنەوەی ئاسندا بۆشارویانەی وڵاتەکەمان تۆماربکا .

ئەوەی شایانی باسە ژمارەی پێشوو کەیاری زانێك لەپارێزگای نینوی بەناوی عطا الله محمد لە ٩-٩-١٩٧٨ دا واتە لە کاتی پالەوانێتی عراقدا بۆ خۆی تۆمار کردبوو بریتی بوو لە ١٠٥ کغم خطفو ١٢٠ کغم نتر .. بەڵام وەك وتمان ئەو ژمارەیە لەلایەن لاوێکی پارێزگای سلێمانی یەوە توانرا بگۆڕدرێ و زیاتر بکرێ .. ئەو یاریزانەش [کاك بێستون محمد نوری] کە هەر لەساڵی ١٩٧٣وە دەستی بە وەرزش و یاری ئاسن کردوە ، ئەمەش وەك خۆی پێی وتین دەگەڕێتەوە بۆ کاك عبدالله احمد فهمی کە ئەوسەردەمە ئەو لیژنەی سراوی مەشق کردن، بوە لە یانەی سلێمانیدا بۆیە زۆر هانی داوە ... ، بەڵام تائێستا چەند جارێك بەهۆی هەندێ تەنگ و چەڵەمەوە لە یانەو وەرزش بچراوەو ئێستاش بەستێوەیەکی ڕێك و پێك لەسەر مەشق کردنی خۆی بەردەوامە .

کاك بێستون دەربارەی پێشکەوتنی یاریزان دەڵێ : مەشق کردن هۆیەکە بۆ ناساندنی ئەو کەسە بەجیهانی وەرزش و ئەمەش پێویستە هەنگاوەکانی لەدوای یەکتری یەوە بن بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێنەیی بە مەبەستی خۆی بگا .

پاشان کاك بێستون وتی : لەپێشان یاری تریشم دەکرد وەك شەق و بۆکسێن و جوانی لەش ، بەڵام دوا جار یاری بەرز کردنەوەی ئاسنم هەڵبژارد چونکە ئەو کەسەی بۆی بلوێ ئەم یاریە بکا وەك ئارەزویەك نایکا بەڵکو بۆدوارۆژو لەپێناوی مەبەست و ئاکامێکی چاکدا هەوڵدەدا .

لێرەشەوە چوە سەر باسی چالاکی یەکانی خۆی و وتی : لەساڵی ١٩٧٠ دا کەهێشتا لەریزی تازە پێگیشتوەکان بوم و ئەم کاتەش تەمەنم [٢٠] ساڵان بوو توانیم لەگەڵ ریزی پێشکەوتوەکانی عێراق دا هاوبەشی بکەم و پلەی چوارەمی وەدەست بهێنم و ٢٢٠ کغم کۆبکەمەوە بەڵام لەساڵی ڕابوردودا بە هۆی دوا کەوتنم لە یانەو وەرزش کردن ئەو ژمارەیەی سەرەوەم دابەزاندو کردم بە ٢١٢ کغم و لەگەڵ ئەوەشدا توانیم پلەی سێهەمی عراق بێچرم جگە لەچەند جارێکی پلەی یەکەمی پارێزگاکەمان

پ . هاوکاری فریاعبدالله

پێشانگایەکی تایبەتی دەربارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری

بە چاودێری بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی ناوخۆی نەهێشتنی نەخوێندەواری ، بە بۆنەی ڕۆژی ٨ی شوباتەوە بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای سلێمانیدا ڕۆژی ١٧-٢-١٩٧٩ پێشانگەیەکی تایبەتی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ کردەوە .

ئەوەی شایانی باسە ئەم پێشانگەیە کە لقی ڕاگەیاندن لەبەڕێوەبەرێتی ناوبراودا بە هاریکاری هەژدە مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئامادەیان کردبوو بریتی بوو لە چەند چالاکیەکی بڵاوکەردەوەی سەردیوارو ئیشی دەستی فۆلکلۆری وەك (فەرش ، کڵاو ، لفکە ، وچڵ و بەرکی کوردی ڕەنگاورەنگی هەمەچۆن .

هەروەها لەم پێشانگەیەدا بەڕێز محمد پیرۆز ڕستم بەڕێوەبەری گشتی بەروەردەی سلێمانی لە هۆڵی قوتابخانەی ناوەندی بەبام کردیەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شاری سلێمانی و خێزخوازانی مەڵبەندەکانی پارێزگا هاتبوونە بینینی ئەو بەرهەمانەی کە تیادا پیشان درابوو کە ئەوانەش جگە لەوەی هەمووان بریتی بوون لەئیشی دەست بەڵام زوربەی زۆریشیان لە ناوەڕۆك و ڕوخساردا جۆیان دەبەستەوە بە پاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری لە وڵاتەکەماندا و لایەنە چاکەکانی خوێندەواری و دەردو بەتای نەخوێندەواریان پیشان دەدا.

ئەوەی شایانی باسە لقی ناوبراو لەبەڕێوە بەرێتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای سلێمانیدا لە ئێستاوە خۆی ئامادە کردوە بۆ سازاندنی چەند پێشانگەیەکی تر کە لە مەڵبەندو دەرەوەی سلێمانیدا دەکرێنەوە بە بۆنەی چەژن و پیرەوەری یەکانی نازارو نەورۆزەوە .

پ. هاوکاری لە سلێمانی

ڕەسەنایەتی و پاشەڕۆژی مۆسیقای کوردی

بەمەستی دەست نیشان کردنی هەنگاوەکانی بزووتنەوەی مۆسیقای کوردی و دیار کردنی ئاسۆی پاشەڕۆژی و لەپێناو زیاتر لێدوان لە بارەی ئەمڕۆی هونەری کوردی چاومان کەوت بە دەستەیەك هونەرمەندی لێهاتوو کە لەوبوارەدا کاردەکەن .. وە لەچاوپێکەوتنێکی هونەری مامۆستا ئەنوەر فەرەداغی وتی:

+ گەرێتو بەگشتی سەبری بزووتنەوەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی بکەین لە کوردستاندا ، وە بە شلی کوێ یەك بگرین لە بەرهەم و چالاکی یەکانی چەند ساڵێك لەمەو بەرو بەراوردی بێ بکەین لەگەڵ بەرهەمە تازەکانی ئەمڕۆ ، بەتەواوی هەست دەکەین کە سەرهەڵدان و پێشکەوتنێکی هونەری بەدی هاتوە و هەنگاوێکی باشی ناوەو ئاشکرایە کە سەرهەڵدانی ئەم هەنگاوەش پەیوەندی هەیە بە پێشکەوتنی ئاستی زانستی هونەرمەندانی کوردو بایەخی زیاتر لەلایەن ئۆمەڵانی خەڵکەوە .

هەروەها هونەرمەند ئەنوەر فەرەداغی وتی :

+ لەڕووی کارتێکردنی هونەرەوە بەرهەمە تازەکانەوە بیروڕام وایە ، کە بێ گومان ناتوانین بڵێین ئاوازی کوردی نوێمان نیە ، بەڵام هێشتیا پێویستی بەوە نیوان فۆلکلۆرو بەرهەمە تازەکانەوە بیروڕام وایە ، کە بێ گومان ناتوانین بڵێین ئاوازی کوردی نوێمان نیە ، بەڵام هێشتیا پێویستی بەوە هەیە کە ئاوازدانەری نوێ باشتر لە قوولی لە بەرهەمی نوێ بکۆڵێتەوە چونکە مەسەلەی ئاواز دانان کارێکی هێندە ئاسان نیە زیاتر پێویستە کە پلەیەکی زانستی و هونەری تایبەتی هەبێ و لەبەر ڕۆشنایی کەلتوری نەتەوایەتی بەرهەمەکە بداتە دەستەوە بۆ ئەوەی لەرەسەنایەتی هونەری کوردی دورەپەرێز نەبێتەوە .

● ئایا چۆن بەرهەمی فۆلکلۆری تێکەڵ دەکەین بە بەرهەمی نوێ؟!.

+ بێ گومان هەرکارێك کە بمانەوێ لەسەر بنچینەیەکی ڕەسەن دای بنێین ، دەبێ سەرەتایەکمان هەبێ سەبارەت بە ڕابردوو ، لەهەمان حاڵەتدا بتوانین لەپاڵ تێکەڵبوونی بەرهەمە نەتەوەیی کەو نوێبوونەوە ، چەشنە « هاوچەرخی » یەك بدەین بە بەرهەمە هونەریەکانمان و هەروەکو وتومە ، ئاوازی نوێمان هەیە بەڵام زۆربەیان بێهێزن لە ڕووی هونەریەوە. هەروەها لە ڕووی جۆری هەڵبژاردنی ئامێرو گۆرانی بێژو چەشنی دابەش کردنی و ئامادەکردنی هونەری .

- شێرزاد -

ڕێرەو

حزبەکەتان حزبی بەشی عەرەبی سۆشیالیست ، لەبەیدابوون و ساڵانی یەکەمی دروستبونیەوە ؛ بەشێکی زیندووی زەمیرتان بووە ؛ خۆخواردنەوەی مەردەوامی درێژەی گیروگرفتی ڕۆژانەتانی ئەکداوتەوە .

هاوڕێ صدام حسین

نەهێشتنی نەخوێندەواری .. فێرکردنی ئەوژیەی

هونەرمەند : اسماعیل خەبات

بۆ زاخاوی مێشك

نازاد مەحمود

ئامادەی کردوە ...

منالە ئازیزەکان لە سەرخۆ لە کاتی بێئیشیدا ، ئەم بۆشایانە پڕبکەنەوە . بەم وشانەی پێوبستە بە پێی واتەی ڕستەکان ...

	١	٢	٣	٤
١				
٢				
٣				
٤				

● بە ئەستونی :

١ - سەرچاوەی پێك هێنانی گەشەی ڕوەکە « پێچەوانە ».

٢ - زیاتر لە کۆنەدا بەکارهێنراوە بۆ لەبێ کردن « پێچەوانە » .

٣ - بە یەکێکی لەخۆت گەورەتری دەڵێت لە کاتی بانگ کردنیدا .

٤ - بە یەکێکی لانەوازو قەڵەندەر دەوترێ کە سەرچاوەی ژیانی نەبێت « پێچەوانە » .

● بە ئاسۆی :

١ - گوڵێکی تاڵە .

٢ - نیشتمانە .

٣ - وشەی « لورا » بە تێکەڵاوی .

٤ - پێچەوانەی کج .

بەفری بارین

- شیعر بۆ منالان -

شیعری
لەتیف هەڵمەت

ئای لەم بەفرەی باریوە
زەوی یەك پارچە زیوە
نەبەرد دبارە نەدرەخت
نەمەورازی بەرزوسەخت
هەمووی لەبەفرا کپە
بێ سروەیەو بێ چپە
ئای لەم بەفرەی باریوە
هەموو زەوی پۆشیوە
منالان دەی یاری کەین
جێ یاریمان دیاری کەین
دەی گورج بینە دوو بەرە
هێمن ڕاکە ... هێرش وەرە
هیوا تۆپەڵێ تر خڕکە
کوێی ڕزگاری بێ سڕکە
ناوچەوانی بتەزێنە
ڕێی مەدە تێی بسرەوێنە
گوناحە ئەها نەتدیوە
هەردوو دەستی تەزیوە
گورج پیاکێشە پێت. ئەڵێم
ئەی دایکە گیان بناگوێم
ئەها دەستیان لەگۆ چوو
دەی هێرش کەن زوو بە زوو
ئای لەم بەفرەی باریوە
زەوی یەك پارچە زیوە ...

چیرۆکی منداڵان



..جوولێتەوە .. تۆ کەیی ..ەرە .. سەری مارەکەی دۆزیەوە .. ڕای گوشی . . بەری ئەدا .. تا هەستی کرد مارەکە جوولەی نەماوە.. بەڵام لە دڵی خۆیدا وتی :

(نەکا ئەم مارە فێڵم لێ بکا .. نا دەستی لێ بەرنادەم .. یا بگەمەوە ماڵێ ..)

حەمەوەیس لەگوێ درێژەکەی دابەزی و بە بە نازەنینی خێزانی وت :

- نازە وەرە پشتێنەکەم بکەرەوەو چۆغەکەم بەرزکەرەوە .

نازە پشتێنەکەی بۆکردەوەو جەمە وەیسیش دەستی لەمارەکە بەردا .. مارەش تەپەی لێهات و بەربۆوەو نازە گوتی :

- ئەومارە مردووە چی یە ؟

- ئەوە جلەکانم لەسەر گیایەکە دانابوو .. ئەوتوولە مارەش چووبووە ناویەوە . . لەرێگا هەستم پێ کرد . . لەویوە سەری ئەممارە ئەگوشم .. وتم نەکا پێمەوە دا .. تا ئاوام لێ کرد ..

نازە مارەکەی فڕێداو بیری لە زیرەکی و نازایی دەکردەوە.

١٩٧٩ ساڵی جیهانی منداڵان

International Year of the Child 1979

جەزا عەلی نەمین

حەمەوەیس خێرا خێرا گەنمی دەدروەوە .. زوو زووش داسەکەی بەهەسانەکەیدا دێنا تاتیژێ کەتاریك داهات . . جلەکانی لەبەرکردو گەڕایەوە.

لەرێ هەستی دەکرد وا شتێك لەژێر چۆغەکەیەوە

دالیا حیدر — علی قادر — بەرزان علی — شەرمین احمد — چیا جاف — فەرهاد جاف — ئومێد انور — پەرژین جمال — ئاسۆس مصطفی — بێستون مصطفی — لیلوز مصطفی

Institut Kurde Paris

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

● دووشەممە ١٩ ی ئاداری ١٩٧٩ ژمارە ٤٦٦ ●

● الاثنين ١٩ آذار ١٩٧٩ العدد ٤٦٦ ●

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی ٥ الجمهورية ٥
بەغدا - س.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥-٥ خەت

سەر نووسەر : سعاد ادیب علی

نەوەکانی دواڕۆژ بەشانازییەوە یادی ئەونەوانەی ئەمڕۆ ئەکەنەوە کە باڵەوانانە توانیان بەرگری لە ئێستاو دواڕۆژ بکەن .

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

هاوڕێ صدام حسین

ئەتەوە هەتاشوێنی ئافرەت ڕاست نەکاتەوە ناتوانێ بەگشت ئامانجەکانی بگا

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە هەرنەتەوەیەك بە نیوەی خۆی کاربکاتو بەهەموو بخوات ئەوە نەتەوەیەکی دواکەتووەو ناتوانێت ژیانێکی گەشاوەو پەرەسەندوو بنیات بنێ ، وەهەرگەلێك بەنیوەی کاربکات هەمووی بەشداری بکات لە کۆکردنەوەی بەرهەمی ئەونیوەیەدا ، ئەوە گەلێکە ناتوانێت بەشێوەیەکی قوڵی پێشکەوتوو بنیات بنێ .

بەڕێز جێگر . لە سەردانەکەی شەممەی ڕابوردووی بۆ بارەگای بەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عراق بە بۆنەی بیرەوەری دەساڵەی دامەزراندنی‌و جەژنی ئافرەتان لە جیهاندا وتوویەتی .. هەموو شۆڕشگێڕێك هەموو هەوڵەکانی باوەڕ بەوە بهێنن کە ناکرێت گەلی عراق بە هەموو ئامانجەکانی بگات بەبێ ئەوەی شوێنی ئافرەت لە کۆمەڵدا ڕاست بکرێتەوە ، وەناکرێت کە نەتەوە بەهەموو ئامانجەکانی بگات بەبێ ڕاست‌کردنەوەی جێگای ئافرەت .

بەڕێز جێگر ئەوەشی بارێك بەسەر شۆڕشەوە . وەلەوانەیە خۆی بخاتە سەنگەرە کانی دوژمنەکانیەوە.

هەروەهاوتی : پێویستە کە هەموومان خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی وا لە پیاوان بکەین ، وە لە پێش هەموویانەوە خەباتکەران باوەڕ بەوە بهێنن کە ناکرێت گەلی عراق بە هەموو ئامانجەکانی بگات بەبێ ئەوەی شوێنی ئافرەت لە کۆمەڵدا ڕاست بکرێتەوە ، وەناکرێت کە نەتەوە بەهەموو ئامانجەکانی بگات بەبێ ڕاست‌کردنەوەی جێگای ئافرەت .

بەڕێز جێگر ئەوەشی ڕوون کردەوە کە دەبێت بۆ هەموو کۆمەڵی عراق واتەسەورکەین مەسەلەی ئەوەی کە ئافرەت جێگای نوێی بگرێت تەنیا هەر مەسەلەی ماف نییە ، بەڵکو ئەوە جێگایە کە بۆ جێبەجێ‌کردنی سەرشان بە سیفەیەکی چاکتر چونکە بەبێ ئەوە نیوەی کۆمەڵ پەکی دەکەوێت لە بزووتنەوەی سەرجەمی کۆمەڵ ، لە کاتێکا کە پێویستە هەموو کۆمەڵ بزوێنین بۆ کارکردن بەوجۆرەم نیوەی کۆمەڵ

دەقی وتەکەی بەڕێز جێگر لە لاپەڕە دوو بخوێنەرەوە

ڕژێمی سادات هەر کە پەیمانی ڕێکەوتنی لە گەڵ دوژمن‌مۆرکرد عراق وەزیرانی دەرەوەو ئابوری عەرەب بۆ کۆبوونەوە بانگ دەکا

وەکیلی وەزارەتی دەرەوە بەڕێز عبدالحسین الجمالی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو لەبەغدا بەڕێزان سەرۆکی نێراوە دبلۆماسێکانی عەرەبی بانگ‌کردووەو سەبارەت ئەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردوون کە ڕژێمی سادات بەنەنیادەبەوێت مۆرێ ڕێکەوتنی خۆبەدەستەوەدان لەگەڵ قەوارەی زایونیزمدا مۆربکات، لەگەڵ ئەو ئەنجامە پڕمەترسیانەدا کە بۆ سەر مەسەلەی فەلەستینی هەیە بە شێوەیەکی تایبەتی‌و بە شێوەیەکی گشتی‌ی بۆ سەرمەسەلە نەتەوەیەکان .

پێشوازی‌کردنەکەی عراق بە کشانەوەی ئیران لەپەیمانی سەنتۆ لە هامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئیرانەوە بایەخێکی پێدراوە .

بەڕێز الجمالی داوای لەسەرۆکی نیراوە دبلۆماسێکان کردووە کە لەگەڵ حکومەتەکانیاندا پەیوەندی بکەن‌و ئەوەیان پێ‌ڕابگەیەنن کە عراق لەبەر ڕۆشنایی ئیلتیزاماتەکانیدا کە بەرپارەکانی نۆهەم کۆنگرەی بەعزی عەرەب لەبەغدا ڕوونی کردۆتەوە، دەستدەکات بە بانگ‌کردن بۆئەوەی کە وەزیرانی ئابووری‌و دەرەوەی عەرەب کۆببێتەوە لەوکاتەدا کە ڕژێمی سادات خۆبەخۆ مۆری ڕێکەوتنەکە بکات ، لەپێناو

جێبەجێ‌کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرزی بەغدادا تایبەت بە مامەلەکردن لەگەڵ ڕژێمی ساداتدا وە سەبارەت بە گۆاستنەوەی بارەگای جامیعەی عەرەب لەمیسر ، لەگەڵ نواڕینەوە بە ئەندامێتی لە جامیعەکەدا .

بەڕێز وەکیلی وەزارەتی دەرەوە باوەڕی تەواوی عراقی نیشان‌داوە کە دەوڵەتە عەرەبێکان بەدەنگ ئەم داواکاریەوەبێن بۆ پێکهێنانی ئەم‌دوو کۆبوونەوەیە کە لەوانەیە بێتە مایەی لادانی ئەومەترسی‌یەی کە لە ئەنجامی جوڵانەوەی خۆبەخۆی گوێنەدەرانە بەمەسەلەی نەتەوەیی کە هەموو عەرەب مەبەستێتی هاتۆتە ڕێ .

ئا.د.ع

تاران -١٤- ئا.د.ع .

ڕۆژنامەی تاران جۆرە نال گە بە ئینگلیزی‌لە تاران دەردەچێت ئەمڕۆ بایەخی بەوبروسکەیە داوە کە دکتۆر سعدون حمادی بۆ کریم سنجابی هاوشانی ناردبوو سەبارەت کشانەوەی ئێران لەپەیمانی سەنتۆ .

ڕۆژنامەکە لە ژێر ناونیشانێکی گەورەو دیاردا لە پەڕەکانی ناوەوەیدا نووسیویەتی (عراق پێشوازی ئیران دەکات بە دەرچوونی لە حیلفی سەنتۆ) دەقی بروسکەکەی دکتۆر حمادی .

هەروەها ئیزگەی دەنگی شۆڕشی ئیرانی بایەخی بە مەسەلەکە داوەو لەزوریەی هەواڵەکانیدا تاوەکو بەبانی ئەو هەواڵەی ڕاگەیاندووە .

وە لەلایەکی ترەوە تورکیا ئەوەی دوویات کردۆتەوە کە وەزیفەی ڕێکخراوی پەیمانی مەرکەزی (سەنتۆ) لەلایەنی کارامەی‌یەوە وا دادەنرێت کە بێ‌گەلێك‌بووە لەدوای ئەوەی کە ئیران بڕیاری داوە کەلێی بکشێتەوە .

وتەی هاوکاری

سلاو لە دەوروژی کورد

بێگومان باس‌کردن لە هەر جەژنێك باسێکی تریش لەگەڵ خۆیدا دێنێتەکایەوە کە ئەوبش رادەی سەربەستی ئەو جەماوەرەیە لە ژباندنەوەی ساڵانەیدا لە لایەن کوڕوکاڵانی‌بەوە بە ئاهەنگ‌گێڕان‌و زەماوەندکردن‌و نیشاندانی خۆشحاڵی‌و شانازی پێوەکردن‌و هەست‌کردن لەو ڕۆژەدا بە شادمانی‌و بە بوونی خودی تایبەتی لە ڕووی شێوازی نەتەوەیی‌یەوە، بێ ئەوەی هێزێکی دەسەڵاتدار لەکابەدا هەبێ کە بیەوێ ببێتە کۆسپ‌و تەقەلابدا تەگەرە بخاتە سەر ڕێگاو بەربەستی ئەو هەست‌و نەستە نەتەوەیی‌یە بکات‌و ئەو گەلە لەو جەژنەو لە ژباندنەوەی ساڵانەی بێ‌بەش‌بکا .

گەلی کوردمان وەك نەتەوەیەکی خاوەن جەژنێکی نەتەوایەتی ، کە جەژنی لە دێر زەمانەوەو لە هەموو دەورێکدا ، جەژنی ئەوروژی هەرکردەوەو ئاهەنگ‌و زەماوەندی هەر بۆگێڕاوەو هەستی شانازی‌و خۆشحاڵی‌و شادمانی خۆی هەر تێدا دەربڕیوە . بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتە ئاشکرا بکەین کە ئەو بە درێژایی دەورو زەمانەکانی مێژووی هاوچاخی بە تایبەتی لە سەردەمی حوکمی عوسمانی‌یەکانەوە تا دوای شوڕشی ١٧ تەمووزی ١٩٦٨ ، ئەم جەژنەی وەك جەژنێکی نەتەوایەتی بەرەسمی لێ قەدەغەبووەو هەردەم یا بەنهێنی‌و لە ژێر سایەی ڕژێمی سەرکوتاندنەوەو کوشت‌و بڕدا ئاهەنگ‌و زەماوەندی بۆ گێڕاوە کە لەواقیعدا کراوەتە بۆنەیەك بۆ خۆش‌کردنی گڕی خەبات‌و تێکۆشان دژی ئەو ڕژێمە ئیرهابی‌یە ، وەبا بە زەبری هەڵچوون‌و زۆری جەماوەری گەل سەبێنراوەو چوارچێوەی قەدەغەکردنە ڕەسمی‌یەکەی لێشکێنراوەو نەتوانراوە بەری لێبگیرێ . بەڵێ .. بە درێژایی ئەو دەورو زەمانانە وەهابووە . بەڵام ئەم جەژنە پیرۆزەی گەلەکەمان بۆ بەکەمجار لە مێژووی هاوچاخیدا لە سەردەستی شۆڕشی (١٧)ی تەمووزو لە سەردەستی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش ، بە ڕەسمی‌کرا بە جەژنێکی نەتەوایەتی بۆ ئەم گەلە نەبەردەو بگرە کرا بە جەژنێکی گشتی بۆ هەموو کوڕوکاڵانی‌گەلی عێراقی تێکۆشەرمان کە ئەمە نیشانەیەکی تری پێ لە مەغزای یەکێتی‌و برایەتی پتەوی نێوان گەلی کوردو عەرەب‌و کەمایەتی‌یە نەتەوایەتی‌یەکانە لە چوارچێوەی ئەم کۆماری عراقە خۆشەویستەدا .

ئێستا وا ساڵی (دەیەمینە)و گەلی کوردمان بە سەربەستی‌و لەژێر سایەی ڕەسمی‌یەتێکدا کە شۆڕش ڕەخساندوێتی‌و بڕیاری لەسەرداوەو لەم ساڵانەشدا نەك هەر جەژنی نەورۆز بە ڕەسمی بووەتە جەژنی نەتەوایەتی گەلی کوردمان ، بەڵکوو ئەنجامی ڕێبازی مرۆڤانەی شۆڕش‌و حیزبە پێشڕەوەکەی ، سەرجەمی مەسەلەی کورد بە ڕێگایەکی دیموکراتی‌ی عادیلانەدا بە ئەنجام گەیەنراوەو لە شێوەی حوکمی ئۆتۆنۆمیدا بۆ ناوچەی کوردستان کۆتایی پێهێنراوە .

هەروەکوو ئەنجامی ئەو چارەسەرکردنە دیموکراتیانەیە، ئێستا ناوچەی کوردستان ڕاچەنینێکی شارستانی‌یانەی فراوان بە خۆیەوە دەبینێ‌و بە خێرایی ڕێگای **ڕزگاربوون** لە دواکەوتەیی ساڵانی پێشووی دەبڕێ‌و بە پشتگیری‌و بایەخ‌پێدانی نایبەتی سەرکردایەتی حیزب‌و شۆڕش ، لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوەو لە هەموو مەیدانێکیدا ، ساڵ لە دوای ساڵ بتر دەگەشێتەوەو پەرە دەسێنێ .

سلاو لە جەژنی نەورۆزو گەلی کوردمان ..

سلاو لە سەرکردایەتی حیزب‌و شۆڕش‌و لە هەنگاوە پڕۆژەکانیان .

بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ئەوبەیاننامەیە بەدرۆ دەخاتەوە کە هەندێك لە پارتە کۆمەنستەکانی عەرەب دەریان کردووە

بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بەناوی هەموو هێزو پارتەنیشتمانی‌یە پێشکەوتنخوازو کەسە بێلایەنەکانی ناو بەرەکەوە ناوەڕۆکی ئەوبەیاننامەیەی‌تاوانبار کردووە کە هەندێك لەپارتە کۆمەنستەعەرەبێکان دەریان‌کردووە کە تیایدا هەڵوێستە کانی شۆڕش‌دەشێوێنن .

بەرەکە لەرەخنەیەکی مەوزوعیانەی کەوپارتانەدا کە بڵاوی کردۆتەوە داوای لەوپارتانە کردووە کە چاو بە هەڵوێستەکانیاندا بگێڕنەوەو بە جاوێکی مەوزوعیانەوە تێبڕوانن لەباتی ئەوەی دوای قسە پڕوچووچەکانی پارتی کۆمەنستی عیراق بکەون وای‌لێبکەن کە ئیلتزام بە بەرژەوەندی گشتی‌یەوە بکات ڕێزی بیروباوەڕی سوێندخواری یەك‌بەرەیی‌و میساقی کاری نیشتمانی بگرێت کە خۆی بڕیاری لەسەر داون .

بەرەکە داوای لەوپارتانە کردووە کە پارتی کۆمەنستی عیراق هان نەدەن کە هەڵویست‌و ڕێگایەکی وا بگرێت کە زیان بە بەرژەوەندی گەلی عراق‌و نەتەوەی عەرەبمان‌و تێکۆشانی شۆڕشگێڕیمان بگەیەنێت ، بەڵکو پێویستە پاڵی‌پێوەنێت کە ئەرکێکی واهەڵگرێت کەئەم قۆناغەمان پێویستی پێدەکات .

دەقی بەیاننامەکە لە ل - ٤ - ٦

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەڕێز وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کارڕێکخستن لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌دا :

ئاوایی‌یە عەسریەکان تاقیکردنەوەیەکی ئینسانی‌ی گەورەی ڕێبەری حزب وشۆڕشە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا

لەم ڕۆژانەدا ، گەلەکەمان بەبۆنەی بیرەوەری نۆیەم ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی مێژوویەکەی یازدەی ئادارو بیرەوەری پێنجەم ساڵەی ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی‌یەوە ئاهەنگی‌گێڕا . کە مافە نەتەوەیی‌یە ڕەواکانی گەلی کوردمانیان پێشان‌داو چارەسەرکردنی ئاشتی‌و دیموکراتیانەی مەسەلەی کوردی‌یان چەسپاند .

بەیاننامەی یازدەی ئادار کە ئۆتۆنۆمی تیایدا خاڵێکی جەوهەری‌بوو، دەستکەوتێکی گەورەی دەستکەوتەکانی شۆڕشەو تەرجەمەکردنێکی‌یراکتیکی‌ی مەبدەئەکانی حزب‌و هەنگاوهاویشتنە فیکری‌و دروشمە پێشکەوتنخوازەکانیەتی .

شۆڕش لەسەر ئەوە سوور بوو بەندەکانی یازدەی ئادار هەر لەکاتی دەرچوونیەوە جێبەجێ بکرێت ، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵدانانەی کۆنەپەرستە بەگرێگیراوو تاقمە داخ لەدڵەکان دژی شۆڕش‌و ڕێبەرەو پێشکەوتووەکەی دابان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەیاننامەکە ، شۆڕش هێنابە واقیعی جێبەجێ‌کردنەوە لە بەجێهێنان‌و جێبەجێ‌کردن‌دا ئەوەبوو لە یازدەی ئاداری ١٩٧٤دا ڕاسپای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان لەکاتی دیاری‌کراوی خۆیدا دەرچوو ، پە پێی بەڵێنی بەشەرەفی‌ی شۆڕش‌و هەردوو ئەنجوومەنی باسادانان‌و ڕاپەراندن هاتنەکایەوەو دام‌و دەزگاکانی بەڕێوەبردن‌ودارایی‌وهونەری‌ی پێویست دامەزران‌و بەهەنگاوی چەسپاوی پتەوو بەهێز هەنگاوەنێن ، هەروەکوو چۆن شۆڕش سەرازادو بەبڕوایە ئەوانیش بەم جۆرە سەرفرازن بەڕێزخالدعبد عثمان وەزیری دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کاروبار لە گەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا دووپاتی کردەوە :

سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش ، لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا گوندی هاوچەرخی دروست کردووە بەئامانجی بڵندکردنەوەی ڕادەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی هاووڵاتیان لە ڕۆنەکانی گەلی کوردمان لە سەرناپای ناوچەکەدا ،چونکە پەرت‌و بڵاوی‌ی گوندەکانی ناوچەی شاخاوی‌ە سەختەکانی سەر سنوورو دوورباونیان لە یەکتری‌ی‌و لە مەڵبەندەکانی بەڕێوەبردنەوە بە هۆی نەبوونی ڕێگاوبانەوە لە ڕۆژگارێکی کۆنەوە بووەتە هۆی پێش نەکەوتنی‌و بەرەنەسەندنیان‌و پێشکەش‌کردنی خزمەتگوزاری‌یە پێویستی‌یەکان بۆ دانیشتووەکانی .

هەروەها بەڕێز وەزیری دەوڵەت لە دوانێك‌دا بۆ هاوکاری لەسەری ڕۆیشت‌و ووتی : دەست بە دامەزراندنی کارگەو کارخانەی کشت‌وکاڵی‌و پیشەسازی‌ی سووك لە لادێیە هاوچەرخەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا کراوە بۆ خستنەکارو مەشق‌پێ‌کردن‌و ڕاهێنانی کرێکارەکانی ئەو ناوچەیانەو بۆ پەرەپێدانی ئەم پیشەسازی‌یانە بە چەشنێك لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری‌و ئاوەدانی‌و پیشەسازی‌ی گەورەدا بگونجێن . کە ناوچەکە لەژێر سایەی سەرکردایەتی‌یە دلێرەکەیدا بەخۆبەوە دەبینێت ، .

هەروەها کارەباو ئاوی ئاسای گەباندراوەتە هەموو ماڵێکی گونده هاوچەرخەکان لەهەر سێ پارێزگاکەداو پێویستی‌یە کارەباییەکانی هەر ماڵێکیش لەسەر حسێبی دەوڵەت ڕادەکێشرێن لەهەموو ئەم گونداڵانەدا هەروەها وەکالاتی تایبەتی بە کەل‌پەل‌و شتومەکی بەکارهێنانی ڕۆژانە بۆ هەمان هاووڵاتیانی دانیشتوانی گونده هاوچەرخەکان تەرخان‌کراوە لەگەڵ ئەوەشدا ئاسانییەکی ئەوتۆیان پێ‌دراوەو فەرمانیش دراوە کەل‌وپەل‌و شتومەکی بەکارهێنانی ڕۆژانەوشتومەکی خواردەمەنی بەڕادەیەکی‌فراوان‌و زۆر بخرێنە دوکانەکانی ئەم گونداڵانەوەو چەند دەزگایەکی پەیوەندی‌داریش هەن چاودێری بەردەوامی جێبەجێ‌کردنی ئەم فەرمانەدەکەن .

هەروەها وەزیری بەڕێز ووتی دروست‌کردنی گونده هاوچەرخەکان‌و جێگیربوونی خێزانە جووتیارەکان لەو تاقی‌کردنەوەی مەزن‌و مرۆڤایەتییانە دەزمێردرێت کە شۆڕش لە ناوچەکەدا بەر لەشوێنێکی‌تر بە دەستی‌هێناوە لەو هەستەی سەرکردایەتی ڕامیاری‌یەوە بە پێویستی‌ی پێشکەشکردنی خێرو کامەرانی بۆ ڕۆڵەکانی‌و

بارەیەکی ڕۆژی بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم پڕۆژە مرۆڤایەتی‌یە مەزنە تەرخان‌کردووە .

وەزیری بەڕێز ئەوەشی دووپات‌کردەوە کە خەڵاتەکەی بەڕێز سەرۆك کۆمار تێکۆشەر احمد حسن البکر کە بریتی‌یە لە تەلەفزیۆنێك بۆ هەر خێزانێکی دانیشتووانی ئەم گونده هاوچەرخانە ، کارتێکردنی گەورەی لە دەروونی ئەو هاووڵاتیانەدا هەبوو ، لەگەڵ ڕبزگرتنیان لە سەرۆکی فەرماندەو ڕیزلێنانی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش.

وەزیری بەڕێز ئاشکرای‌کرد کە ژمارەی خانووە دروست‌کراوەکانی ئەم گونده هاوچەرخانە لە بارێزگاکانی ناوچەکەدا کە تەواوکراون گەیشتووەتە « ٣١٩٢٣ »خانوو بەم‌چەشنە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش‌کراون :

١ - پارێزگای سلێمانی : ژمارەی خانووەکان «٢.٦٩٤» خانوو بەسەر ئەم گوندانەدا دابەش کراون گوندی عنب‌و زەمقی‌و سیروان‌و خورمال‌و

بڕوانە : ل : ٧

Institut kurde de paris

دەقی تەواوی وتارەکەی هاوڕێ صدام حسین

لەسەر دانەکەی دابۆیەکێتی گشتی ی ئافرەتانی عراق

پێش ئەوەی لەم هۆڵەدا لەگەڵتان ئامادەبم ، لە گەڵ هاوڕیان سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتی دا ، دەربارەی مەسەلەی ئافرەت دەدواین .. ئەوەی تێدەگەم لەم ماوەیەدا مەبەستمانە تەکریس کردنی ئەو جێگا نوێیەیە کە ئافرەت پێی گەیشتووە لە یاساو کۆمەڵ و سەرجەمی ژیانی گشتی دا و لە هەموو مەیدانەکان دا ، کە بەسیفەیەکی عورفێکی نەگۆڕاو بۆ هەموو کۆمەڵ تەکریس بکرێت . ئەوەك تەنیا وەك مافێك لە ناو دێرەکانی یاساکاندا ، واتە ئەوەی پێویستە نەك تەنیا کە ئافرەت لەوڵاتدا بۆ ئەم جێگە نوێیە موتەحەمیس بێت کە ئافرەتانی عراقی پێی گەیشتووە ، ئەوەی لە پیاوە عراقیکانیش هەروەها داوادەکرێت ئەوەیە بۆ ئەم شوێنە نوێیە بە گەرمی یەوە بچن وە بەلکو پێویستە لەسەریان کە سەرکردایەتی ئەم لایەنە بکەن بە سیفەیەکی پێشکەوتوانە بۆ سەر ئافرەت، بۆ ئەوەی جێگای ئافرەت بەشێوەیەکی کۆمەلایەتی راست بکرێتەوە لەپێناوی ساغکردنەوەی مرۆڤایەتی ئەوانو مرۆڤایەتی خۆیاندا ، وە لە پێناوی ئەوەدا کە ببنە رۆڵەیەکی (سەمیمی) ئەو شۆڕشەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی دەکات .

● دەبێت جێگای ئافرەت راستبکرێتەوە

کەواتە دەبێت هەموو خۆمان ئامادەبکەین بۆ ئەوەی وا لە پیاوان بکەین وە لە پێش هەموویانەوە تێکۆشەرانیان ، کە باوەڕ بەوە بهێنن کە ناکرێت گەلی عراق بەهەموو ئامانجەکانی بکات ، بەبێ ئەوەی شوێنی ئافرەت لە کۆمەڵدا راست نەکرێتەوە ، وەناکرێت کە نەتەوە بەهەموو ئامانجەکانی بکات بەبێ ئەوەی کە شوێنی ئافرەت راست بکرێتەوە هەروەها وە نموونەیەکی ساکار بۆ ئەوە ، هەر نەتەوەیەك بەنیوەی کاربکات و بەهەمووی بخوات ، ئەوە نەتەوەیەکی دواکەوتووە ناتوانی ژیانێکی گەشاوەی پێشکەوتوو بنیات بنێت ؛ بەمانایەکی تر ، هەر گەلێك بە نیوەی کاربکات و هەموو هاوبەشبێت لە خواردنی بەرهەمی نیوەکەدا ئەو گەلێکە کە ناتوانی بەشێوەیەکی (سەمیمی) پێشکەوتوو خۆی بنیات بنێت .

وەك ئەم نمونەیە ، پێویستە بۆ هەموو کۆمەلی عراق وا تەسەروبکەین مەسەلەی کە مەسەلەی گرتنی شوێنی تۆی لە لایەن ئافرەتەوە ، تەنیا مەسەلەیەکی ماف نییە بەلکو ئەوە جێگایەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەسیفەیەکی چاکتر ئەگینا بەبێ ئەوە نیوەی کۆمەل پەکی دەکەوێت لە جولانەوەی گشتی کۆمەڵدا، کاتێ کە پێویستە هەموو کۆمەل بجوڵێت بۆ کارکردن ، بەو جۆرە نیوەی کۆمەل دەبێتە موستەهلیکی هەوڵ و تەقەللای نیوەکەی تر . کەواتە بەم جۆرە ناکرێت کە کۆمەل جولاندنەوەکەی بەرامبەربێت تاوەکو بەنیوەی کاربکات و بەهەموو ئەندامەکانی بخوات .

نوختەیەکی تر ، حالەتی « هونەری » دەروونی هەندێك لەو پیاوانە کەدەبێت هەموو چاودێری بکەین وەلەپێشدا هەمووانەوە ئافرەتان چونکە ئەم شوێنە نوێیەی ئافرەتان. لەوانەیە لەناو خێزاندا جۆرە ئینتیباعێکی لای هەندێك لەپیاوان دروستکردبێ کە ئەم جێگە نوێیەی ئافرەت سیفەیەکی بە هێزی یاساو هەوڵ و تەقەللای دەوڵەت و بەدەوری سەرکردایەتی حزب فەرزکراوە ، لەسەر هەموو ئافرەتان پێویستە بەبێ جیاوازی کە وەزعێکی نەفسی ی ئاوا بخەنە حسابیانەوە بۆئەوەی بگەنە چاکترین ، شێوە یەیوەندی لەگەڵ پیاودا لەناو خێزاندا . بەجۆرێك ئەم تەسەوورە لێیان جودا نەبێتەوە . وەپێویستی لابردنی لەبیر کردنەوەی پیاون ، هەروەك لەقسەکاندا دەست نیشانم کردن ، لەبەر ئەوەپێویستە کە هەڵسوکەوتی وابخاتە دڵەوە کە خێزاندا لەوجۆرەبێت کەپیاو واهەست نەکات کەلێی باخی بووە بەلکو پێویستە کە هەڵسوکەوتی وا بخاتە دڵەوە کە بەجوت باخی بوون لەوانەرێتانەی کە پێویستە لەناو کۆمەڵدا لابرێت ، بۆئەوەی شۆڕش بەرەو پێشەوە بڕوات و کۆمەڵ و نەتەوە هەروەها بەرەو پێشەوە رابەڕێت . چونکە بەبێ ئەوە کۆمەڵ بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە و هەروەهانەتەوە بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە لە سیاقی سروشتی پێشکەوتنیدا .

لەسەر ئەم بناغەیە پێویستە کە پیاوان بەشێوەیەکی نەفسی و فیعلی راکێشینە ئەم شوێنە تازەیەی کۆمەلایەتی- یەوە کە ئافرەتی تێدا دەژی بۆئەوەی هاوبەشی بکات لە ئامادەکردنی هەلی پێویست لە بینینی دەوری ئاسایی خۆی لەژیانی نوێی کۆمەلایەتیدا ،

مرۆڤی شۆڕشگێڕی چەوسێنراو بۆچاککردنی ژیانی کۆمەلایەتی لەسەر ڕێگەیەکی راست تاسەی لە هەموو کەس زیاتر هەیە

گەلێك بە نیوەی کاربکات و هەموو هاوبەشبێت لە خواردنی بەرهەمی نیوەکەدا ئەو گەلێکە کە ناتوانی بەشێوەیەکی (سەمیمی) پێشکەوتوو خۆی بنیات بنێت .

وەك ئەم نمونەیە ، پێویستە بۆ هەموو کۆمەلی عراق وا تەسەروبکەین مەسەلەی کە مەسەلەی گرتنی شوێنی تۆی لە لایەن ئافرەتەوە ، تەنیا مەسەلەیەکی ماف نییە بەلکو ئەوە جێگایەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەسیفەیەکی چاکتر ئەگینا بەبێ ئەوە نیوەی کۆمەل پەکی دەکەوێت لە جولانەوەی گشتی کۆمەڵدا، کاتێ کە پێویستە هەموو کۆمەل بجوڵێت بۆ کارکردن ، بەو جۆرە نیوەی کۆمەل دەبێتە موستەهلیکی هەوڵ و تەقەللای نیوەکەی تر . کەواتە بەم جۆرە ناکرێت کە کۆمەل جولاندنەوەکەی بەرامبەربێت تاوەکو بەنیوەی کاربکات و بەهەموو ئەندامەکانی بخوات .

نوختەیەکی تر ، حالەتی « هونەری » دەروونی هەندێك لەو پیاوانە کەدەبێت هەموو چاودێری بکەین وەلەپێشدا هەمووانەوە ئافرەتان چونکە ئەم شوێنە نوێیەی ئافرەتان. لەوانەیە لەناو خێزاندا جۆرە ئینتیباعێکی لای هەندێك لەپیاوان دروستکردبێ کە ئەم جێگە نوێیەی ئافرەت سیفەیەکی بە هێزی یاساو هەوڵ و تەقەللای دەوڵەت و بەدەوری سەرکردایەتی حزب فەرزکراوە ، لەسەر هەموو ئافرەتان پێویستە بەبێ جیاوازی کە وەزعێکی نەفسی ی ئاوا بخەنە حسابیانەوە بۆئەوەی بگەنە چاکترین ، شێوە یەیوەندی لەگەڵ پیاودا لەناو خێزاندا . بەجۆرێك ئەم تەسەوورە لێیان جودا نەبێتەوە . وەپێویستی لابردنی لەبیر کردنەوەی پیاون ، هەروەك لەقسەکاندا دەست نیشانم کردن ، لەبەر ئەوەپێویستە کە هەڵسوکەوتی وابخاتە دڵەوە کە خێزاندا لەوجۆرەبێت کەپیاو واهەست نەکات کەلێی باخی بووە بەلکو پێویستە کە هەڵسوکەوتی وا بخاتە دڵەوە کە بەجوت باخی بوون لەوانەرێتانەی کە پێویستە لەناو کۆمەڵدا لابرێت ، بۆئەوەی شۆڕش بەرەو پێشەوە بڕوات و کۆمەڵ و نەتەوە هەروەها بەرەو پێشەوە رابەڕێت . چونکە بەبێ ئەوە کۆمەڵ بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە و هەروەهانەتەوە بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە لە سیاقی سروشتی پێشکەوتنیدا .

لەسەر ئەم بناغەیە پێویستە کە پیاوان بەشێوەیەکی نەفسی و فیعلی راکێشینە ئەم شوێنە تازەیەی کۆمەلایەتی- یەوە کە ئافرەتی تێدا دەژی بۆئەوەی هاوبەشی بکات لە ئامادەکردنی هەلی پێویست لە بینینی دەوری ئاسایی خۆی لەژیانی نوێی کۆمەلایەتیدا ،

لێرەدا پێویستە کە بەیوەندیکە پەیوەندیەکی بەگژچوندا نەبێ ، چونکە پەیوەندی بەگژچوندا تەقەللای ئافرەت دوادەخات کەم یازۆر لەهەمان کاتدا توانای پیاو دوادەخات لەهاوبەشی کردنی کاری نوێدا بۆ بنیاتنانی کۆمەلگای نوێ .

ئەوەبوو یاساو بەیوەندیە کۆمەلایەتیکان لەسەردەمو ئەودۆخانەدا کە شۆڕش بەجێی هێشتوون لە دوو شوێندا ئافرەتی چەوساندۆتەوە ، یەکەمیان لەچوار چێوەی چەوسانەوەی گشتی دا کە هەموو گەلی عراقی دەیچەشت، دووهەمین چەوساندنەوەی لەناوخێزاندا بەهۆی ئەوتەسك نواڕینەی لەکۆمەڵدا تەماشای شوێنی ئافرەتی پێی دەکرا کۆمەلایەتی ئەوەیە کە دوا قسەکەر بێزەك یەکەم قسەکەر لەم بارەیەوەو تاقیکردنەوەی خۆمانم بۆی باس کرد .

پێویستە لەسەر ئافرەتان هەموو کۆمەلگای پیاوانو هی تر واتێبگەیەنن کە شوێنەواری نوێیان شوێنەواری کاری نوێیە ... شوێنەواری بنیاکاری باشتر .. . شوێنەوارێك بۆ ئازادبوونی راست ... چونکە ئەمە شوێنەوارێکە کە قایمکاری و سەربەرزی دێنێتەدی ، بەوە پیاوان دەخەبنە پێشەنگی ڕێڕەوی ئازادکردنی ئافرەت لە هەموو کۆتەکانو شوێنەوارەکانی زوڵمو دواکەوتوویی .

من دەزانم ئەم مەسەلەیە تاسانیە ، چونکە ئاگادارم لە تەبیق کردنە عەمەلیەکرانەکانی ، چونکە لەحزبداو لە کۆمەلگاداو لەسەرکردایەتی دا لەگەڵیدا ژیاوین ، جا ئەگەر سەرکردایەتی و بەئاگاداریەکی هەمیشەیی یەوە ئەو بیروڕابانەی دانەنا یە کە باوەڕی پێهەبوو وەکو سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی شۆشیالیست، ئەم بیرڕیارانە کە شوێنەواری ئافرەتیان راستکردەوە دەرناچوون ، بۆیە لەسەرکردایەتی داواکرابوو کە بیروڕاکانی حزب بە شێوەیەکی دوورودرێژ رەچاو بگرێ تا لە وەزعێکدا بێ کە بتوانێ تێیدا بڕیارە زانراوەکان دەربکا ... چونکە جگە لەم ڕێگایە ڕێگای تری لەبەردەمدا نەبوو و خۆی لەبیربێ کە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەو ئەمانەتی مەبدەئی پێویستی دەکا لەسەری کەلەگەڵ ئافرەتدا بە شێوەی راست ، لەبەری مەبدەئیوە ، رەفتار بکاو ئەم جۆرە کارە پێویستی بە « وەفاداری » بۆ بیرەباوڕ هەبوو نەك تەنها یادکردنی ، تا سەرکردایەتی بتوانێ تەمبیرانە دەرکا .

من لەم مەوزووعەدا بەم شێوە ئەمینە قسەتان بۆ دەکەم تا سایشتی لێبکەن

« وەفاداری » بۆ بیرەباوڕ چەند پێویستە لەناو ئەو پیاوانەدا کە لە خواروو سەرکردایەتی یەوەن تا بگەن بەئیمانی پتەو بەوشوێنەوارە نوێیەی ئافرەت وبەوشیوەیەی کە پێویستە .

دەورێکی خەباتگێڕانە

لیرەوە ئەو دەورە خەباتگێڕانەیەتان دروستدەبێ کە لەسەرتانە . هەروەکو لەدوو شوێنەوارەوە باری ستەمتان کەوتبوە سەر . . . ئیستاش دوو فرمانتان دەکەوێتە سەر شان ،فرمانی بەشداری کردن لەگەڵ پیاودا لەژیانی گشتی دا وپاڵنانی بەرەو پێشەوەو فرمانی ئاسان کردنی کاری هەندێ ئافرەتان دەخوازرێ ئەوەیە کە دوا قسەکەر بێزەك یەکەم قسەکەر لەم بارەیەوەو تاقیکردنەوەی خۆمانم بۆی باس کرد .

پێویستە لەسەر ئافرەتان هەموو کۆمەلگای پیاوانو هی تر واتێبگەیەنن کە شوێنەواری نوێیان شوێنەواری کاری نوێیە ... شوێنەواری بنیاکاری باشتر .. . شوێنەوارێك بۆ ئازادبوونی راست ... چونکە ئەمە شوێنەوارێکە کە قایمکاری و سەربەرزی دێنێتەدی ، بەوە پیاوان دەخەبنە پێشەنگی ڕێڕەوی ئازادکردنی ئافرەت لە هەموو کۆتەکانو شوێنەوارەکانی زوڵمو دواکەوتوویی .

من دەزانم ئەم مەسەلەیە تاسانیە ، چونکە ئاگادارم لە تەبیق کردنە عەمەلیەکرانەکانی ، چونکە لەحزبداو لە کۆمەلگاداو لەسەرکردایەتی دا لەگەڵیدا ژیاوین ، جا ئەگەر سەرکردایەتی و بەئاگاداریەکی هەمیشەیی یەوە ئەو بیروڕابانەی دانەنا یە کە باوەڕی پێهەبوو وەکو سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی شۆشیالیست، ئەم بیرڕیارانە کە شوێنەواری ئافرەتیان راستکردەوە دەرناچوون ، بۆیە لەسەرکردایەتی داواکرابوو کە بیروڕاکانی حزب بە شێوەیەکی دوورودرێژ رەچاو بگرێ تا لە وەزعێکدا بێ کە بتوانێ تێیدا بڕیارە زانراوەکان دەربکا ... چونکە جگە لەم ڕێگایە ڕێگای تری لەبەردەمدا نەبوو و خۆی لەبیربێ کە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەو ئەمانەتی مەبدەئی پێویستی دەکا لەسەری کەلەگەڵ ئافرەتدا بە شێوەی راست ، لەبەری مەبدەئیوە ، رەفتار بکاو ئەم جۆرە کارە پێویستی بە « وەفاداری » بۆ بیرەباوڕ هەبوو نەك تەنها یادکردنی ، تا سەرکردایەتی بتوانێ تەمبیرانە دەرکا .

من لەم مەوزووعەدا بەم شێوە ئەمینە قسەتان بۆ دەکەم تا سایشتی لێبکەن

حزبەکەتان بۆ چارەسەری مەسەلەکانی کۆمەڵ دەچێت ، لەوانەش مەسەلەی ئافرەت ، نەك چارەسەرێك بە سیفەی دەستکەوت بە چۆارچێوە کۆنەکە ، وە لەسەر ئەو بنچینەیەی خەلاتێکی شۆڕشە بە ئافرەتی دەکات ، بەلکو ئەوە پێویستی بەکی سەرشانی شۆڕشە بەرامبەر مرۆڤ ، جائەگەر ئەوە پیاوبێت وەیاخود ئافرەت ، هەروەها پێویستی سەرشانی شۆڕشە بەرامبەر بەخۆی ، وەبەرامبەر بیروباوەڕەکانی حزبە فەرماندەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

. نواڕێنێکی کۆمەلایەتی هەبە دەڵێت ئەوەی جاروبار بچەوسێنرێتەوە ، ئارەزووی خۆی بەچەوساندنەوەی خەلکی تر دەردەبڕێت بە جۆرێك لەجۆرەکان ، کاتێك شۆرشگێڕو سۆشیالیستی نەبێت ، لەکەڵ ئەوەدا کە ئێمە نامانەوێت کە بچینە ئەم قسەیاساسە کۆمەلایەتیا نە بەڵام بەلای ئێمەوە وایە کە ئەم ردەفیعلە بۆ سەر چەوساندنەوە بە بەشێك لە بزووتنەوەی گشتی ی دادەنرێت و وەك ردەفیعلێك بۆسەری ، کاتێك هەندێ کەس هەسەری دەکات کە چەوساوەن بەشێوەیەکی گشتی ی ، بۆئەوەی خودی خۆیان بەسیفەیەکی سەرکردانە تەئکید بکەن کە رەفزی چەوسانەوە دەکەن ئەوان ئەورێگایە وەردەگرن کە تەعبیر ناکات لەوەی رەفزی چەوسانەوەی گشتی ی دەکەن وایان لێدەکات کە بە لای سیفەیەکی راستی سەرکردایەتی نەتەوەدا دادەشکێنن لە ریگای رزگاربوون لەچەوسانەوە بەلکو دەچنە مەوقیعی چەوسانەوەی تایبەتی لەچۆارچێوەی خێزاندا بەجۆرێك وایان لێدەکات کە خەلکی تر بچەوسێننەوە بۆ ئەوەی هەست بە مەوقیعی سەرکردایەتی خۆیان وترخی کۆمەلایەتیان بکەن ، لەو ئەوەی هەموومان کە پیاو لەم روانینە رزگار بکەین و وایان هەست پێبکەین کە هاوبەشی دەکەن لە دەوری سەرکردایەتی نەتەوەدا هەروەها هاوبەشی لەدەوری سەرکردایەتی ئافرەتدا . . بەچەوساوەی- دەمێنێتەوە چونکە رزگار نەکردنی ئافرەت ، هەروەها پیاو بە چەوساوەیی دەمێنێتەوە ، نەك تەنیا هەر ئافرەت ، بەڵکو رزگاری کردنی ئافرەت پیاو بەچەوساوەیی دەمێنێتەوە لەلایەن ئیستعمارو (موتەسەلیتەکانەوە) لەوانەی توانای گەڵ بە هیچ دەزانن لەدەوآەتە گەورەکاندا چونکە پەکی دەکەوێت لەودی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوە کە خەباتی بۆ کردووە ، لەوکاتەدا کە ئافرەت لەشوێنی راستەقینەی خۆی لەرنباری کاری تێکۆشانو بنیاتنانەدا دانەنرێت .

لەبەر ئەوە مەبەست ئەوەنی یە کە بەشێوەیەکی لەفسی ی پیاو رزگاربکەین و ئەوبارە گەورە دەرونی یەیەی لەسەر سووك بکەین کە لە سەرخوبانیان بارکردووە ، بەهۆی تێکەیشتنێکی هەڵەوە لە دەوری مرۆڤ لەژیانی کۆمەلایەتی نوێدا لەویش نیوەی دووهەم کە ئافرەتە ، نەوەك بەتەنیا ئەمە ، بەڵکو پێویستە کە پیاو وا هەست- بکات تاوەکو ئافرەت بە چەوساوەیی بمێنێتەوە ئەوانیش هەروەهابە چەوساوەیی دەمێننەوە ، هەتاوە کو ئەو کاتەی کە پیاو واهەست دەکات کە گەورەی ماڵ و ئافرەت دەچەوسێنێتەوە گەورەی ماڵ دەبێت بەڵام بەشێوەیەکی هەڵە ، ئەوەك گەورەی ماڵ بە سیفەیەکی سەرکردانەی راست کە لە سەر پەیوەندی نوێو ریزگرتنێکی بەرامبەری چون یەکی مرۆڤایەتی بنیاتنرابێ .

سەرکردایەتی ماڵ بەم شێوەیەی کە لەسەر چەوساندنەوەی ئافرەت کەسانی تر تاوەکو ئەوکاتەی کە بەیوەندی کۆبلەیەتی لەخێزاندا بەسەر ئافرەتدا دەدات .

چونکە ئەو لەژیانی گشتی یدا دەچەوسێنەوە ، لەلایەن هێزەکانی ترەوە کە دەستنیشانمان کردبوون ، بەم چەشنە بۆ عراق دەستنادات کە مەفاهیمە کۆنەکان رەچاوبکات لەپەیوەندی پیاو بە ئافرەتەوە، وە لەپەیوەندی کۆمەل بە ئافرەتەوە ، لە شوێنی مرۆڤ لەژیانی کۆمەلایەتیدا ، لەویش ئافرەت ، بەمانایەکی تر ئەگەر کۆمەل لەسەر ئەومەفاهیمە هەلانە مایەوە کەبەرامبەر بە ئافرەت هەیە ، پیاو لەلایەن کەسانی ترەوە دەکرێتە کۆبلە ، یا لە حاکمێکی تەنیا کەسی یا کۆنەپەرست وەیا لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانە .

ئەوولاتەی هێزە کەی ١٢ ملیۆنە ، ئەوە جیاوازە لەو ولاتەی لە ٢٤ ملیۆن پێکدێت ، لەبەر ئەوە راستکردنەوەی جێگای ئافرەت وا لە زمارەی تێکرای عراق دەکات وەك بازی دابێت بۆ ٢٤ ملیۆن بە بەراوردکردنی لەگەڵ کۆمەلێکی هاو وێنەدا کە لە ٢٤ ملیۆن پێکهاتبێ و بزوتنەوەی فیعلی دەوری میزووی ئافرەتی بەك کوتەبێ.

لەکاتێکدا ئەگەر مەفاهیمە کۆنەکان بهێلینەوە کاری ئاڵ و گۆڕکردنی کۆمەل هەر بەسەر شانی پیاوانەوە دەمێنێتەوە ، لە زمارەی ١٢ ملیۆن ، بەڵام بەرزکردنی ئافرەت ئەوزمارەیە دوو هێندە دەکەین ، بەوجۆرە جۆری مرۆڤ لە جەوهەردا دەگۆڕێت بەخستنەکاری نیوەی دووهەمی کۆمەلو دانانی لەپەوتێکی میزوویی راستدا بۆ بنیاتنانی کۆمەلگای نوێ .

● ولاتێکمان دەوێت هەموو سەربەست بێت ..

واتە دەمانەوێت ولاتەکەمان هەمووی سەربەست بێت ، نەك بە سیفەی سەربەستیەکی قسەی لێوەدەکەن ، بەڵکو بەسیفەی سەربەستی یەکی شۆڕشگێڕانەی وا کە مۆڵەتو توانایەکی ئەوتۆ بۆ ئافرەت زامن بکات کەوای لێبکات هاوبەشیەکی راستەقینەی شۆڕشگێڕانە لە بنیاتنانی کۆمەلگای عراقی نوێدا بکات ، هەروەها وا لەپیاوبکات کە بەشداریەکی شۆڕشگێڕانەی سەمیمی بکات لەبنیاتنانی عراقی نوێدا وەك بنکەیەك بۆ رزگارکردنی هەموو نەتەوەکە . .

لەسەر ئەم بنچینەیە - ئەی هاوڕیان - حزبەکەتان بۆ چارەسەری مەسەلەکانی کۆمەل دەچێت ، لەوانەش مەسەلەی ئافرەت ، نەك چارەسەرێك بە سیفەی دەستکەوت بە چۆارچێوە کۆنەکە ، وە لەسەر ئەوبنچینەیەی خەلاتێکی شۆڕشە بە ئافرەتی دەکات ، بەڵکو ئەوە پێویستی یەکی سەرشانی شۆڕشە بەرامبەر مرۆڤ ، جا ئەگەر ئەوە پیاوبێت وەیاخود ئافرەت ، هەروەها پێویستی سەرشانی شۆڕشە بەرامبەر بەخۆی ، وە بەرامبەر بیروباوەڕەکانی حزبە فەرماندەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست.

ئەم مافە نوێیانەی ئافرەت .

**لەمافی پیاوان وەرنەگیراوە ، بەڵکو « لەبەشی » زۆرداران وەرگیراوە ، لەدەستکەوتە ناشەرعیکانی زۆرداران وەرگیراوە ، ئەوانەی عراقیان دەچەوسانەوەو دەیانکردە کۆیلەو لەپێشەوە ئیستغلالیان دەکرد .. لە شوێنەکانی دواکەوتن و زۆرداری و چەوساندنەوە ، چونکە عراق نەی دەتوانی مرۆڤ والێبکات کە جیگای راستەقینەی خۆی بگرێت بەڵام ئیستاو بەسیفەی نوێ ، عراق لەتوانایدایە کە جیگای راستەقینەی خۆی بگرێت ، چونکە شوێنی مرۆڤی راستکردۆتەوە ، لەبەر ئەوە ئەمەدەستکەوتە تەنیا هەر بۆ ئافرەت نی یە بەڵکو بە پێی ئەم نواڕینە بۆ ئەوەی لەوەزیری کاروباری ئافرەت دەکا بۆ بوختەترکردنی شوێنەواری حوقووقی و کۆمەلایەتی ؛ وەئەم ئەم کارە بەسەرکەوتوو نادرێتە قەلەم ، چونکە وەزارەتێکی ئەوها لە کۆمەلگای پیاوانی دژبەئەو هیچی لەدەست نایەتو ئەوەی پێویستە وەزارەتێك نیە بۆ ئافرەتان بەڵکو سەرکردایەتێکی شۆڕشگێڕانەیەکە ژیانی کۆمەلایەتی بەگشتی چاك دەکاتەوەو لە پێسەوەی جەدوەلی ئەوکارانەدا کە پێویستن بکرێن مەسەلەی راستکردنەوەی شوێنەواری ئافرەت دادەنێو دەبێ دەستپێشخەری و دەوری سەرکردەیی لەلایەن پیاوانەوە بێ نەك لەلایەن ئافرەتانەوە تا ئەوفیکرەیەی کە وەزیری کاروباری ئافرەتان دەبهێنێتە پێشەوە لەناو ٢٥ تا سی وەزیردا بەرهەڵستی یان لەناودا دروستنەکا ، چونکە ئەوەی لەوەزیری کاروباری ئافرەتان بەسەرکەوتوو نادرێتە قەلەم ، چونکە وەزارەتێکی ئەوها لە کۆمەلگای پیاوانی دژبەئەو هیچی لەدەست نایەتو ئەوەی پێویستە وەزارەتێك نیە بۆ ئافرەتان بەڵکو سەرکردایەتێکی شۆڕشگێڕانەیەکە ژیانی کۆمەلایەتی بەگشتی چاك دەکاتەوەو لە پێسەوەی جەدوەلی ئەوکارانەدا کە پێویستن بکرێن مەسەلەی راستکردنەوەی شوێنەواری ئافرەت دادەنێو دەبێ دەستپێشخەری و دەوری سەرکردەیی لەلایەن پیاوانەوە بێ نەك لەلایەن ئافرەتانەوە تا ئەوفیکرەیەی کە وەزیری کاروباری ئافرەتان دەبهێنێتە پێشەوە لەناو ٢٥ تا سی وەزیردا بەرهەڵستی یان لەناودا دروستنەکا ، چونکە ئەوەی لەوەزیری کاروباری

بەك کۆمەل :

پێویستە لەسەر هەمووتان، ئەم بیرڕایانە بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئافرەت و پیاو پێکەوە ، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەلگای عراق باس بکەن ، چونکە ئێستا کۆمەلگای عراق سایشتیکی جیاوازی لەگەڵ سایشتی ئێمەدا نیە ، بەڵام هەندێ گۆشە هەن کە هێشتا بیروڕاو سایشتی دواکەوتو سەنگەربان تێدا دەگرن ، هەروەها وەکو جاران کۆمەلگایەك نیە کە کرابێ بە دوو کۆمەلگا ، کۆمەلگای ئافرەت و کۆمەلگای پیاوان ، بەڵکو بوە بە بەك کۆمەلگا کە ئەوبش کۆمەلگای عراقی نوێیە. ئامانج لەروون کردنەوەی ئەم بیرڕایانە ئەوەبە بیخەینە بەکارهێنانی عەمەلیەوە بە

ئەوەی لە سەر ئافرەتان پێویستە ئەوەیە هەندێ فیداکاری بکەن تا بۆ هەندێ کۆمەڵگای پیاوان کە هێشتا خۆیان بە پەرژبنیکی داخراو ئابڵووقەداوە ئەوە ئاسان بکەن بەچاوی رووناکی ئەم راستیانە ببینین ، بێ ئەوەی لەدەستمان بچێ،و بەوە شەخسیەتی خۆیان لەچوارچێوەی راستی دا لەو ڕێڕەوەدا کە خزمەتی گەڵو ئەتەوە دەکا دووپات دەکەنەوە.

پێویستە ، لەهەموو موناسەبەیەکدا ، ستایشی ئەوپیاوانە بکەن کە بەشێوەیەکی جیدی لە چاکتر کردنی شوێنەواری ئافرەتدا بەشداریان کردوە .

بەر لەماوەیەك سەرۆك ضیاءالرحمن سەرۆکی دەوڵەتی بەنگلادیش سەری لێدایین ، و هەوەڵشت کەباسی کرد لەبارەی ئەم بیروڕایانەوە بوو ، پێموت ، بێ گومان لەهاوڕێیان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە لەبارەی پەرەسەندن لەرووی تەکنیکی و ئابوورییەوە بیستووتانە بەڵام من باسی لایەنی ئینسانی ی شۆڕش بۆدەکەم و چۆن توانی لەگەڵ ئینساندا هەڵس و کەوت بکاو لەم لایەنەدا گەیشتۆتە چ ئاستێك ، وکاتێك قسەکەمم تەواوکرد ، وتی ئێمە وەزارەتێکمان پێك هێناوە کە ناوی وەزارەتی ئافرەتانە کە بەشێوەیەکی تایبەتی سەرپەرشتی کاروباری ئافرەت دەکا بۆ بوختەترکردنی شوێنەواری حوقووقی و کۆمەلایەتی ؛ ئەوەیە کە دوا قسەکەر بێزەك یەکەم قسەکەر لەم بارەیەوەو تاقیکردنەوەی خۆمانم بۆی باس کرد .

پێویستە لەسەر ئافرەتان هەموو کۆمەلگای پیاوانو هی تر واتێبگەیەنن کە شوێنەواری نوێیان شوێنەواری کاری نوێیە ... شوێنەواری بنیاکاری باشتر .. . شوێنەوارێك بۆ ئازادبوونی راست ... چونکە ئەمە شوێنەوارێکە کە قایمکاری و سەربەرزی دێنێتەدی ، بەوە پیاوان دەخەبنە پێشەنگی ڕێڕەوی ئازادکردنی ئافرەت لە هەموو کۆتەکانو شوێنەوارەکانی زوڵمو دواکەوتوویی .

من دەزانم ئەم مەسەلەیە تاسانیە ، چونکە ئاگادارم لە تەبیق کردنە عەمەلیەکرانەکانی ، چونکە لەحزبداو لە کۆمەلگاداو لەسەرکردایەتی دا لەگەڵیدا ژیاوین ، جا ئەگەر سەرکردایەتی و بەئاگاداریەکی هەمیشەیی یەوە ئەو بیروڕابانەی دانەنا یە کە باوەڕی پێهەبوو وەکو سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی شۆشیالیست، ئەم بیرڕیارانە کە شوێنەواری ئافرەتیان راستکردەوە دەرناچوون ، بۆیە لەسەرکردایەتی داواکرابوو کە بیروڕاکانی حزب بە شێوەیەکی دوورودرێژ رەچاو بگرێ تا لە وەزعێکدا بێ کە بتوانێ تێیدا بڕیارە زانراوەکان دەربکا ... چونکە جگە لەم ڕێگایە ڕێگای تری لەبەردەمدا نەبوو و خۆی لەبیربێ کە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەو ئەمانەتی مەبدەئی پێویستی دەکا لەسەری کەلەگەڵ ئافرەتدا بە شێوەی راست ، لەبەری مەبدەئیوە ، رەفتار بکاو ئەم جۆرە کارە پێویستی بە « وەفاداری » بۆ بیرەباوڕ هەبوو نەك تەنها یادکردنی ، تا سەرکردایەتی بتوانێ تەمبیرانە دەرکا .

عراق شوێنی راستی خۆی وەرگرتوە چونکە چارەسەری شوێنی مرۆڤی کردوە

Institut Kurde de Paris

پردی ئارتا

چۆن دروست کرا ؟

● هەڤال کوتستانی ●

بەم ڕۆژگارە ،
چل و پێنج بەنا ، شەست شاگرد
ڕەنجیان ئەدا .. پردیان
لە سەر ئاوی ئارتا دروست ئەکرد .

ئەڕووخا ..
ئەڕووخا ..

لەکات و شوێنێکی جیا لەم کات و شوێنەی ئێمەدا ، هەر کەرۆژ دەبۆوە ،(بەنا) و کرێکارەکان قۆڵی مەردانەی کارکردنیان لێ هەڵدەماڵی و دەکەوتنە بەرزکردنەوەی چینەکانی ئەوپردەی کە لەپێناوی ڕاژەی خەڵکیدا دروست دەکرا . بەڵام کەشەو دادەهات ، شەیتانەکان ، درندانە بەردەبوونە گیانی پردەکەو هەرەسیان پێدەهێنا. ئا ئاواو بەمجۆرە ، بەڕۆژ کرێکار خوری دەکرد بەپرس و بەشەوشس ، تارمایی و شەیتانەکان ، چی ڕیس هەبوو دەیان کردەوە بە خوری .

بۆئەوەی ڕووباری ئارتا بردی هیوای دوارۆژی میللەتی بەسەر پشتی خۆیەوە ببینیایە ، دەبوایە مرۆڤێ (ئافرەتی) لەژێر پایەکانیا زیندە بەچاڵبکرێ ، . . بێگومان ئەم مرۆڤەش ژنی سەرۆکی وەستایان بوو . . بەمە ئەبوایە بە هیچ مەرجێکی تر شەیتانەکان وازیان لەڕماندنی پردەکە نەدەهێنا . .

لە ئەنجامدا شەیتانەکان بەمەرامی خۆیان گەیشتو میللەتیش بە ئاسوودەیی بەسەر پردی پایە لەڕۆحی ئافرەتێکی هەڵخەڵەتێنراوی چەقیودا ئەم بەرو - ئەوبەریان دەکرد . .

مەزنی دروست کردنی پردەکە لەوەدابوو کە بە قوربانیدانی مرۆڤ هاتەکایەوە. قوربانیەکەش سەرۆکی وەستایان ، نەک بە گیانی خۆی ، بەڵکو بەگیانی هاوسەرە خۆشەویستەکەی خۆی . قوربانیەکەش لەپێناوی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیدا نەبوو ، بەڵکوو بۆ تێکڕای گەل بوو .

لێرەدا ، شەیتانەکان نوێنەری بەردی شەڕن . سەرۆکی وەستایان نیشانەی مرۆڤی دڵسۆزی میللەت و بەرژەوەندی گشتییە . خێزانی سەرۆکی وەستایانیش نیشانەی قوربانیدان و خۆبەختکردنە . پردەکە ڕەمزی ئاوات و ئامانجەکانی میللەتە . کرێکارەکانیش کۆڵەکەی قایم و ئەستووری وەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکانی کۆمەڵن . هەندێ ناواخن و وردە شتی تریش نیشانەو هێمان بۆ شتی تر . بەڵام ئەو پرسیارەی باڵ بەسەر هەموو ئەم شتانەوا دەکشێ ئەوەیە - ئایا تاچ ئەندازەیەك ، هەربەکێك لەمانە ڕۆڵی تەواوی خۆی پێدراوە ؟ -

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی لێوەبکەم ؛ بیری شانۆگەریەکە یە .

کەدەڵێم بیری شانۆگەریەکە هەڵبەتە مەبەستم نووسەرنی یەو نامەویت ڕەخنە لەنووسەر بگرم . چونکە هەروەکوو لەپێشیشدا ووتم . کات و شوێنی نووسەر کات و شوێنی ئێمە نییە . لەبەرئەوە . مەرج نییە هەرچیەك بۆ (ئەوێ) بشێ ، بۆ ئێرەش بەهەمان شێوە بشێ .. جارێکی کەش دەڵێم ، ئێمە دەخلمان بەسەر نووسەرەوە نییە . بەڵکوو ئەوەی هەمانە لەگەڵ وەرگێڕو . دەرهێنەرو ئەنجامدەرەکەندا دایە . چونکە هەموو ئەوانەی بەشداری بەرهەم هێنانی کارێکی ئاوا دەکەن . بەکۆیرەی بە شداری خۆیان لەهەموو لایەنێکی چاك و خرابی کارەکەی خۆیان بەشدارن .

هەر لەسەرەتاوە دەڵێم . ئەکەرچی وەرگێڕ . توانیویەتی سەرکەو تێکی باشیش لەوەرگێڕانی چیرۆکەکەدا وەدەست بێنێ و توانی بیشمیەتی تامو چێژێکی زۆری ئێبەخشێ بەڵام نەیتوانیوە . یابەتێکمان بۆ وەرگێڕێ کە بتوانرێ تا ئەندازەیەکی باش خزمەتی ئەم قۆناخەی ئیمرۆی کۆمەڵەکەمانی لەگەڵ شەبۆلە ووردبلەکانی بێبکرێ .

بۆئەوەی ئەم قسانە بەرامبەر بەوەرگێڕ بە تۆمەت لەقەڵەم نەدرێن ، با جەند خاڵێ لە خالە سەرەکیەکانی پیری شانۆکەریەکە هەڵاوێرین و لایەنەچاك و خرابەکانی دەست نیشان کەین .

- ئافرەت -

کەدەڵێین ئافرەت . بەچاکی - دوو ئافرەتمان دێتەوە یاد . کەڕۆڵی گرنگیان هەبوو . ئافرەتی یەکەم (کابان - کەریزە) ، ژنی سەرۆکی وەستایان . ئافرەتی دووەمیش (پیرەژن - مهاباد) دایکی ئافرەتی یەکەم .

باچارێ لەگەڵ ڕۆڵی ئافرەتی یەکەمدا ڕاوەستین . ئافرەتێکی ڕوح سووکە . داوێن پاك و هێمنە . ئافرەتێکە دوا قوربنی دڵی بەڕووناکی خۆشەویستی مێردەکەی پڕبۆتەوەو هەموو مافێکی خستۆتە ژێر دەستەلاتی مێردەکەیەوە .. (ژیانم هەمووی لەژێر دەسەلاتی تۆدایە ، چی دەکەی بیکە) یان (بەدوای شووەکەی خۆمەوەم . بۆکوێم بەرێ بەرێ دوای ئەکەوم .)

ئەمە وێنەی ئافرەتێکە . کەئەبڕوای بەخۆی هەیەو ئەبڕوای بە یەکسانی هەیەو . . دەبێ ئافرەت شیاوی ئەوە ئەبێ ، کاری مێردەکەی هەڵسەنگێنێ و ڕای دەربارە بڵێ ؟! بۆ دەبێ ئافرەت هەر بەمێشك لاوازو بێتوانا ناوبرێ و تۆمەتەگانیش لەسەر زمانی خۆیەوە ڕەت بکرێن ؟ بۆ دەبێ والە خەڵکی بگەیەندرێ کەئافرەت ئاوایەو ئەوەتا خۆی بەدەمی خۆی ددانی پیا دەنێ و خۆی لاوازی و دەسەلاتی خۆی دەردەخا (ترس دام ئەگرێ ئەگەر زەلامێکی کەوەرەی ئەم جیهانە - مێردەکەی - لەهەر یێما جۆك دادا، من - چیم ؟. . ئافرەتێکی بێ دەسەلاتم ...)

من ئافرەت بە خاوەنی ئەم قسانە نازانم . بەڵکوو خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم قسانە ، (نووسەرە) لەبۆنان و (وەرگێڕە) لەلای خۆمان . یەکێ خاوەنی ئەم جۆرە ڕایانەیە کە بەڕوای نە بە سەربەستی و یەکسانی ئافرەت هەیەو نە بە مرۆڤیی ئافرەت .. یەکێ ئەمە دەڵێ کەهەرگیز بڕوای بەوەنییە کە ئافرەتیش خاوەنی ووزەو توانایەو دەتوانێ چون پیاو ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵدا ببینێ ..

ئەوەی بەتەنك گەڵو نیشتمانەکەی خۆیەوە بێ . ئەوەی بڕوای بە نارادی بێ . دەبێ هەمیشە هەوڵی بووچ کردنەوەی ئەو بەندو باڵۆرانە بدات کە دەیانەوێ لەڕۆڵی ئافرەت کەم بکەنەوە . چونکە تێڕوانینی ئاوا هی مەرجی بوونی ئەکەرەی سەر ڕێی تێکۆشانی میللەتن . ئێمە دەبێ بەهەموو شێوەیەك هەوڵی خۆش کردنی ڕێی بەشداری ئافرەت بدەین لە خەباتی ڕزکاری میللەتەکەیدا مابۆئەمەش دەبێ ڕووە ڕاستەقینە زانستیەکانی ئەم مەسەلەیە بخەینە ڕوو ئەك هەروەك چۆن لە کۆنەوە بە شێواوی بۆمان ماوەتەوە ئاوا دووبارەو .. سێ بارەی بکەینەوە . .

شتێکی ناڕەوایە . دایك ئەوەندە خۆبەرست نیشانی جەماوەر بدرێ وا لە خەڵکی بکەیەنرێ کەگوایە دایك (ڕۆڵە) ی خۆی بەهەزار گەڵو نیشتمان ناکۆڕێتەوە .. ئێمە لەجیاتی دایکی ئاوا بکەین بە نموونەی دایکانو بڵێین دایك ئاوایە . دەبێ هەمیشە دایکی خۆڕاگرو شۆڕشگێڕ بکەین بەنموونەی دایکی خۆمان .. دەبێ دایکمان مرۆڤ بێ ، نەترسو خەباتگێڕ بێ ..

کارێکی تابڵێی ناڕەوایە . ئافرەت ئاوا دەستەوستانو لاوازو ترسنۆك نیشان - بدرێ لە بەشداری کردنی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵدا دابڕورێ ..

هەرچەندە تارمایی و شەیتانەکان ، . . . هێمان (ڕەمزن) بۆ خرابەکارو تاوانبارەکان ، بەڵام ئەوەند زل کردنیانو بشمت بەستنێکی نەستوور بە (خرافیات)و شتە نادیارونەبووەکان ، . . وابزانم - کارێکی (سلبی) دەکاتە سەر دەروونو بیری هەندێ کەس . ئێمە لەکاتێکدا پێویستیەکی پیرۆزی سەرشانمانە کە بە هەموو جۆرێ هەوڵی بەدرۆ خستنەوەی هەموو شتێکی ئاوابدەین و بیانخەینە بنی کۆمی پیرچوونەوەوە ، چۆن دەبێ ئەو شتانەی کەنیشن .. ئاوا دڵبکرێن بەسەر خەڵکەوە بکرێن بەدئوزمەو چەبۆکی دەسەڵاتیان هەموو لایەك داگیربکات ؟! چۆن دەبێ توانای مرۆڤ ئەوەندە لاواز بکرێ و دەسەلاتی تارمایەکان سەرووی دەسەلاتی مرۆڤبکەوێ و هەر شتێکی بەئارە زووی شەیتانەکان نەبێ کردنی مەحاڵ بێ ؟!

خۆناشلوێ - وەرگێڕ - کەوەك نووسەرە بۆئێمە : بڵێ . ئاخر ئەمانە ڕەمزن . . ڕەمزی خرابەن . ئێمە بەو مەبەستەی خرابەکان هێندەی تر لای خەڵکی ڕەش کەین و دڵی خەڵکیان لێ بڕکەین لەقین . بۆیە ئەم ڕەمزانەمان بەلاوەبەسندن .

● بەڵامنا . نابێ ئەو ڕەمزانەی کەخزمەتی کۆڕانکاریەکانی ئیمڕۆی ئێمەناکەن ، بەکاربهێنین . . هەموورەمزێکی لەم چەشنانە زیاتر چیرۆك بەرەو خەیاڵو نەدێشە ڕادەماڵێ و زیاتر لەڕاستی دووری دەخەنەوە . .

ئێمە دەبێ هەردەم ئەوەمان لەبیربێ کەدەبێ ڕەگمان بە خاکی (واقیع) دا بڵاوبکە - ینەوە نابێ هیچ دەمێك دەرفەت بە خەیاڵ و خرافیات بدەین و نابێ بهێڵین گەمارۆی ڕاستیەکانمان بدەن .

چینی هەرەشۆڕشگێڕو چەوساوەی کۆمەڵو بنیاتنەری پاشەڕۆژی مرۆڤایەتی ، لەهەموو شوێنێکا هەر کرێکارەو هەمیشەش لەپێناوی ئەم پاشەڕۆژەدا خەبات دەکاتو ڕەنجی نەپساوەو ئارەقی گەرمی کارو تێکۆشان دەڕێژێ .

کرێکارەکانی پردی ئارتاش هەر کرێکاربوونو ڕوونی دروستکردنی بردەکەدا ببینی . بەڵام هێشتا ئەو ڕۆڵەی بەوان درابوو . ئەم ڕۆڵەنییە کە کرێکار لەخەباتی میللەتدا .. دەببینێ ئەگەر کرێکار ئاوابێ کە لە ئارتادابینیمان . ئەوە بێ دوودڵی دەڵێم کرێکار ناتوانێ لەخەباتی هاوبەشیاندا . پێشەوایەتی چینە شۆڕشگێڕەکانی تری کۆمەڵ بکات .

ڕاستەکرێکارەکانی ئارتا . ئازان . دڵسۆزن ، ئیشکەرن ... هێند بەڵام هەڵوێستو سەرەکیشیان لە - بیریان ، هەڵوێست و بیری کرێکارنییە . بۆیە سەربنیە ئەگەر لە هەندێ شوێندا هەڵوێستی بڕۆایانەیان هەبێ وەك کرێکار ڕەفتار نەکەن . لەکاتێکدا چینی کرێکار زیادلە - هەموو چینەکانی تری کۆمەڵ بەتەنك بەرژەوەندی کۆمەڵوە یەو هەڵوێستی چەساوی ڕاستیو ڕاستی خۆی هەیە بەرامبەر بە هەموو مەسەلەکان . لە هەموو چینەکانی تر کەمتر مرۆڤی ترسنۆك و ڕاڕان تێدا هەڵدەکەوێ . کەچی بە بێچەوانەوە . کرێکارەکانی ئارتا . هەرچەندە نوێنەری چینی کرێکارن .. نوێنەری چەوساوەترین و سۆڕشگێڕترین و دڵسۆزترین چینەکانی کۆمەڵن بەڵام ،. . .

× ×

دەرهێنان

ئەوەی کەزیاتر تامی بە شانۆگەریەکە بەخشیبوو . بالایی دەرهێنانەکەی بوو . خۆئەکەر ئەم دەرهێنانە نایابەی دەرهێنەر نەبووایەو جوانی نواندنی ئەکتەرەکانو هەندێ ناواختی تر نەبووایە . ئەوە تا بڵێی شانۆگەریەکی لاوازی لێ دەردەچوو .

من ئەمە بەکەم دەرهێنانی دەرهێنەرە دەبینم . زۆر بە لامەوە سەیرە ماندووبوونێکی زۆر لە ڕۆژکرێکی وەك ئەمڕۆداو لەگەڵ بابەتێکی ئاوادا . تۆبڵێی ئەمیش هەر هەمان هەڵوێستو تێڕوانینی نووسەرو وەرگێڕی هەبێ ؟ !

یان مەسەلەی هونەر بۆهونەرەکەیەو هیچی دی ؟!

× ×

بەگشتی ئەکتەرەکان . بەچاکیو بەڕێك و پێکی ڕۆڵی خۆیان دەبینی ، دەتوانم بڵێم هەر لە (گەریزە)و (مەهاباد) و (جهاك دڵپاکەوە) هەتا منالە بچووکەکانی دوایش تا هەرهەموویان ڕۆڵی خۆیان بەسەرکەوتوویی بینی .

ئەوەش کەزیاتر تامی بەشانۆگەریەکە بەخشیبوو . جوانی وەرگێڕانی هۆنراوە - کانو دەنگە ناسکەکەی کاك (فاضل قصاب) ی سارژەنو ئاوازە پڕ بەکاڵای هۆنراوەکانی مامۆستا ولیم یوحنا و مۆسیقاکەی ئەنوەر قەرەداغی بوو .

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەگەر مەسەلەی (پیر) وارلێ بێنین و لە- دەلاقەی هونەریەوە بڕوانینە شانۆگەریەکە ، ئەوە دەتوانم بڵێم . کە سەرکەوتنێکی زۆر چاکی بەدەستهێناوە و ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێ ، سەرەتایەکی تری دەستپێکردنەوەی چالاکیەکانی تیپی نواندنی سلێمانی بێو لەم چەق بەستنەی قوتاربکات. لەپێناوی پێشخستنی شانۆی کوردیدا هەنگاوی مەزنیش بێ .

بەڵام خۆزکە لەبەرهەمەکانی داهاتوویاندا ،لایەنی هونەری ئاوا ئایابیان بەبەری ناوەڕۆکی بەپێزو بیری پێشکەوتوو - خوازدا دەکردو هەوڵی پێش کەش کردنی ئەو قۆناخەو دوارۆژی میللەتەکەمان دەکەن .

چل و پێنج وەستاو شەست شاگرد .

لەسەر ئاوەکەی ئارتا . . بردی مەبەستیان دروست کرد.

ئەوسا ئیتر . .

فرمێسکی چاو ووشکی کردو ؟ . .

لاوانەوەش ؛ . .

بەخەی دڵی بەستی بەردا .

× ×

دوو تێبینی :

١ - پردی ئارتا ئەوەمانۆگەریە بوو کە .

جۆرج شنۆتۆکا نووسیویەتی .

بڕوانە : ل : ٧

وێنەگرتنی «نەوروزی دۆکانی ١٩٧٨» بەکامیرای شیعر

م . مەنگوری

ڕۆژی نەورۆز چوومە دوکان بۆ نێکای جوانی بەهەر
بۆ بەڕی کردنی (زستانی) چارەقورسی نالەبار
بۆ نیکای جوانی کوڕو کچ ، بۆ تەماشای کوڵمی یار
بۆ زەماوەندو هەراو سەیرانو هەڵپەرکێو نیگار
هەر لەماڵ دەرچووم تەماشام کرد سلێمانی هەموو
وابەرەو دوکان ئەڕۆن ئازادە ڕێکای هاتوچوو
یەك کەڕەت شاری سلێمانی جلی شایی لەبەر
کچانی ئەوشارە هەموویان وەك پەری کەوتبوونە گەر
بێ قەنی مەکیاجو ئارایش لەپێوە تاکوو سەر
بالی تەیری خۆش بەزی ئەشکان بڕۆو تیری نەزەر
هەر لە (قلباسانو تاسلۆجە) مۆغاغو گانیخان
تاقمی سەیرانکەران لێی دا بەزیبوون زۆرجوان
کچ لە ناو مێرگو گیا دانیشتبوون بەکجار شیرین
گا لە کەڵ تاقمی کوڕان دەست لەناو دەست چین بە چین
وا لە هەرلا (ڕەش بەلەك) تالانی کردبوو هۆشو ژین
دەشتو دۆڵ تێکڕا هەموو پڕبوو لەقاقای پێکەنین
هەرچی ئەندی مەستو سەرخۆش بوو بە پێکی چاوی یار
پڕ لە هەستی خۆشویستنبوو کەژو کێوو نزار
خانمانی شەنگەژن ئەو ناوەیان مەست کردبوو
بۆنی مێخەك بەندو بەرمور پەکی زانای خستبوو
زراوی کەنجانیان بە پرچو ئەگریجەی ڕەش بردبوو
هەرچی ئەندی ئەوبەپڕی فەننی لەخۆیا کردبوو
ماسیەکانی ناو چەمیش سەرسام لە بووزی واسمی
چونکە ماسی خۆی ئەدیبوو وا بەلووسی « هەڵچەپی»
زۆر لە سەیرانکەر بنەبەرکی مۆدەوە هاتبوونە ناو
« مووسڵو بەغداو شاری بەسرا » هەر لەژن تا پیاو
دەستیاکردبوو بەشایی و ڕەش بەلەك یەکجار تەواو
جوانی کوردستان هەمویانی بەدیل کرتبوو بەچاو
بۆنی سمڵو نەرکزی خۆکردی دوکانی عەزیز
برایەتی کوردو عەرەبیان بێ ئەسەلماندن بەڕیز
کچ بە « ڕاداری » کواره بەرقی کرتبوو سینکی کوڕ
وابەڵوبۆی بەستبوو خستبووی لەتینو خۆش و کوڕ
هەرزەقەی چاوی ئەهات و تێئەفکری مەستو ووڕ
ئەی ئەزانی چۆنی ڕزکاربێ لەکێشی دانی دوڕ
کۆبەڕۆکی ژن لەکاتی هاتوچۆی خرینکانەوە
(کۆترو کەندەسمەی) ئەکردە دەر لەناو هێلانەوە
سەرکورەشتەی کاوەو زوحاکی زۆرداری چەبەڵ
دەستی بێ کرابوو لەلایەنی کۆمەڵێکی زۆر خەزەڵ
موژدەی ڕزکارو سەربەستیان ئەدایە خاك و کەل
هەرووناری خۆشویستن بوو لەداهاتووی ئەمەل
شاخی « کوسرەت» تا « قەڵای میری ڕەواندز»چین بە چین
شاعیرونووسەر لەوێ بوون دایان کوتابوو دەرسی ژین
دەشتودەر پڕبوو لە « بەیوونو هەڵاڵە »و خەرتەلە
« تۆزاەکەو سیلك» ژنانی خستبوونە هەڵهەلە
بیاوو ژن دەورێکی بەرزیان بوو لە ناوفرکێو مەلە
کەس لەسەر ڕەوتی نەمابوو تێرومێ کەوتبووە پەلە
چەند کە خۆت دوورکرتبا دووربی لەتێوەکلانی مەی
چاوی ناردار وای ئەکرد هەرمەستی یاربی تاکوو هەی
جابە ئەمبێ بەیە بەردو پیری بەهار چووینە دوکان
بووکی نەورۆزمان بەشایی و زەمزەمە لێدابەزان
نوخشەبێ ئیتر کەلی کوردیش هەموو ڕۆژو زەمان
سالبەسال جوانتر ببینی بەرزی خاك و نیشتمان
خواو لەکەل سەیرانکەرانی نەورۆزو جوانی بەهار
هەربژین دایم بەهەستی خۆشویستنی چاوی یار

بیرنگی ڕاگوزاری

بۆ زیندوویەکی مردووی خۆشەویستم

د . برایمی عەزیزی برایمی

لە ئەمڕۆوە بریارمدا ،کەمن شێتبم ... بەنیازی ئەوەی . شێتبم وردە وردە پێبکات .. بەربدات .. . وەك درەختێ ، کە تازە ڕوابێ و بەرهەمی شەیدایی بەمنی ساغ پێشکەش کات... ئەك بە ئەندێشەو لەگۆمی مەنگی مێشکا ئاسای وردە مەلەوانی بکا . بەڵکو ڕاستیەك بێتو بێتەدی وبۆم بێ بە دەریایەکو من خۆم تێدا بیم بەوماسیانەو مەلەوانی بکەمو دوڕو مەرجانی بکەم بە هاوڕێو دۆستو خۆشەویستم ... لەگەڵیان شەوگار تێدا بەسەربەمو سۆزی دەرونمی خۆمیان بۆ هەڵڕێژم چەشتی نەمنەمەو ڕەهێڵەو شەستیارانە ... قسەکانم والەو دڕو مەرجانەن بکات ، کە بێنە گرو لەناو ئاودا ئاگر گرنو بمسوتێننو بمکەن بە بەخەڵووز ... بە ڕەژو... بۆ پەنگری ڕۆژی داهاتوو ... گەربۆیان نەڵێ گورجەگورجە . . . گورج گورج بچنە ناو وردترین دەمارەکانی خوێنم ومژدەی واتای خۆشەویستی بپرژێننە ناو مێشکم ... و ... زانستانە وەك ژیلەمۆ لەناویدا چەشنی مێروولە ئاوێنەی کەنو هێلانەی بۆ خۆیان تێدا دروستکەن... سۆزی مرۆڤ ... سۆزی پیاو ... وەك ڕێواسی بن بەردووکەیە تەڕو بەتامو مزرە ، کە بەگرمەی هەورەتریشقە وتەقەی دەرگاو .. گڤەی باو .. ترینگەی شەمالو گریەو نازی کۆربەی نازیز ڕوابێتو بجۆشێتو خۆشی بنوێنیو بە ئەسپایی خۆی لەگی ڕستانی مەمو زین نزیك- کاتەوەو مردووەکان زیندو- کاتەوە ... لێیان بپرسێ لەژێر خاکا ... لەویەڕی دنیا ... لەجیهانی دووهەمدا ... لەجیهانی گۆڕستان ... لەجیهانی ئێوەی مردوان چیهەیە؟ ... چۆن ئەقین پەروەران ڕوو لە ڕووناکی ژیانی بێژیان دەکەنو لە خیابانی نائومێدیو بێنەوایی دەست لە ناو دەست بەپێ دەهەنجنو دەچنە تووڵەڕێی ناو لێرستانی ترسناکو پڕ ستەم ... لەوێدا تەلاری بەرزی قەشەنگو پەرژین کراو بەگوڵو گوڵاڵەو نەرکز ومێلاقو شەوبۆ ... لەسەر سەوزەگیای ئاوەنگدار دروستبکرێتو لانەی بۆ کۆترو بولبول لەسەر دیوارەکان نەخشکرێن ، تا بەیانیان بە گمەگمی کوترو نەغمەو ناوازی بولبول... جۆش بێتە خرۆشن ... ئەندێشەی واخۆش جیهانی لەش دابگرێ ... هەوای سەودایی و لێدانی دڵ نەوایی لەگەڵ قاسپەی کەو بولبولی شەیدا ... قوولایی هەرەقوولی دڵ بێنکێ بە تیشکێ ... هەستی مردووی تێدا بزوێنێو خۆشەویستی تێدا بڕەنجێنیو گۆرانی گوردی ڕەسەنی ((تاکەی.. تاکەی .. تا .. کەی .. هۆشم لای تۆبێ ... خوایە گیانم لای تۆبێ))ی تێدا بێتە هاتوچۆو پیاسەو گەڕانو شەیدا ... هەرواو سەری هەڵبڕی ، کە دینیوا برادەرە ئازیزەکەی لەبەرماندوو بوونی وەستان چەماوەتەوەو یەکسەر پێی ووت:کوڕە خۆ تۆشی والێرەی ... قەی ناکا باخوا بەخێر بێی ... لە وەلامدا ووتی : خۆشبیتو جارجارەش من لەگەڵ خۆت بەرە بۆ ناو دەریای ئەندێشەی سەرمەدی ....

Institut Kurde Paris

هەمیشە نەورۆز

● عوسمان هەوراهی ●

جاوی نەورۆز
ئاسۆی کەشی پڕ ئاواتی دێرینمان
لە بیبیلەی نەمریدا
بە جۆشی کلپەی دڵداران
ئەلاوێنێ .
خەندەی دیدەی پڕ لە تینی خۆشەویستی
لە توێی هەستی بڵندیدا
ئەنەخشێنێ ، . . . .
فراوانیی بەرایی چاوی ئازادی
بە درێژاییی تیشکی سنوور
بە گزنگی دەستوبردی
وا زوو بەزوو
مێردەزمەی پەستی و سستی
ئەتارێنێ . . . . .
ئاواتە زۆر شینەکانی ئاخ و بازوو
بە شەونمی گۆنای نەورۆز
ڕوانەوە ؛
گەشانەوە . . . . .
لەگەڵ چەرخی وەرچەرخان بۆ هەواری نوێ
بە هەزاران
کرۆکی کینەی خۆشەویستی
ژیانەوە ، . . . .
لە دەفی خەندەی نەورۆزا
چرکەکانی دڵی مێژوو
هەناسەی شادی ئەنێنن
لەکەل سروەی بەیانیدا
بە کوێی هەستا ئەچرێنن
لە قوولاییی قاقای سپی سەر لوتکەدا
گوڵی متی سنگی شەبدابانی نەورۆز
کەوتە لەنجە
کەوتە سەما . . . .
لەکەل هەورازبوونی جەژنا و
شنەی کزنگی ئالیدا
لە ناو کلپەی ئاخی ڕۆژا
لە سنوور بەدەر
کۆربەی خۆری دیدەی بەهار
کەشتر ئەکەشێتەوە .

× ×

لە دامێنی گەرمی مەستی
یادەی ئالی دەم نەورۆزا
وا سەراپا چەرخی
لە باوەشی
فراوانیی تیشکی پیرۆزا تۆمارە ، . . .
هەست شادان و
ژیان هەمیشە بەهارە
نەورۆز هەمیشە بەهارە

دەقی تەواوی بەیاننامەی بەرەی نیشتمانی ونەتەوەیی پێشکەوتنخواز

خوێندنەوەیەکی مەوزووعیانەی بەیاننامەی هەندێك لە حزبە شیوعییە عەرەبیەکان

وادیارە هەندێك لە حزبە شیوعییە عەرەبیەکان زوربەی کات سودیان لەوهەڵەیانە وەرنەگرتووە کەتێی کەوتوونو ئەونشوستیانەی بەسەریاندا هاتووەو بووەتە هۆی کزبوونەوەی دەوری سیاسیی یانو دوورەپەرێزیان لە جەماوەرو ئاواتەکانی بەهۆی نەتوانینیانەوە لە تێگەیشتنی واقیعی عەرەبو بەخششەکانو دیاردەکانی، تێگەیشتنێکی زانستیانەو بەدڵو گیانەوە، تێکەڵ بوون لە گەڵیانداو پشت بەستنیان بەشی کردنەوەی ئامادەکراوو تیکستو بۆچوونی، مجرد، کە خستوونیە هەڵەی زۆرەوەو وایلێ کردوون نەتوانن هەڵوێستی دروستو گونجاو لەگەڵ خواستی جەماوەرو، ئاواتەکانی ودڵ لێدانی راستە قینەیدا پیشان بدەن.

ئەوەبوو هەندێك لەمحزبانە هەڵوێستی خراپیان هەبوو دەربارەی چەندین مەسەلەیەکی زۆر واقیعی تێکۆشانی عەرەب هێنانیە کایەوەو نەیانتوانی لێی بکۆڵنەوەو لێی تێبگەنو پەنایان بردە بەرتیکستی حەرفی یانە بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان دەربارە دیاری بکەن، تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر بەو جۆرە بزووتنەوەی نەتەوەیی شۆڕشگێری عەرەب کە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی بانەی هەیە سەیر دەکرا کە بزووتنەوەیەکی چینە برژواکان سەرکردایەتی دەکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یە چەوسێنەرەوەکانیانو دژی دروشمی یەکێتی عەرەب وەستانو داوای زاڵبوونی مەنتیقی گەریانداوو ناوی ئەوانەی داوای یەکێتی یان دەکرد بە شۆڤینیو رەگەز پەرەست ناودەبرد. بەڵام دوای ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێری عەرەبی سۆشیالیستی یانە بوو بە تەووژمێکی مێژوویی و گەلی بەگوڕو دوای ئەوەی دروشمی یەکێتی بوو بە ئەو دروشمەی هاووڵاتی یەکان لە سەرانسەری خاکی عەرەبدا دەخرۆشێنێتو بۆ تێکۆشانو چوونە جەنگەکانی چارەنووسی یەوەیان رادەکێشێت، هەندێك لە حزبە شیوعییە عەرەبیەکان ئاگاداری هەڵەکانی خۆیان بوونەوەو ناچاربوون زۆری بۆ چوونوستراتیژییەکان دەست تاری بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ووروژمی جەماوەری لە وڵاتی عەرەبدا بگونجێن، کە بەچەند هێزێکی نەتەوەیی شۆڕشگێری پێشکەنگی تازەوە نووساوە گرد بوونەوەی گەلیان لەدەور مەزن بووەو دەورێکی مێژوویی لە بواری نیشتمانی عەرەبدا دەگێڕنو سەرکردایەتی ئەو گۆڕانکاریە بەیەك لادا خەراڵەوەدا دەکەن کە تیایدا رووەدەدەن..

ئەنجا بەهۆی ئەمو هەڵەوهەڵیستانەوەبووبۆیە هەندێك لە حزبە شیوعییەکان لە نیشتمانی عەرەبدا بوون بە نیمچە حزبو بەدەستی لاوازی جەماوەریانەو دوورەپەرێز بوونی و چوونە ناوقاوغی خۆیانەوە دەناڵینن و بوونەتە هەیکەڵو تەکیەی تیوردا نەرو ڕۆشنبیرەکانیان ئەوانەی باشدەزانن تیوردابنێنو قسە دروستبکەنو شی کردنەوەی ئامادەکراو لە هەگبەکۆنەکانەوە دەربهێنن بۆ ڕافەکردنی ئەمدیاردەیە یان ئەو دیاردەیە لەگواتیمالا یان لەیەمەن یان لە فەرەنسادا رووی دابێتدوور لە تێگەیشتنی واقیعو بزووتنەوەی دڵ لیدانو هەستو ئەستی جەماوەرەوە، پتر لەوەی کە حزبی شۆڕشگێرینو تێکەڵاوییەکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ جەماوەرو بەرژەوەندیو هیواو ئامانجەکانیاندا هەبێت بەم جۆرە زیاتر لە جەماوەر دوورەپەرێز بوونەوەو دوورکەوتنەوە لە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکان بەتایبەتی چینی کرێکاران عەرەبو جەماوەری چەوساوە کە ئەم ئەمحزبانە بەناوی ئەوانەوە قسەدەکەنو، دەڵێن گوایە نوێنەرایەتی چینایەتی یان دەکەن کە پەیوەندییان بە چەندین هێزی شۆڕشگێری پێشەنگی نوێوە هەیە، توانیویانە لەگەڵیاندا تێکەڵ بچرژێن، لەدەوری خۆیان کۆیان بکەنەوەو. بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بیانخەنە بزووتنەوە ئەوەبوو چینی کرێکاری عەرەب لەواقعیدا لەنێوان ئەوەوەیەو رووداوە دیارانەوە دەرکی بەوە کردووە کە ئەوانەی شۆڕش دروستدەکەنو گۆڕانکاری مێژوویی و بەیەکلادا خەرانە دەهێننە کایەوە لەبواری واقعیدا ئەوانە ئەوکەسانەنین کە دەربارەی شۆڕش دەدوێن لەنێوان ئەو ووتە ئامادەکراوو ووشکانەوەو ئەوانە کە واقیعی نوێی دروست دەکەنو دەستکەوتەکانی بۆ وەدی دەهێنن ئەوانە ئەوکەسانەنین کە ووتەکان دەربارەی رزگاربوونی کرێکاران و کامەران بوونیان دەجوون بەڵام هیچ شتێکیان لەپێناودا ناکەن.

هەندێك لە حزبە شیوعییەعەرەبیەکان کە بەوە ڕاهاتوون موبالەغە لە تەقدیرکردنی دەوری سیاسی خۆیان بکەن بۆ ماوەی چل ساڵ نەیانتوانیوە رووداوێکی شۆڕشگێری گەورەو ڕیشەیی دروستبکەن بەتکوو سیاسەتی نامۆبەکانیان وای لێ کردن لە جەماوەرو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان دوورەپەرێزبن بەهۆی وەستانیان لەدەرەوەی چوارچێوەی مێژووی نەتەوەیی و ئەوتێکۆشانانەی تیایدا رووبانداو بەتایبەتی هەڵویسەکانیان دەربارەی مەسەلەی فەلەستین کەپشت بە فیکرەی مانەوەی قەوارەی زایۆنی و ددان پیدا نانی دەبەستن.

ئەمحزبانەکە وایان لێهاتووە لە پەراوێزی بزووتنەوەی تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانی و بزووتنەوەی جەماوەری شۆڕشگێردا دەژین لەمدواییانەدا کۆ بوونەتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی گرنگترین ئەورووداوانەی کە لە بواری عەرەبو جیهانیدا رووبان داوە. بەیاننامەیەکی دوورودرێژیشیان دەربارەی گرنگبوونەوەی ئەوانیان دەرکردووە بە لێکۆڵینەوە باسی گرنگترین ئەم رووداوانە دەکات کە لەم دواییانەدا ساحەی نیشتمانی عەرەبو جیهان بەخۆیانەوە دیتوەو رووداوەکانی دۆخی عەرەبو پتربوونی هێرشی ئیمپریالیو زایۆنی دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبو رووداوی چەندین رووداوی ترسناك بەهۆی ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی عەرەبی لەنێوان ئەم بزووتنەوەو هێزە ئیمپریالیو زایۆنی و کۆنەپەرەستەکاندا بگاتە چەندین ڕادەی نوێ لەپێش هەووشیانەوە کە خیانەتکاری یەکی ئاشکرای سادات کردی بە مۆرکردنی ڕێککەوتنی کامپ دێفید کە ئەویش لەسەرجەمی ئەو پەیرەوەیەوە هاتە دی لەوکاتەی هاتووەتە سەر دەستەڵاتو لەدیارترین رواڵەتەکانیشی هەڵویستی پاشگەزبوونەوەو بوو لەو گۆڕانکاریانەی لەمیسردا هاتنەدیو لایەنگیری کردنی تەواوی ئیمپریالیەت، هەروەك چۆن لەبەیاننامەکەدا هاتووە.

بەیاننامەکە باسی دیارترین رواڵەتی باشی کردووە کە لە پێشچاو، ئەویش پەیرەوی سازاندنە خۆبەدەستەوەدەرانەیە کەبەسەردانەکەی سادات بۆ قدسی داگیرکراوو کامپ دێفیدو هەموو ئەو هەنگاوانە کۆتایی پێهات کە بەیاننامەی حزبە شیوعییەعەرەبیەکان بە خیانەتو پاشگەزبوونەوە باسی لێوەکردوون..

هەندێك لەحزبە شیوعییەعەرەبیەکان کاتێك ناڕەزایی خۆیان دەربارەی هەنگاوەکانی سادات دەربڕی کە بەخیانەتکاریو پاشکەزبوونەوە ناویان برد ناڕەزایی خۆیان دەربارەی ئەوپەیرەوە دەرنەبڕی کە سادات هەر لەسەرەتاوە لەسەری دەڕۆیشتو کە بەم ڕێگایەی گەیاند ئەوەیشی پەیرەوێکە باودەکەین هەندێك لە حزبە شیوعییەعەرەبیەکان دژی ناوەستن بەنگو وەك شتێکی مەبدەئی لەگەڵیدان بەڵام لەسەر هەندێك تەفاصیل یان شیوازی جێبەجێ کردنی جیاوازن، ئەوەبوو هەندێك لە حزبە شیوعییەعەرەبیەکان پروپاگەندەیان بۆ چارەسەریەئاشتیخوازانەکان دەکردو بەوەیان نەدەهاتە پێشچاو کە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی بەدەرنو، وایان دادەنا ئەگەر هاتوو کۆنگرەی جنیف بەسترا و عەرەبیان کرد دوابەدوای مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی کامپ دێفید، ئایا ڕازی نەبوونێکی دیاری سەر لاپەڕەکانی چەند ڕۆژنامەیەکی دیاری کراویان ئەو بەیاننامانەی لە چەند حزبێکەوە دەرچوون دژی پەیرەوەکە نەوەستان بەڵام دژی (دەستپێشکەری یەکە) وەستان.. دروستی کرد؟ دوایی کێبوو واقیعی عەرەبی جووڵاندو داوای کرد خیانەتکاریو خۆبەدەستەوەدانو کڕنووش بردن ڕەفز بکرێتو بەرەنگابوونەوەی نەخشەکانی ئیمپریالیو زایۆنی ببێتەوەو بخرێتە بەرهێڵی خۆڕاگرتنو داوای کرد اجراءاتی نەتەوەیی سەر کۆتەکەر بەرانبەر بەو نەخشەیە وەربگیرێت؟ ئەو دەستپێشکەری یە مێژوویی یەی هەرێمی عراق نەبوو کاتێك عراق داوای کرد کۆنگرەیەکی بەرزی عەرەبی ببەسترێت هەموو دەوڵەتە عەرەبیەکانی تێدا بەشدار ببێت بۆئەوەی لەسەر نزمترین هەڵویست سەبارەت مەسەلەی نەتەوەیی سەرەکی کە مەسەلەی فەلەستینە ڕێك بکەونو بەرنامەیەکی مەرحەلیانە بخەنە پێشچاو مەرجو بناغەی کۆبوونەوەی نەتەوەیی (عەرەب)ی تێدابێت ئەنجا بەو بەیەك گەیشتنە هەموو هێزە دەوڵەتیە گەورەکان ئامادەی بوونو بەشداری یەکی کاریگەری یان تێداکرد ئەوا چارەسەری یەکی چاك بۆ مەسەلەی فەلەستین دابین دەکاتو ئەم حزبانە لەپێشدا لە شی کردنەوەو هەڵویستیاندا دەربارەی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ هێزە شۆڕشگێریی یە عەرەبیەکاندا جیاواز بوونکە ئەمان بەرەنگاری پەیرەوی سازانیان دەکردو بەتونو تیژی دژی دەوەستانو بەرانبەری وەستانێکی مەبدەئیو پتەو ڕادەوەستانو شەجبی هەموو هەنگاوانێکیان دەگرد کە لە سەر ڕێگای ئەم پەیرەوە دەهاتە دی ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە پەیرەوێکە هیچ ناهێنێتەدی ئەو نەبێت بەرژەوەندی یە نەتەوەییەکانو مەسەلەی مەرکەزی عەرەب ومەسەلەی فەلەستین بەفێڕو دەدانو لەپێشەوەی هەموو ئەو هێزانەوە کە ئەم پەیرەوی خۆبەدەستەوەدانەیان ڕەفز کرد عراقی شۆڕش بووو بەمەرۆکەیەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست.

ئایا کی بوونەوەی ئەو ڕاجەنینە جەماوەریە خرۆشاوەی خوئقاند کە بەیاننامەی حزبە شیوعییە عەرەبیەکان لێوەی دەدوێت؟ ئایا ئەوانەی بەپەیرەوی سازندەکان قایل بوون یان ئەوانەی بە تونڵی دژی ئەم پەیرەوە وەستان و هەڵویستێکی مەبدەئی یان بەرانبەری هەبوو؟ دوای ئەوەی کێبوون ئەو تافمانەی بەشداری یەکی خوئقاندنی باری ڕاچەنینی جەماوەری واقیعی عەرەبدا ڕوویانداوەو دەستی بۆ ئەوە بردووە کە لەناوچەکەدا بەرانبەر بەوە ڕاچەنینێکی گەلی خرۆشاوی دژ بە خیانەتو تەجاوب ئاڕدێکی ڕەسمی لەگەڵ ئەم ڕاچەنینەگەلی یەدا بەخۆیەوە دیتووە بەچەندین شێوەی جۆراوجۆرو لەچەندین ڕادەی جیاوازدا دەرکەوتوونو بەئانامەکە دیارترین رواڵەتەکانی ئەم ڕاچەنینەی ژماردووە لەوانەیش بەستنی کۆنگرەی بەرزی عەرەبو، مۆرکردنی پەیمانی کاری نەتەوەیی هاوبەش لەنێوان عیراقو سوریادا.

بەڵام هەندێك لە حزبە شیوعییەعەرەبیەکانو بەهۆی ئەوەی پشت بەستنیان بە تیکستو شی کردنەوەی ئامادەکراوەکانەوە نەیانتوانی ئەم دیاردەیانە بە شێوەیەکی زانستی ڕاستەقینەیانە تێبگەنو بەو مەوزووعیەکانیان بگێڕنەوەو ئەوهێز کارتێکەرانە بدۆزنەوە کە پشتیانیان گرتبوو، ئێمەیش لەگەڵ ئەم حزبانەدابن کە ڕێککەوتنامەی کامپ دێفید هەنگاوێکی خیانەتکاری یە چەند کاردانەوەیەکی خراپی بۆسەر بزووتنەوەی تێکۆشانی عەرەب هەیە بەڵام ئایا ڕێککەوتنامەکە بەشێوەیەکی کوت وپڕی یان بێ پەیوەندی بەو رووداوو وەقائعو سیاسەتانەوە کە ناوچەی عەرەبی بە خۆیانەوە دیتبو هاتەکایەوە؟ یان بەرەنجامی ڕێروکردنێکی زانراوە کە چەند ساڵەو لەدوای جەنگی حوزەیرانەوە خراوەتە پەیوەندی یە نوێیەی لە نێوان عراقو سوریادا ئەوەی لە هاتەکایەوە لە نێوان تێروانینێکی نەتەوەیەوەو بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبو تێکۆشانی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازانەی خستبووە پێش هەموو اعتبارێکی ترەوەو لەنێوان تێگەیشتنێکی قووڵی دەوری یەکێتی یەوەو کاریگاری لە پتەوکردنی خۆڕاگرتنی جەماوەری عەرەبدا لەبەرانبەر هێرشی ئیمپریالیو زایۆنی بەرفراوانداو پشت گیری کردنی خەباتی ڕزگاریخوازیانە. کە لە خوێندنەوەی بەیاننامەکەدا بەردەوام دەبین لەسەر ئەوبەندە دەوەستین کە بەیاننامەکە هێناویەتیەوەو پەیوەندی بەو ((هێرشەی دژی حزبی شیوعی عراق))و ((ناڕەزایی دەربڕینی حزبە شیوعییە عەرەبیەکان بۆ ئەم جۆرە شێوازە مامەڵەکردنە ئەگەل هێزە شۆڕشگێڕەکاندا)) هەیە..

نازانین ئەم حزبانە دەربارەی چی هێرشێك دەدەوێن ئەوەتا حزبی شیوعی عراقی تەرەفێکی بەشدارە لەبەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازداو نوێنەری لە لیژنەی باڵاو سکرتاریەتی گشتیو لیژنەکانی مێژوویی یەی نێوان هەردوو وڵاتی عراقو سوریاو مۆرکردنی باوەڕنامەی کاری نەتەوەیی هاوبەش سەری گرت..؟

لەبەرچی هەندێك لەحزبە شیوعییەعەرەبیەکان ئەمدەورە مێژوویی و نەتەوەیی یە پێشەنگەیان لەبیرکرد کە عراق گێڕای و، لەبەرژەوەندی کێدایە تاریکی بخرێتە سەر دەستپێشکەری یە باشەکانی لەپێناوی گۆڕینی ئاوەڕۆی بارو دۆخەکانی ناوچەکەو هەنگێڕانەوەی تەرازووی هێزەکانو بەربەرەکانێ کردن لەپێناوی بەرژەوەندی ی جەماوەری عەرەبداو هێنانەکایەوەی بارو دۆخی خۆ ڕاگرتنو ڕاچەنینی نەتەوەیی جەماوەریانە؟

هەروەکوو دەزانرێت عراق بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەوپەڕی هێزەوە دژی سیاسەتی سازاندن بووەو بە تونڵیو نازایانەوە دژی پرۆژەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستان وەستاوەو دژی هەرپرۆژەیەك وەستاوە کە چارەسەری مەسەلەی فەلەستینی تێدا نەبێت چارەسەرییەکی بنەڕەتی لەسوودی بەرژەوەندی ی گەلی عەرەبماندابێتو بەوپەڕی هێزو ئاشکرایەوە ڕای خۆی دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەربڕیوە.. هەروەها توانی زۆربەی دەوڵەتە عەرەبەکان لەدەوری چەند خاڵێکی بەیەك گەیشتنێکی هاوبەشی کارکردنی نەتەوەیی کۆبکاتەوە لەکاتی کۆنگرەی بەرزی بەغدادا ئەوانەش کە دەرچوونی باوەڕنامەکە بوو بە پێداویستی یەکی نەتەوەیی لە هەموو ناوبژی کردنو بانگ ڕاهێشتنێکەوە بووە گەرەبی یەوەیی بووبێت یان دەوڵەتی، نەتەوەی عەرەب لەپاش کامپ دێفید بەرانبەر بە ((انعطاف))یکی چارەنووسی ی ترسناك بووەوە نەدەتوانرا لە مەترسی یەکانی خۆ ڕزگاربکرێت بەپێك گەیشتنەکەی عراقو سوریا نەبێت کە ویسترا بە هۆیەوە پشت گیری لە خۆڕاگرتنی نەتەوەی عەرەب بکرێتو هێرشی دوژمنەکانی بەرەو سنگی خۆیان بکرێتەوە.

بەمبۆنەیەشەوە ئەوا (انعطاف)ە دەولیەکان سەبارەت بە بەرژەوەندی ی نەتەوەی عەرەبەوە لە بۆشایی دا ڕوونادەن بەلکوو پێویستە هەڵوێستێکی ناوخۆیی توندو تیژ هەبێت وا لە تەئیدکردنی دۆستانو هاوپەیمانەکان بکات لە توانادا بێت هەر ئەمەیش بوو ڕوویدا ئێمەیش بالاترین ڕێز لەو کەسانە دەنێین کە بە قسەو بەکار یان بە هەردووکیان پێکەوە تەئیدی دەستپێشکەرییەکەی عراقیان کردو ئەوشتانەی لە ئەنجامیەوە هاتنەکایەوە..

کەواتە پاڵپێوەنەری ڕاستەقینە بۆ دامەزراندنی یەکێتی لەنێوان عراقو سوریادا پاڵپێوەنەرێکی سیاسی نەبوو بەڵکوو پاڵپێوەنەرێکی نەتەوەیی بوو - ئەوە هەر وەك ئێمە بۆی دەچین هەندێك لە حزبە شیوعییەعەرەبیەکان تێی ناگەن پارێزگاکاندا هەیەو حزبی دوو نوێنەری لە وەزارەتدا هەیەو، چەندین ئەندامی دەرکەوتووی حزب مەرکەزی گرنگ لە دامودەزگاکانی دەوڵەتو دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی دا بەرێوەدەبەن، حزبەکەیش چەند ڕۆژنامەیەکی ئاشکرای هەیە لەبەغدا دەردەچن وەك ڕۆژنامەی مەرکەزی - طریق الشعب ی ڕۆژانەو ڕۆژنامەی بیری نوێی هەفتانەو گۆڤاری - الثقافة الجديدة - کە گۆڤارێکی فیکری ی مانگانەیەو لە - دار الرواد - ەوە - کە دامو دەزگایەکی چاپو بڵاوکردنەوەی حزبە چەندین بڵاوکراوەو کتێب دەردەچنو بە ئاشکرا و بەسەر کتێبخانەکاندا دابەش دەکرێنو حزب بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی ئاسایی چالاکی یەکانی خۆی دەنوێنێت.

کەواتە ئەدی کوا ئەو هێرشە توندوتیژی یەی بەیاننامەکە لێوەی دەدوێت؟ ئەگەریش چی دەستەڵاتی شۆڕشگێری ڕەخنەی زۆری لە هەڵس وکەوتی هەندێك ئەندامانی حزبی شیوعی هەیە ئەمەیش وا لە لایەنە پەیوەندارەکان دەکات اجراءاتیان دژ وەربگرن چونکە لە یاسا لایان داوەو وا هەڵس وکەوتیان کردووە زیان بە ئاسایشی دەوڵەت دەگەیەنێت ئەم اجراءاتانەش اجراءاتێکی تاکە کەسی یەو لەوانەشە بە ڕێژەی هەر هاووڵاتی یەکی عراقی یەوە، وەربگیرێت بگرە بەڕێژەی ئەندامانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کە سەرکردایەتی ی دەستەڵاتی شۆڕشگێری ووڵات دەکات ئەمەش ناڵێت بەوە بدرێتە قەڵەم کە هێرشێکی توندو تیژی یە هەروەك چۆن لە بەیاننامەکەدا هاتووە. شۆڕش لەعراقدا شێوازی توندو تیژی دژی هیچ هاووڵاتی یەك بەکار ناهێنێتو هەرگیزیش باوەڕی بەم شێوازانە نی یە دوور لە گفت وگۆی سیاسی یەوە لەکاتێکدا ئەگەر ئەوانە بوون بە تەگەرەیەك لە ڕێگای شۆڕشداو چوونە ڕیزی دوژمنەکانیەوەو یان بوونە هۆی مەترسی ی ئاسایشی ئەمیش لەوەدا هەروەکوو هەرشۆڕشێکی تر لەجیهاندا هەوڵی ئەوە ئەدات خۆی لە دوژمنەکانی بپارێزێتو، یاسا بەسەر ئەوانەی پیلانی لێدەگێڕن جێبەجێ بکات - ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە سەرکردایەتی ی شۆڕشو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست چەند تێبینی یەکی نی یە سەبارەت هەڵس کەوتو هەڵوێستەکانی حزبی شیوعیو هەڵس وکەوتی هەندێك لە ئەندامەکانی ئەم تێبینی یانەش لە کۆبوونەوەکانی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو لەو چاوپێکەوتنانەی لەنێوان سەرکردەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو حزبی شیوعی عراقیدا دەکرێن دەخرێنە پێش چاوو لێی ئەدەن کە بە شێواز

بەرەو بەختەوەری جەماوەر

دەیان ملیۆن دینار..
پاڵپشتی لە شۆڕشەوە بۆ نانی گەل

—احمد محمود ئامادەی کردوە—

● شۆڕش چۆن نەخشەی بار بووکردنی پێویستەکانی خەلک دەکێشێ ؟

● دیاری کردنی نرخ لەبەردەم ئاڵوزی پەیوەندیە ئابوورییەکانی دەولەتاندا.

● سەقام گیری نرخ بە پێی ئاراستی حزب و شۆڕشە بۆ بنیاتنانی سۆشیالستی .

بە درێژای ساڵەکانی دوای شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموز . سەرکردایەتی حزب و شۆڕش رێ بەرەو پتەو کردنی بنەڕەتەکانی گۆڕانکاری تەواو لە باری ئابوری ولاتدا کرتۆ تە بەر ، بە ئامانجی بەدی هێنانی خۆش گوزەرانی مادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بۆ فراوانترین کەرتەکانی جەماوەر و سوودربوە لە سەر ئەوەی هەموو هەنگاوەکانی بەم لایەنەدا بڕواو لەم رێ بازد ستراتیژیەوە بێ .

لە سەرەوەی ئەو کارانەی لەم بارەیەوە کراون مەسە لەی زیادکردنی وزەی کریاری هاوولاتیەکان بوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە رێگای زیادکردنی موچە و بەرفراوان کردنی ماوەی کارکردن لە بەردەم هەموواندا ، ناراستەو خۆش لە رێگای پێشکەش کردنی زوربەی خزمەت گوزایەکان بە خۆرایی و بار بوو کردنی نرخی زۆر کەرەستەی واکەلای خۆمان دروست دەکرێن بان لە دەردوە دەهێزێن .

● شۆڕش چۆن لە ولاندا روو بە رووی ئاڵوزی باری بازارەکانی جیهان بوو ؟!

لە ماوەی دەساڵی رابوردودا ، هاوولاتیانی عیراق هەستیانی بە چالاکی بەر فراوانی دام و دەزگاکانی شۆڕش کردوە ؛ بە لام گران بوونی شتومەك لە ناوەو دەرەوە تاسیری ئەو ئاو سانەی کە تەبیعەتی پەیوەندیەکانی ئابوری دەولەتان سەپاندیان و چالاکی کە رتە تایبەتیەکانی کە هەوڵی ئەودبان داوە بەشێکی زۆر لەو دەستکەوتەیە بەرن شۆڕش زامنی کردوەو واقعی قوناخ هەڵی رشتون ئەمە وای کرد دەخڵی هاوولاتیەکانی زۆر هەڵمژی . لە بەر ئەوەشۆڕش لە دوو رێ رەوەوە روو بە روی ئەم بارە بوو :

یەکەم: فراوان کردنی چالاکیەکانی کەرتی سۆشیالست لە ئابوری نیشتمانیدا بە شێوەیەکی ریك و پێك و لە ناو چالاکیەکانی بازرگانی ناو خۆدا بە شێوەیەکی تایبەتی و بە پێی ستراتیژیەتی شۆڕش بۆ بنیات نانی سۆشیالستی واکرا ئەم کەرتە سەرکردەیێ لەم روەوە .

دووەم: ئەم بارە و پاڵپشتەی دەڵەت بۆ نرخی زۆر شتومەك پێشکەشی دەکا ، بە تایبەتی ئەو شتومەکانەی پێویستی رۆژانەن و بەو نرخە خستینە بازارەوە کە کەمتر بێ لە نرخی خۆی ئەو پش بۆ خولقاندنی تەوازنێکی کونجاو لە نێوان دەخڵ و نرخداو بۆ باراستنی قودرەی کریاری هاوولاتیەکان بە جۆرێ سیاسەتی شۆڕشی ئەو ئەنجامە بدات کە مەبەست بوە لە روی زیادکردنی توانای کریاری هاوولاتیەکانەوە وبۆ خۆش کوزەرانی هاوولاتیەکانیان و زامن کردنی پێویستەکانیان .

● لە بەر روونا کی نەخشەی گەشەسەندنی نەتەوەی ٧٦ـ١٩٨٠ دا :

بە پێی بایەخدانی نەخشەی گەشە سەندنی نەتەوەیی ٧٦ـ١٩٨٠ بە ئەهمیەتی (رۆشتن) لەسەر رکیف گرتنی دیاری کردنی نرخی شتومەکی پێویست کە لە لایەن زۆربەی زۆری جەماوەرەوە بە کاردێن و هەنگاونانی پێویست بۆ زامن کردنی بەشێکی زۆری ئەو شتومەکانە بەو نرخەی زوربەی زۆری هاوولاتیەکان دەستیان دەکەوێ . بەم پێیە دەولەت پارەیەکی زۆری دانا بۆ پاڵپشتی نرخی مەوادی پێویست و سەر کردنەوەی ئەو خەسارەتەی کە هەندی کەرتی بەرهەم هێنان و خزمەت گوزاری دەیگرنە ئەستۆ لە بەر ئەوە چەندان خزمەت گوزاری خۆرایی دا کە دەولەت پشکەشیان دەکا .

● بەروو بوومی پێویست بۆ گەل لە پێشەوەی بایەخدانی شۆڕشدا :

زامن کردن و زۆرکردنی ئاردو برنجو دەست خستنیان چێگای بایەخی ئەواوی حزب و شۆڕش و دام و دەزگا لێپرسراوەکانی بوە . لەم دواییەدا (٥٩) ملیون و (٥٠٠) هەزار دینار دانراوە بۆ پاڵپشتی ئەم کەرەستانە لە بازاردا بۆ ئەوەی بەنرخێ لە بەردەستدابن لەگەڵ دەست کەوتەو داهاتی کەرتێکی زۆری هاوولاتیەکاندا بگونجێ .

لە کۆنفراسیکی رۆژنامە نووسیدا لەمد وایەدا بەسترا سەرۆکی دامەزراوی گشتی ئەوتلە بەرێز غانم عزیز رای گەیاند کە ئەم پارەیە (٥٥) ملیون دیناری بۆ دانەو ئەو دانراوەو (٥٠٠) هەزار دینار بۆ پاڵپشتی نرخی ئاردو بەك ملیون دینارەش بۆ جۆو ملیونێك بۆ برنجی ناوخۆ . لە کاتێکدا ساڵی رابوردوو ئەو بارەیەی تنگرا بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو بریتی بوو لە (٥٠) ملیون و ـ٧١١ هەزار دینار .

ژمارەکان بەنگەی سەقام گیری نرخی شتومەکە لە ولاتەکاماندا :

لەگەڵ ئەوەشدا نرخی دانەوێلەو ئارد لە ولاتانی تردا زیادیان کردوە . نرخی ئەم شتانە لە ولاتەکەماندا لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی بازاڕی جیهاندا ـ وەك خۆبان مانەوەو بە پێی راسباردەی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش تەقەللای ئەوە دراوە ئەم شتومەکانە بە جۆری دەست هاوولاتیان بکەون کە مل کەچی ئاڵوزی بازاڕی جیهانی نەبن .

لەم روەوە . سەرۆکی دەزگای گشتی دانەویلە لە کۆنفراسیکی رۆژنامە نووسیدا دەستی بۆ ئەوەکێشا کە نرخی برنجو ئاردلە ولاتدا هەر لە سەر باری خۆی بوە بە بێ توانە لەگەڵ نرخیالە ولاتانی ناوچەکە ، نرخی برنج لە ولاتدا ١٧٠ـ١٧٥ فلس بوە بۆ هەر کیلو گرامێك لە کانوونی دووەمدا کە چی لە ولاتانی عەرەبی سعودی کەبشتە (٥٢٠) تا (٣٠٠) فلس و لە ئیران (٤٠٠) تا (٥٠٠) فلس و لە ولاتانی خلیجی عەرەبی (٣٠٠) تا (٤٠٠) فلس

نرخی ئارد هاتە خوارەوە. بەك کیلوگرام لە لای ئێمە بە (٧٠) فلس بوە ؛ لە ئیران (١١٥) فلس و لە جەزائیر (٤١٠) فلس و لە سعودیە (٩٠) فلس

نرخی کیلو بەك ئاردی دەرجە سفر لە لای ئێمە (٥٠) فلس بوە ؛ لە جەزائیر (٨٤) فلس و لە تاران (١٩٠) فلس و لە سعودیە (٨٠) فلس بوە .

بەك کیلو ئاردی ئاسایی بە (٣٢) فلس فرۆشراوە بەوە کیلەکان و (٤٠) فلس بۆ خەڵك ، لە کاتێکدا نرخی لە جەزائیر (٥٦) فلس و لە تاران (٥٠) فلس و لە سعودیە (١٤٠) فلس بوە .

ئەمە دوای ڕنك خستنی مەلبەندەکامان سەرلێدانێکی کەرممان بۆ ماڵەکان سازکردو لە گەڵیاندا کەوتینە قسەکردن و تا رادەیەك شارەزای مەبەستی مەلبەندەکەمان بون و ئامانجمان تێکەشتن و ئەوەمان بۆ ڕون کردنەوە کە ئێمە هەردەم هەوڵ دەدەین بۆ بەرەپێدانی باری ڕۆشنبیریان و بارێزکاری کردن لە کەلەپوری

ڕۆشنبیری گوندە هاوچەرخەکان بۆ ژیانێکی نوێ تر

هەر وا بە دوای دروستبونی گوندە هاوچەرخەکان و جێگیربونی هاوولاتیانی خۆشەویست تێیدا چەندەها مەلبەندی ڕۆشنبیری کرایەوە لە پێناو گۆڕینێکی نوێ بۆ ژیانی دانیشتوان و بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیریەکی بەجێ لە ناویاندا و بەرەپێدانی ئەو هەستە خاوێنەیان لە زۆرەوە بۆ زۆرتر و خولقانی پەیوەندیەکی پاك لە نێویاندا کە پاشە ڕۆژێکی دیاری کراوی بۆ هێنانە کایەوەو ڕاست گۆیی و دڵپاکی و جگەر سۆزی ئەم مەلبەندانەش بۆ دانیشتوان نابێ فەرامۆش بکرێ و هەر بە هۆی ئەو دلسۆزانەوە پێویستە باروزروفی ئەم گونده هاوچەرخانە بزانین و شارستانیتی یەکی ڕاستەقینەیان بە ئاوات بخوازین هەر لە پێناو ئەم مەبەستە پیرۆزەداسەرمان لە (مەلبەندی بەرەپێدانی ڕۆشنبیری ئافرەتی لادی) ی گوندی هاوچەرخی عەنەبدا وهەندێ گفت و گۆمان دەربارەی مەبەست و هێنانی فێرخوازان بۆ مەلبەندەکە کردو لێپرسراوی مەلبەندەکە خوشکە ئافتاو عارف حمە امین وتی :

بەرهەمیان بۆ بازارەکان وتی:ـ

× بلانی فرۆشتن و ناردنی بەرهەممان بۆ بازارەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو :ـ

لە ساڵی ١٩٧٨ داو بە کوێرەی بلانی بریاردراو دەبوایە ٥٧ هەزار تەن شەکری سپیمان بناردایەتە بازاڕەکان بە لام ئێمە دلسۆزانە بە هەوڵی کاربەدەستو کرێکارانی کارگە توانیمان لەو بلانە تێ بەرین و ٦١ هەزارو ٨٠١ تەن شەکری سپی بنێرینە بازاڕەکان یاخو بە رادەی ١٠٨٪ زیاتر لە بلانی دیاری کراو . لە ساڵی ١٩٧٨دا ٣١ هەزارو ١٥٢ تەن شەکرمان زیاتر فرۆشتوە واتە بە رادەی ١٠١٪ زیاتر لە ساڵی ١٩٧٧ ، وا بریارە ساڵی (١٩٧٩ (٦٩) هەزار تەن شەکری سپی بنێرینە بازاڕەکان واتە وا بریارە ١٢ هەزار تەن شەکر زیاتر فرۆشین لە ساڵی ١٩٧٨ .

ئەوەی شایانی باسە ئێمە ئەم بەرهەمانەمان دەنێرینە بازاڕەکانی پارێزگای بەغداد . دیالەو بە شێکیش لە بازاڕەکانی پارێزگای بەغداد .

● ئاشکرایە یەکێك لە کەرەسە سەرەکیەکانی کارگەی شەکری سلیمانی لە دروست کردی شەکرا چەوەنەری شەکرە بۆیە کاك مصطفی دەربارەی ئەم کەرەسەیە وتی .

× کارگەکەمان چەوەنەری شەکر وەکو کەرەسەیەکی وا بزانم لەم ماودیەدا « هاوکاری » رایۆرتێکی دەربارەی بلاوکردوە بۆیە لێرەدا من بە درێژی باسی ناکەم بەلام خوێنەر بزانێ ئەو کێڵگەیە بریتیە لە خانوو بەرەی گشتوکاڵی و حەوزی گەورە گەورەی ناو بۆ ئاودێران و خانوو بەرەی بەشی نیشتە جێ کردنی فەرمانبەران و کرێکارانی پرۆژەکەو نزیکەی ٣٦ خانودەین . تازەترین ئامێرو مەکینە پێداویستیمان داونەتێ بۆ ئاودێرانی دەست کردو کێڵان و تۆو کردن و کۆکردنەوەی بەرهەمو گەلێ شتی تریش و ئەم پرۆژەیەش نزیکەی ٨٠٠ هەزار دیناری تێ چووەو لەو پرۆژانەش بوو کە لە بلانی گشتیدا بە یاری جێ بە جێ کردنی درابوو .

هەر لە نزیك کارگەوە پرۆژەیەکی تازەی نیشتە جێ کردنمان هەیە بریتیە لە ١٠٠ خانو بۆ کرێکاران و ٣٠ خانوش بۆ فەرمانبەران ئەمیش بایی ٨٥٠ هەزار دینارەو دەستمان پێ کردووە .

● دەربارەی : ناردنی بەرهەمی کارگەی شەکری سلیمانی بە ژمارە دەدوێ

حمە سعید حمە کریم فرج

● لە دوانێکی ڕۆژنامەنوسیدا بەرێز مصطفی سلیمان بەرێوەبەری گشتی کارگەی شەکری سلیمانی دەربارەی بەرهەمو پلانەکانی ئەوکارگەیە بە پەیامنێری هاوکاری وت :

× پلانی گشتی بەرهەم کاری کارگەکەمان لە ساڵی رابوردودا ساڵی ١٩٧٨ (٦٠) هەزارو (٨٣٠) تەن شەکری سپی بوو ، بەلام ئێمە بەگوێرەی توانا لەو ساڵەدا (٥٨) هەزارو (٧٨٣) تەن شەکرمان هێنایە بەرهەم ، یاخو بە رادەی ٩٦/٥٪ی گشتی پلانەکە ، ئەوەش بزانە کە بەرهەمی ساڵی ١٩٧٧ مان (٤٢) هەزارو (١٥٣) تەن شەکر بوو ؛ بەو جۆرە لە ساڵی ١٩٧٨دا ١٦ هەزارو (٦٣٠) تەن شەکرمان زیاتر هێناوەتە بەرهەم یاخو بە رادەی ٣٩٪ زیاتر لە ساڵی ١٩٧٧ .

پلانی گشتی دیاری کراوی ساڵی ١٩٧٩یش بەرهەم هێنانی (٦٤) هەزارو « ٢٢٠ » تەن شەکرە یاخو ٩٪ زیاتر لە ساڵی ١٩٧٨ . بە پشتیوانی هەوڵی کرێکاران و دلسۆزانمان لە کارگەکەدا هەمیشە بەرهەممان لە زۆر بوندایەو لە پلانی دیاری کراو تێپەڕدەبێ و سوورین لە سەر ئەوەی کە دەبێ بە توانای خۆمان زیاتر هەوڵ بدەین بۆ زۆرترین و چاکترین بەرهەم .

● ئینجا کاك مصطفی دەربارەی پرۆژەکانیان وتی :ـ

× گەلێ پرۆژەی گرنگمان هەیە کە سەر بە ئیشوکارو پێداویستی کارگەکەو بایەخێکی زورو تەواومان داونەتێ ؛ بە تایبەتی لایەنی خرمەت گوزاری کرێکاران .

گرنگترینیان ئەو کێڵگە چەوەندەرەیە کەوا لە ناوچەی سید صادق لە شانەدەری و بریتیە لە کێڵگەیەکی فراوان

Institut Kurde de Paris

کارگەها خویندنگەها نەوروز

هرزێت قەشارتی نیت مەزن لنك زاروکا یێت هەین . بەلێ پێدفی پالدانو رێقە برنێنە تاکو دەرکەفنو پێش کەفن جهێ خوبگریت . چونکی هەکە بچویکی هزرو بیرێتوی رانەکێشن بەمەزنایەتی قازانج تێدا ـ نامینیت لەوا رێکخراوا یونیسکو دەولەتا زوخینیت هاریکاریا واندکەت بو فەکرنا خویندنگەهێت پیشەسازی بو بچویکیت خوقەکەن . بەرێ وان بدەنە وی مادێ نەو حەژێدکەن . بێ گومان دێ باش پێش کەفن قوتابی هەکە بچنەوی تایێوان دفتبت دێ بیتە ئەگەر شارەزاو پسپورێت بەرکەتی ژناف دیاربن .

میری لهەمی عیراقێ کارگەهێت نمونەیی یێت فەکرین بو خویندنگەها ئیکژقان لخویندنگەها نەورۆزێ بافەگری ددەمێ مرۆف چیتەژورڤە خوشیێ پەیدادکەت . با ئێکێ ئەوە بشکوژێت هێشتا نەفەبوین تاکو چاکتر شەهرەزابین لفێ کارکەهێ مەچەند پرسیار ژ ماموستا امین مارکوسی کرن لسەر کارگەهێ وی ژی بدلخوشی وەکی بەر پرسیارەکی بەرسفامەدا

پرسیار : نارمانجا کارگەهێت خویندنگە چیە ؟

بەرسف : هێزو فەژەنێت باش زاروکایێت هەین . هێجار بو دەرخستنو ئەشکە راکرناوان ئەف کارگەهە یێت بەکرین . سەر ڤێرابتنێ وانێت نەظەری بەس نینە بو قوتابی با فەرە عەمەلی ژی کاربکەت ئەفەژی دێ بیتە ئەگەر کو قوتابی لدەرەی خویندنگەهێ بشێت بخو کار بکەت دبسان دێ کادرێ نافنجی ژی دێ پەیدابیت

پرسیار : کارگەهە چەندتایە؟

بەرسف: چار تایە ١ـ سیرامك ٢ ـ نەجاری ٣ ـ تەفن ٤ ـ معادن .

پرسیار : ئەرێ قوتابی حەژ وانێت کارگەهێ دکەن ؟

بەرسف : هەمی قوتابی حەژ وانادکەن ئو بگەرمی و دلخوش هەف پشکێ دگەل ماموستا دکەن . بەلێ «٤٥» دەقیقە دکێمن بو داوانا . یا فەرەزێدەکەن ئوجهی ترخانکەن بو کارێت شاگردا زێدەبار یێت هێشتا تەمام نەکرین داوانێت تێت تەمام کەن .

پرسیار : ئەرێ هەولا هەوە کێ کاری تێت ؟

بەرسف : کارگەهێ بتنێ هولەك یاهەی ئەم نەشێین بدرستی بکارخرابین . قوتابی بچویکن رژد نابن ل وانێت خو هەکە چەتا پێکفە لهولەکێ وانا بخوینن بژلی ئێهەکە تایەك کاربکەت لبەر دەنگی و قەرەبالفی تایێتدی نەشێن کاربکەن . لەوایا فەرە هەرتایەکی . هولەکا تایەتی هەبیت دابشێن شاکردە بسەرو بەرووەکی بێدفی بکارێ خوراین

پرسیار : ئەرێ ماموستا نامیرێت هەوە دکێم نینن ؟

بەرسف : نامیرە دکێمن مە بارەژی نینن بکرین . لەبەر ئێ چەندێ یافەرە میری ژبەغدا بارا بومە ترخان کەت . دانەم بخو نامیرا بکرین . سەرڤێ راتفیت دەورنت تایەتی بهێنەمەکرن لبارنرکەهامەبۆفیرکرنا ماموستا شوینا کو هەرسال چەند ماموستا بچنە میسل بودەورا.

صدیق علی

« هاوکاری » و کۆمەڵانی خەڵك

ئەم نامەیە لە قەزای کەلارەوە بۆ بەرچاوی کاربەدستانی بەرێز

● هاوولاتی سلیمان بەرێز سلیمان لە کەلارەوە ئەم نامەیەی نووسیوە :

ـ قەزاکەمان . کەلار سەر بە بارێزگای سلیمانی ئەم کەموو کورتیانەی هەیە !

١ ـ بەر لەو لافاوەی کە بوشی قەزاکەمان بوو لە ناو جەرکەی شارەکەدا . کۆماوێك دروست بوو . ناوێکی .فری. تیا یەنك خواردبوەوە . دانیشتوبن بەدیار ردحمەتی حی کرێکارەکانی شارەوانی . خواودو خۆر هەڵبیتو ئەو کۆماوە (ئەبەخور) بکا . بەلام دوای لافاوەکە خۆیان لێ کەڕ کردوە !

٢ ـ تا ئیستا شارەکەمان بستێ جادەی قیرتاوی تیا نیە .

٣ ـ شارەکە خوێنەوارتکی زۆری تیابە ، یەك کتێبخانەمان هەبوو . . . ئەویش داخرا !!

٤ ـ ساحەیەکی یاری لێیە کە سێ ساڵە تەواو بوە کە چی هێشتا نەکراوەتەوە !!

٥ ـ نەقلیاتی ودستانی توتومبیلی لێ نیە . لە بەر بوە ئەو توتومبیلانەی هاتو چۆی شارەکەمان دەکەن ، هەر سەعاتەی کە شوێنێ دەوستن !

٦ ـ تەنیا گەرماویەك حمامای لێیە . رۆژی ئاوی کەرمبان هەبەو سارد نیە . رۆژی ئاوی سارد هەبەو کەرم نیە !!

هاوکاری : ئێمە ئەم نامەیەی هاوولاتی سلیمان عزیز .

سلیمان . بەرچاوی کاربەدستە بەرێزەکانی بارێزگای سلیمانیو قەزای کەلار دەخەین . ئومیدەوارین بە چاوی دلسۆزانە سەیری بکەنو وەلامیشیان لادەست بکەوێ کە چاکترین وەلام دەستو بەرد کردنە لە نەهێشتنی ئەو کەموکورتیانەدا .

ئەم گونده هاوچەرخەش کەموکوڕی هەیە

لە گوندی « بەستەستین » دوە لە قەزای قەلادزە. هاوولاتی خالد محمد ئازدین مێرتکەی ئەم کەموکوڕیانەی گوندەکەیان بەرچاوی کاربەدەستان دەخا :

گوندەکەمان (١٧٠٠) ماڵە . لە گونده هاوچەرخەکانەو کارەبامان نیە . کۆلانەکانی قوڕولیتە هیلاکی گردوبن چاکترە هەوڵ بدرێ چەورێژ بکرێن ، تا ئیستا توتومبیل نایەتە گوندەکە بۆ هاتوو چۆی خەڵك ئافردەتەکانمان لە بەر ئاوکێشان هەراسان بوون ، خۆزگە مەسەلەی کەم ئاویمان بۆ چارەدەکرا .

بە خێرایی

● (هاوولاتیەك لە دەربەندیخان (داواکانت ردوان . کە واتە بۆ ناونیشانی خۆت نەنوسیوە ؟!

● بۆ کاك حسن خلیل مولود : مەسەلەی تەقاعدیەکەی ناوکت بە درێژترو ڕوون تر بۆمان بنووسە . لەگەڵ ناونیشانی تەواودا ئێمە ئامادەین بەرچاوی لێپرسراوانی بخەین .

بروانە : ل : ٧

پاشماوەی دەقی تەواوی بەیاننامەی بەرەی نیشتمانی ونەتەوەیی پێشکەوتنخواز

شۆڕش و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی و لەناو هاووڵاتیاندا بڵاوی دەکاتەوە بە ئامانجی شێواندنی وێنەی هەردوکیان لەبەرانبەر جەماوەرو نزم کردنەوەی بایەخی ئەودەستکەوتانەی وەدەیدەهێنن و بە ئەنقەست دەستی کرد بە وورووژاندنی بیروباوەڕی تەسکی تایەفەگەری و نەتەوەیی و بەکارهێنانی دیمۆگۆگایەت بۆ ختووکەدانی سۆزی هەندێك کەس و دەستی بەوە کرد چەندین مەسەلەو داخوازیی دەخستە ڕوو کە هێشتا زرووفی مەوزووعیان پێنەگەیشتووە بهێنرێتە دی بە ئامانجی ئیحراج کردنی شۆڕش هەروەك چۆن بە ئاشکرا لەوبەیاننامە سیاسی یەدا دەرکەوت کە لە کۆبوونەوەی فراوانی لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی یەوە لە ئاداری پاردا دەرچوو بەم دوایانەش شتێکی کەی خستە سەر ئەو هەڵوێستانەی ئەویش بە ئەلادانی لەوڕێککەوتنەی کە لەنێوانی و لەنێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی دایە دەربارەی کارنەکردن لەناو هێزەچەکدارەکاندا لەگەڵ ئەوەی حزبی شیوعی زۆر باش دەیزانی سزای ئەوکەسەی لەناو سوپادا خەلیەی ڕێکخراوێك پێك دەهێنێت لەسێ دارەدانە بەپێی یاسا دەرچووەکان و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە گەلیدا مۆر کراوە ، کاتێکیش شۆڕش ئەم خەلیانەی دۆزی یەوەو یاسای بەسەر بەشداری کەرەکانی دا جێ بەجێ کرد حزب هێرشێکی بەرفراوانی لە تانووت لێدان دژی شۆڕش بەرپاکردو هەندێك لەحزبە شیوعیەکان و دوولەتە سۆشیالیستەکانی دژی هانداو بە چەشنێك کەلەبەرێك لەنێوان پەیوەندییەکانیان و نێوان عراقدا دروستبێت . ئەوەش کەلەبەرێکە نە خزمەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و نە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلە تێکۆشەرەکان دەکات دژی ئیمپریالی و ئیستیعمار .

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون و - نەوونەوبەس ، لە هەڵویستو هەڵسوکەوتەکانی حزبی شیوعی عراقی دەیخەینە بەردەم حزبە شیوعی یە عەرەبیەکان و ، ڕای گشتی جیهانی و عەرەبی و تەقدیر کردنی ئەوهەڵویستەیان بۆ دەهێڵینەوە کە وای لە حزب دەویست بەرانبەری هەیبێت لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش سەبرگرتن و ، خۆ ڕاگیرکردنی نواندو ، زۆر جار سەرکردایەتی شۆڕش داوای لە ، حزبی شیوعی کرد ئەگەر لە کۆبوونەوەکانی بەرەدا بووبێت یان لەدەرەوەیان دا ، بۆ گفتوگۆیەك باسی هەبووبارودۆخەکانی هاوپەیمانێتی بەردەی و هەڵسوکەوتی حزبی شیوعی و هەڵویستەکانی بگرێتەوە ، ئەنجا دوایی پێگەیاندنی پۆچوونێکی یەکگرتووی هەموو مەسەلە بەرچاوخراوەکان بەلام حزبی شیوعی لە گفتوگۆ کردن خۆی دەدزی یەوەو جۆرەها بیانووی دەدۆزیەوە کە هیچ جێگای گومانلێکردنێکی نەدەهێڵایەوە کە حزبی شیوعی نایەوێت چاو بە هەڵویستەکانیدا بگێڕێتەوەو لەسەر پەیڕەوەکەی خۆی هەر سوورە ، پەیڕەوی هاریکاری و هاو پەیمانێتی لەڕواڵەتداو پیلانگێڕانو ڕووخاندنو خراپەکاری بە نهێنی .

حزبی شیوعی هەر لە سەر لادان لە باوەڕنامەی کاری نیشتمانی بەردەوام بوو ، لەگەڵ هەوڵدان بۆ زیانگەیاندن بە شۆڕش و دەستکەوتەکانی و شێواندنی بەرەی نیشتمانی و دەستی بەوە کرد کە چەند هەڵویستێکی تیژی دەخستە پێش چاو سەبارەت بەچەند مەسەلەیەك پێویستیان بەم جۆرە تیژی یە نەدەکرد بۆ ئەوەی شۆڕش ناچار بکات اجرائێکی دیاری کراوی دەربارە وەربگرێت تاکوو بێتە بیانوویەك بۆی بۆ ئەوەی هێرشێکی دژ بەرپا بکات و لەبەرە دەربچێت بە بیانووی ئەوەوە کە حزب دەچەوسێنەوەو ناتوانێت لەژێر دۆخی وادا کاربکات کە بەرەنگاری بووەتەوە ، هەر ئەمەش بوو لە بارەیەوە شۆڕش زۆر ووریایی نواندو وەك ئەو جۆرە ماوەیەی پێ ندا بەتکوو ئەوپەڕی دانایی و ئەرەی و دوربینی سەبارەت بە هەڵس و کەوتو ڕەوشتەکانی پیشاندا .

ئێمە دەمانەوێت وەبیری ئەو حزبە شیوعی یانە بخەینەوە کە بەیاننامەکەیان دەرکردووەو بۆ دیموکراتیەت لەعراقداو بۆ یەکێتی و چەسپاوی ی ڕیزی بەرەو دواڕۆژی عراق و دەوری لە تێکۆشانی عەرەبدا گریاون .. کە دیموکراتیەت دعایە بۆ خۆکردن نی یە لەسەر کاغەز بنووسرێت بەتکوو موماره سەکردنێکی ڕاستەقینەو فیعلی و ئیجراءات وەرگرتنە .. دیموکراتیەتیش لە عراقدا بەم پێوانەیە لە بارێکی باشدایە ئەویش جەماوەری گەلی عراقمان دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوپەڕی سەربەستی یان هەیەو دەوری خۆیان لە کارکردنو چالاکی ی سیاسی دا دەگێڕنو بیروڕای خۆیان لە نێوان ئەوحزبو هێزە نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانەوە دەردەبڕن کە تیایدانو لەدامودەزگای ڕۆژنامەکانەوە ئەنجا لە نێوان ڕێکخراوە گەلی و پیشەیی کانیانەوە کە سەرکرد ایەتیەکانیان بە خواستی خۆیان هەڵدەبژێرن کە ئەمانیش دەوری خۆیان لە ڕێکخستنی میللی و خواستدەربڕینی ئەو کەرتانەدا دەبینن کە چوونەتە ڕیزیانەوە . ئێمە لەگەڵ دیموکراتیەدایین لەچوارچێوەی پاراستنی شۆڕش و دەستکەوتەکانی جەماوەرداو گەلەکەمان بە شێوەیەکی فراوان موماره سەی دیموکراتیەت دەکات هەر لە بەرئەوەی شۆڕشەوە تاکوو ئێستا ، قۆناغی داهاتووش موماره سەکردنێکی بەرفراوانتر بەخۆیەوە دەبینێت ئەویش لەبنوان ئەوەوە کاتێك جەماوەری گەلەکەمان نوێنەرەکانی خۆیان لەئەنجوومەنی نیشتمانی دا هەڵدەبژێرن کە هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەم دواییەدا ڕایگەیاند کەبەم زوانە دادەمزرێت .

بەرەی نیشتمانیش ئەوەتا دامەزراوەو هەموو هێزە سیاسی یەکانی وولاتی تێدایەو ، دەورو چالاکی ی خۆی بەشێوەیەکی ئاسایی دەگێڕێتو ڕۆژنامە تایبەتی یەکەی خۆیی دەردەکات کە خواستی خۆی دەردەبڕێت .

بەرە خواستی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دروستی کرد بە هاوبەشی کردنی هەموو لایەنە نیشتمانی یەکانو پابەندبوونی شۆڕش بە بەرەو بەیەکێتی هێزەنیشتمانی و نەتەوەیی یە پێشکەوتنخوازەکانەوە چی لە ناووڵاتو چی لە نیشتمانی عەرەبدا مەسەلەیەکی مەبدەئی یەو پێویست بە دووپات کردنەوەی ناکات بەلام هەرگیز ڕێگا بەهیچ لایەنێك نادات شێوەی پەیوەندی یە ڕاستەقینەکانی بەرەبی بشێوێنێت یان لێی لابدات یان پاشقولی بەرە بدات ، بەو پەڕی هێزیشەوە دژی ئەم هەوڵدانی خراپەکاری یە دەوەستێت ، هەروەها سەرکردایەتی حزبو شۆڕش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە بەرە هەمیشە دەرگای بە والایی دەمێنێتەوە بۆ کارکردن لەچوارچێوەکانیدا بۆ خزمەتکردنی گەلو نەتەوەو بەرژەوەندی یە بنەڕەتییەکانی و ئەوەی بەڕاستی دڵیشە خۆش دەکات ئەوەیە کە دەبینین چوارچێوەکانی بەرەو ئەرکەکانی زۆر پەرەیان سەندووەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بایەخی لە ژیانی گشتی دا پتر دەبێت .

لەبارەی دواڕۆژی عراقو دەوری لە تێکۆشانی عەرەبدا مەسەلەیەکە ناتوانرێت لێوەی قسەبکرێت ئەوکەسە نەبێت نزم ترین هەڵویستی نەتەوەیی عەرەبی هەبێت . ئەوانەی لە « دواڕۆژی عراقو دەوری لە تێکۆشانی عەرەبدا » دەدوێن لەسەریانە ئەوە بسەلمێنن کە دەوری عەرەبیان هەیەو ، ئیلیتزاماتی عەرەبیان بە شێوەیەکی عەمەلی لە ئارادایە . بەلام بەرەنگاری ئاکۆلینەوەی ئەمەمەسەلەیە بێت ئەودی کە خۆی پێویستی بە لێکدانەوەی هەڵویستە نانەتەوەیی یە زانراوەکانی خۆی بێت دیار ترینیانیش هەڵویستی دەربارەی قەوارەی زایۆنی کە هێشتا کە ددانی پنداداەنێتو داخوازی ی چارەسەری ئاشتی یانە دەکاتو هەڵویستی دوژمنکاری ی دەربارەی یەکێتی عەرەب ، پێویستە خۆی لەوەلا بدات چونکە ئەوەی خۆی مالی لە شووشەیە نابێت خەنکی بگرێتە بەربەرد !

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی ی دەستەلاتی شۆڕشگێڕی لەعراقدا دەکات پێویستی ی بەوە نی یە لەدەوری عەرەبی بکۆڵرێتەوە ، چونکە ئەوە یەکەمین حزبی عەرەبی نەتەوەیی یە کە هیواکانی هەموو نەتەوەی خستە پێش چاوو خۆی بە ئامرازی نەتەوەیی دانا بە تێیەڕبوون - لەهەموو ئارەزوویەکی ناوچەگەری کە هێشتاکە لەناو هەندێك حزبە شیوعی یە عەرەبیەکاندا هەر بەهێزە ، هەروەها مەبدەئە شۆڕشگێڕیەکانی و پەیڕەوی سەربەخۆی و ئەوسیاسەتانەی لە بەرژەوەندی جەماوەرەوەو لە پێگەیشتنی جەماوەرییەوە هەڵقوڵاون هیچ ماوەیەك بۆ گومان پەیداکردن لە دواڕۆژی سیاسی ی عراق ناهێڵنەوە ، لەلای ئەوانە نەبێت کە نایانەوێت بەرژەوەندی ڕاستەقینەکانی نەتەوەیی عەرەب تێبگەنو هەوڵی ئەوە دەدەن بە فیڕۆیان بدەن .

ئەوەی لە هەندێك حزبە شیوعی یە عەرەبیەکان دەمانەوێت ئەوەیە پابەندی مەسەلەکانی گەلو نیشتمانو نەتەوەی عەرەب بێنو خۆیان لە کۆتی کلکایەتی ڕزگار بکەن بۆ ئەوەی بتوانن واقیعو بەخشش و دیاردەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە وەربگرنو خۆیان لەوە لابدەن بکەونە نێو هەڵەوە کە لەو کاتەوە تێی کەوتوون کە لەسەرخاکی عەرەب هەن .

عراق لەوکاتەوە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شۆڕشی جەقدەی تەمووزی بەرپاکردو دەستەلاتدارێتی کۆنەپەرستو ڕاستڕەوو دژ بە گەلی ڕووخاندو ، دەستەلاتی سیاسی ی لە وولاتدا بەرێوەبردو چەندین دەستکەوتی مەزنی مێژوویی لە پێناوی بەرژەوەندی ی زۆربەی جەماوەری گەلدا هێنایە دی بووەتە قەڵایەکی تێکۆشانو ، بنکەیەکی پێشەنگی ڕزگاری خوازی و پێشکەوتن لە نیشتمانی عەرەبدا بەشداری ی پتەوکردنی سەرکەوتنەکانی جەماوەری عەرب دەکاتو بەوپەڕی هێزو توانا وە بەرەنگاری نەخشەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم دەبێتەوەو ، بزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبی سۆشیالیستی یانە بەرەو پێش تر دەبات .

لەوسالانەی کە بەدوای بەرپابوونی شۆڕشدا هاتن عراق توانی ی ئازادی سیاسی و ئابووری ی تەواوی خۆی بەدی بهێنێتو ، هەموو ئەو پەیوەندییانەی پچڕاند کە لەگەڵ هێزە ئیمپریالیەکاندا هەیبوو ، بناغەی پتەوی دارشت بۆ پێشەکیەکانی گواستنەوە بەرەو سۆشیالیستی و بنکەیەکی شۆڕشگێڕی پێشەنگی لە نیشتمانی عەرەبدا خوێنداند لێپرسراوی گەورەی مێژوویانە بگرێتە ئەستۆ لە وەدی هێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی یانەی عەرەبدا .

لەم چوارچێوەیەشدا ئەوت خۆماڵی کراو ، سامانەنیشتمانیەکان لەدەستی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی بیگانە ڕزگارکراو ، ئابووری نیشتمانی پەرەی سەندو لادێیەکی سۆشیالیستی یانەی پێشکەوتوو پیشەسازی یەکی نیشتمانی ی پەرەسەندوو بنیاتنراو سوپایەکی نیشتمانی ی بەهێزی پێك هێناو ، مەسەلەی کورد چارەسەرکرا چاردسەرییەکی ئاشتی و دیموکراتیانەو ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی کۆماری عراقدا بە ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان درا .

ئەم ساڵانەیش دروستبوونی کەرتێکی سۆشیالیستی ی بەهێزو فراوانی بەخۆوە دی پیشەسازی و کشتوکاڵو بازرگانی بەرێوە دەبات و شۆڕشی فێرکردنو خزمەتگوزاری ئەندروستی و خزمەتگوزاری ی گشتی ی بڵاوکردەوەو وای لێکردن فراوانترین کەرتە گەلی یەکان بگرێتەوەو ، ڕادەی گوزەرانی جەماوەری بەرزکردەوەو لە چەوساندنەوەو دەستبەسەردا گرتن ڕزگاری کردنو خۆشگوزەرانی ی تیایاندا پەرش کردەوە . لەگەڵ زۆر دەستکەوتی تردا کە شۆڕش وەدی ی هێنان و . پێناسی سۆشیالیستی و دیموکراتیانەی بیشاندا .

هەر لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشەوە بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەسەر ئەوە سوور بووە کە بارو دۆخی دیموکراتیانە لەنیشتماندا بڵاوبکاتەوەو ، سەربەستی یەکی فراوانی بەهێزە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکان بەخشی و مافی کارکردنو چالاکی و بیروڕا دەربڕینیانی دابین کردو لەکاتێکدا دەستێکی باشی لە هێزە کۆنەپەرستەکان و ڕاستڕەوەکان وەشاندو تاقمی بەکرێگیراوو جاسووسیەکانی پلیشانەوە .

ئەوەبوو عراق هەر لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشەوە جێگایەکی دیاری لە بزووتنەوەی بێلایەنی دا هەیەو دەورێکی فراوانی لە تێکۆشاندا هەیە دژی ئیمپریالی و زایۆنی و کۆنەپەرستانو بە ئازایەتی و سوورباوونەوە بەرەنگاری ئەخشەو پیلانەکانیان دەبێتەوەو هەڵویستی پتەوبان لەبارەوە وەردەگرێت ، بەجۆرەش ئەوسیاسەتە ڕزگاریخوازەی کە عراق پەیڕەوی دەکات بووەتە وێنەیەك بۆ وولاتە سەربەستو پەرسەندووەکانو دەوڵەتانی جیهانی سێهەم چاوی لێبکەن . ئەوەش بەسە لێرەدا پەنجەی بۆ ڕابکێشین کە عراق تەنیا وولاتێکی عەرەبە بەردەوام پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا پچڕانووەو گوێی بەو هەموو هۆیە هەڵخەڵەتێنو پاڵەپەستوویانە نەدا کە تووشی بووبەتووشیانەوە لە پێناوی گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرۆکی ئوردگای ئیمپریالی داو لەهەمان کاتدا کە عراق دووپاتی دژایەتی خۆی و بەرەنگاربوونەوەی خۆی دەکرد دژی ئیستیعمارو ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستانو پێشکەوتن کردنی پاچێشتی مادەی و سیاسی بۆ هەموو بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی نیشتمانی لە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینداو ، ئەوەبوو پەردی بە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی سراتیژیانەی خۆی دا لەگەڵ هەموو دۆستایەتییەکە لەسەر بنای هاوسانی و ڕێزگرتنی یەکترو سەربەخۆیی هەڵویست دامەزراوەو ئەمەیش پەیڕەوێکە عراق لەسەر ئەوە سووربووە لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ هەموو هێزە دەوڵەتیەکاندا بیخاتە بەرچاوو هیچ ڕۆژێکیش لێی لانەداوە ئەو باوەڕەوەی کە ئەم پەیڕەوەیە لەك پەیڕەوێکی تر لەلایەن هەموو هێزەکانەوە لەجیهاندا ڕیزی لێدەگیرێت و بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دەپارێزێت و ئاسۆی فراوان دەکاتەوە لەپێناوی هاریکاری یەکی ڕاستەقینەی هاوسانی دا .

ئەم شۆڕشە مەزنە کە هەموو ئەمەدەستکەوتە مێژوویی یە مەزنانەی وەدی هێناون و ئەم تاقی کردنەوە شۆڕشگێڕیە بەرزەی خولقاندو ، ئەم دەورە خەباتگێڕی یەی لەجۆرەها لایەنی نیشتمانی و نەتەوەیی و جیهانییەوە گێڕا ، هیچ بیانوویەك نابینین بۆ تانەلێدان و شکاندنەوەو کەم کردنەوەی گرنگتی دەوری مێژوویی لەلایەن چەند حزبێکەوە ئیدیعای پێشکەوتنخوازی دەکەن . ناشێت ئەم حزبانە کە حزبی شیوعی عراقی لەڕێی لاداون و ، چەند زانیاری یەکی دەربارەی بارو دۆخی ناوخۆی عراقی خستووەتە بەردەستیان کەڕاستنین و پاڵی پێوەناون ئەم هەڵویستە هەڵەیە وەربگرن - بکەونە دوای ئەوپڕوپاڵانەو فڕوفیشاڵانەی کە هیچ سێبەرێکیان لە ڕاستیەوە تێدانی یەو ئەنجا هەڵویستی دۆزمنایەتی ڕابووەستن دژی شۆڕشێکی مێژوویی کە پەیڕەوێکی نەتەوەیی و سۆشیالیستانەی هەبێت ، لەگەڵ هەڵویستی توند لەتێکۆشاندا دژی ئیستیعمارو ئیمپریالیەتو زایۆنیزمو ، لەپێناوی ڕزگاریخوازی و پێشکەوتنو یەکێتی ی عەرەبدا .

بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە عراقدا بەناوی هەموو هێزو حزبە نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخوازەکانو کە دیموکراتی یە سەربەخۆیەکانی نێو چوارچێوەی بەرە نارەزایی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ شۆڕشێکی دلێردا بۆ گەلەکەمان ناباب ترین دەستکەوتی وەدی هێناونو تاوانباری ئەوە دەکات کە لەیەیانامەی هەندێك حزبە شیوعی یە عەرەبیەکاندا هاتووە لە نێتکە پێوونو شێواندنی هەڵویستەکانی شۆڕش لە وولاتەکەماندا ، ئەوا داوا لەم حزبانە دەکات چاو بە هەڵویستی خۆیاندا بگێڕنەوەو ئەوەی ڕوودەدات بە تەروانێتکی مەوزووعیەوە تەقیم بکەنو ، بێجگە لەوەی بکەونە دوای فڕوفیشاڵەکانی حزبی شیوعی عراقی لە سەریانە پاڵەپەستوو بخەنە سەر ئەم حزبە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی نیشتمانییەکان بگرێتو ڕێزی مەبدەئەکانی هاوپەیمانێتی بەرەو باوەڕنامەی کاری نیشتمانی بگرێت کە خۆی بریاری لەسەر داوەو ، هانی نەدرێت بۆ ئەوەی هەڵویست وەربگرێتو ڕەوشت بکات بە جۆرێك زیان بە بەرژەوەندی ی گەلی عراقمانو نەتەوەی عەرەبمانو خەباتی شۆڕشگێڕی ی بگەیەنێت . هەروەها ئەوپەری هەست کردن بە لێپرسراوێتی کە قۆناغی ئێستا پێویستی ی پێدەکا ..

بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز
بەغدا - لەسەرەتای ئاداری ١٩٧٩ دا .

عورفی

- نومێد کاکەرەش -

(عورفی) ئەو شاعیرە بەرزە ناسراوەیە کە بە هۆی تاکە هۆنراوەکەی جەژنی قوربانەوەی ناوبانگی بەیداکردووەو هەموو ساڵێك لە نزیك بوونەوەی کاتی قوربانیدا هۆنراوەکەی دێتەوە یادمان .

جەژنی قوربانە بەقوربان نۆبەتی قوربانییە
بۆتۆ قوربانی بەقوربان گیانی من قوربانتە .(١)

ئیتر زۆر کەم لە هەڵبەستەکانی ئەم شاعیرە مەزنەمان کەوتۆتە بەردەست . لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی (١٥٠) سەدوپەنجا هەڵبەستو غەزەلی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و دڵداریە .

ئەکەر بەووردی هەڵبەستەکانی بخوێنینەوە هەست بەوە ئەکەین هەر یەکە تامو چێژێکی تایبەتی ی هەیەو خوێنەر دەجوڵێنێ کە یەکەو ڕاست لە دەروونی ئەو شاعرە بکات .

لەبەشی هەڵبەستی نیشتمانیدا ئەڵێین (عورفی) شاعیرێکی نیشتمانپەروەرو نەتەوە ویست بووە . خۆشەویستی گەلو نیشتمانەکەی والە دڵیدا چەسپیوە کە هەرگیزاو هەرگیز لەبەرچاوو لەناو دڵیا بووە ، لەگەڵ پەژارەو ئازارەکانیدا ژیاوەو خۆی کردووە بە قوربانی :-

ئەی وەتەن ڕۆحی ڕەوانم قۆچەکەی قوربانتم
سەر لێشێواوو دڵسوتاوی دەردی بێدەرمانتم
ئاه چەدەردێکە ئەیچێژم ئەی وەتەن بۆ حاڵی تۆ
ئەشکی چاوی من دەڵیلە ڕۆژو شەو گریانتم
مشکلە دەس هەڵگرم لێت خاکی شیریتی وەتەن
ئاخری عومریش ئەسیری خاکەکەی سەیوانتم .

لەهەموو بیرەوەریەکی یادی نەوروزدا گەڵا گۆڵەی ئاگری نەوروز لەدڵیدا جۆشی خواردوەو شاعیری جوڵاندووە کە بڵێت :

بەهارە ڕۆژی نەورۆزە ، بڵێ ڕۆژی ژیانو ژین
گوڵی غونچە لەگەڵ بولبول ببستن باگری کابین
گوڵانەی سووری سەرگۆنای ئەمجۆرە جەوانانە
لەسەر چاوەی دڵم ئەڕژێتە خوار خوێنی جگەرمانە

چۆن پیرەمێردی مەزن چلورەی گوێسوانەی بە پڵپڵەی زیوینی کچە کورد شوبهاند « عورفی »یش خاڵی خاڵی بەفری ئەو کێوو کۆساڕەی بە خاڵی سەر گۆنای کەنیشکی کورد دانا .

سەجەر هەستام لەخەو بیستم کە ئیمڕۆ ڕۆژی نەورۆزە
شعاری کوردە لای یەکتر بڕۆن بۆ چەژنە پیرۆزە
کە خاڵ خاڵ کەوتە سەر بەفرو سەر نەو کێوو کۆسارە
ئەڵێی خاڵی سەرگۆنای کەنیشکە کوردی نازدارە

هەروەکوو هەموو شاعیرەکانی ترمان (عورفی) کەوتۆتە باسی دەوری فەلەك کە چەند پێچو پەناو زەبوونیو کلۆڵی هێناوەتە سەرمانو هەمیشە لەگەڵماندا دەوری خراپەکاریو دوژمنایەتی بوون تا شاعیری بێزارو بێتاقەت کردووە .

گەر وابێ هەتا سەر لەفەلەك خێری نەبینم
ئەمجا بەخوا حەقمە ئەگەر چاو بەگرینم
چیمدیوە ، بەچیبم ، بەچیبووم و بەچی هاتووم
دنیایە لەلام هیچە ، نەما تاقەتی ژینم

شەوێك داخۆمەراقی زەمانە لە منشکی شاعیردا خول دەخواتو ئەوە دێتەوەیادی کە هەمیشە لەدەستی چەپگەرد خەریکی شێوەنو ئاڵین بووە بۆیە لەداخدا ئەڵێت :-

فیکری منە هەموو شەو کە یادی عوشرەتی پێشوونەکا
سینە بوریان چاو بە گریان تاسەحەر کووکوو ئەکا
وەسفی کەم ئەوزاعی منە نازانێ تفلی نابەکام
وەکوو داڵە ڕاخەرم داوای سەریشی قوو ئەکا
من دەمێکە بوکە دەورانم تەڵاق داوە سێ بەسێ
بەهەی ئیستهزاء ، ئەجەل دێ بوکەکەم باربووئەکا
تاقەتی ژینم نەماوە کەوتومە غەمی سەفەر
بوکی دەورانم بەعەشق ، تازە داوای شوو ئەکا .

ئەتوانین بڵێین (عورفی) وێنەیەکی بێ کەمو زیادی شاعیرە کۆنەکانەو سەردەمی ژیانی لەگەڵ زۆربەیاندا بە سەر بردووە (٢) لەسەر ئەو شێوە کلاسکی یە ڕێبازی ئەدەبی گرتووە ... ئەوەندە هەیە ئەم ووشەی نوێو بێتوێکلی بەکارهێناوە هۆنراوەکانی بەووشەی ئاسان داڕشتووە وخوێنەر بەزوویی تێدەگات . ئەمانخاتە سەر ئەو ڕایە کە بڵێین عورفی شاعیرێکی سۆفی ئەقلدارو وەفادارو خۆبەختکەر بووە هەمیشە وەکوو پەروانە لەپێناوی عەشقەکەیدا سووتاوە :-

خۆزگە ئەمزانی دڵی من بۆچی واحەیرانتە
هەروەکوو پەروانە دەوری شەمعی ڕووی جانانتە
دڵبەدڵ بۆ ڕابەرت ئیختیاری پێنەما
دانما فەرمانبەری فەرمانبەری فەرمانتە

(عورفی) شاعیرێکی دڵخوازو دڵتەڕو بەوەفا بووەو کەوتۆتە داوی چاومەستو ئەبرۆ کەمانو زوڵفی خاوەوە بە ووردی باسی کردوونو شوبهاندوونی بەم جۆرە بۆ گولزارەکەی ڕامانەدەکێشێت :-

مەباژۆژنە زوڵفت مەبخەرە بەردانەی شانە
بەشکڵی ئیستەکەی جوانە کەواپەخشانی سەرشانە
مەبەلە ناحەزانت چاوبڕنە باغچەی سینەت
مەبادا دەس بهاویژن بۆ ناو ئەو باغو بێستانە

زۆربەی شاعیرەکانمان باسی مانگیان کردووە لەشەوی چواردەمینداو بە ڕووی دڵدارەکانیان شوبهاندوویانەو بگرە زۆر جاریش ڕەواجیان شکاندووەو ئەگەبشتونە جوانی ی ڕووی یارەکانیان .. ئینجا لە داخدا کەمی کردووەو تواوەتەوەو لەم ڕووەوە (عورفی) دەڵێت :

کە چاوم کەوت بە خاڵی ڕوو سەری سینە تەحەیورمام
کەبەم بێوەختیە دز چی ئەکا لەم باغو بێستانە
ئەزانم نازە ڕووپۆشت کە تەشبیهی بکەین ئیمڕۆ
بەمانگی هەشتو چوارو دوو لەژێر هەورا بە پەنهانە .

(عەلی عارف ئاغا) هەرزوو ووتی : تۆ بتی من ئەتپەرستم بەلام (عورفی) لەم ڕووە ئەڵێت :

ئەوشۆخە کە هاوصحبتی ئەیامی غەمم بوو
داغی جگەرم بۆچی لەپڕ دەرچوو لەدەستم
تەئسیری فراقت منی خستۆتە خەیاڵێ
لەو ڕۆژەوە ئەترسم کە بڕۆم بت بپەرستم

هێنانە ناوەوەی ووشەو بەکارهێنانی بەچەند مانایەك هەنگاوێکی سەرکەوتوو بووەو زیاتر پلەی شاعیرانی دەرخستووە ، (عورفی) دەستێکی باڵای هەبووەو ، چەند هۆنراوەیەکی لەسەووتووە :

ئاه بزانی بۆچی دل ئەخولێتەوە بێ هۆش و ڕا
پێچراوی پێچی پێچی پەچەو پەرچەمە .

ئازارو دەروەسەری و بێوەفای پەیمان شکاندن ، ڕووبەڕووی شاعیر بۆتەوە ، ئاوات بەو کەسە ئەخوازێت کە مەیلێ دڵداری نەبووە :-

خۆزگە سەد خۆزگەم بەوەی مەیلی بە دڵداری نییە
ئەوکەسەی یاری نەبێ مەعلومە ئازاری نییە
من لە ژێر باری غەما عەینی کەمانە قامەتم
خواپێداوی وایش هەیە ڕوو قائمە باری نییە
خۆ بە شمشێری بڕۆو مژگانی دیدە کوشتمی
هێندە نامەردە بۆ ئەم جرمانە ئیقراری نییە

هەڵبەستە دڵداریەکانی زۆرەو هەریەکە مەبەستو مانایەکی هەیە بەم پارچەیە کۆتایی بە هەڵبەستەکانی ئەهێنم تا دەرفەتێکی تر باسێکی لێوە ئەکرێتەوە :-

وەقتی یارم ویستی زوڵفی خۆی بەرووداو شانەکا
وائەزانم شێخ لەمن زووتر بەرەو مەیخانە کا
ڕابکێشی خەنجەری موژگانی بەقەسدی کۆشتی من
شەرتە شەرتی پیاو هەتا ماوە لەڕوویا ڕا نەکا .

لە کۆتایی ژیانیدا ئەمەی بۆ خۆی ووتووە :

تافی جوانی چوو نەما کەوتوویتە حاڵی غەرغەرە

بڕوانە : ل : ٧

Institut kurde de Paris

هاوڕێ صدام حسین نەتەوە لەتا «پاشماوە»

تەقەلای نیوەکەی تر دەخوات. لەپیاوان ، لەباری دەروونیو عەمەلیەوە ، تا بەشدارین لە ئاسان‌کردنی کاری ئافرەتدا لەتێکۆشانیدا لەسەر ڕێبازە نوێیەکەو بەشێوەی نوێ .

هەروەکو لە ڕابردوودا لەسەرتان نووسرابوو کە بەدوو شوێنەوارەوە ستەمتان لەگەڵدا بکرێ ، ئێستا پێویستە دوو فرمان بگرنە سەرشان ، چونکە ئەمە پێویستە بۆ خواردنی بەرهەمی ئەوئازادیەی ئەم ژیانە نوێ یە هێناویەتە کایەوە .

پیاو لەیەك شوێنەوارەوە ستەمی لەگەڵدا دەکرا ، بۆیە لەوانەیە فرمانی خەباتگێڕانەی ئەو سووکتر بێ لەهی ئێوە لەباری ئەم‌کارانەدا ، بەڵام ئێوە لەدوو شوێنەوارەوە ستەمکاریتان لەگەڵدا کرا ، بۆیە فرمانێکتان لەسەرە کە پێویستی بە فیداکاری تایبەتی هەیە ، چونکە ستەم لێ‌کراو دەبێ زیاتر لە خەڵکی تر فیداکاری بنوێنێ بۆ گۆڕینی واقیعی بۆگەن بەرەو گەیشتن بە شوێنەواری نوێو پاراستنیو پوختەکردنی.

زیانی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا . ئەگەر لەگەڵ ڕۆژگاری پێش شۆڕشدا بەراوردبکرێ ، بەشێوەیەکی بەرفراوان پشکەوتوە بۆیە شۆڕش ئیتر کە توانایدا نیە ئەوشوێنو ڕێیە قبوول بکا کە لە ساڵی ٩٦٩و ساڵی ٩٧٠و ٩٧١ و ٩٧٢دا بەکاردەهێنران بەڵکو پێویستە لەسەری ڕێوشوێنی نوێ بدۆزێتەوە ، کە ئافرەت بخاتە بارێکی فیکریو سیاسی نوێوە ، بەڵام بێ‌ئەوەی بێ‌بەشی بکا لە هەندێ باری کۆمەڵایەتی دەرەوەی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عراق .

ئافرەت دەچێ بۆ سینەماو شانۆ یانە، وبەهۆی بەبوەندیە کۆمەڵایەتیو خێزانیەکانیەوە دەچێ بۆ ماڵی ناسیارەکانی ، جا ئەم قسەیەم لەبارەی ئافرەتی عراقەوەیە ، مەبەستیشم لێی ئەوە نیە ئافرەت نەچێ بۆ ئەم‌شوێنانەو لەزیانی کۆمەڵایەتی بتاکێتەوە بەڵام نامانەوێ ئەم‌چالاکیانە بەری بستێنن ، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم لەبارەی ئەوهاوڕێیانەوە نیە کە ئامادەن لەپێناوی بیروباوەڕە ئاسراوەکاندا فیداکاری بنوێنن‌و ئامادەن خۆیان لە یانەو لە دبداری خێزانی لەگەڵ دراوسێکانیاندا بێ‌بەش‌یکەن بەڵکو ئەم‌قسەیەم لەبارەی ئەوهاوولاتیانەی ترەوەیە لەناو کۆمەڵگادا ، چونکە ئێمە نامانەوێ لەهەندێ چالاکی کۆمەڵایەتی دەرەوەی یەکێتی بێ‌بەشیان بکەین ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمانەوێ هەندێ بەردەوامیمان لەگەڵیاندا هەبێ بەجۆرێك کەبێتە مایەی ئەوەی ڕێوشوێنی سەرکردایەتی ڕاست بتوانێ ڕێڕەوە هەڵەکان ڕاستبکاتەوە وژیانی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك ئاراستە بکا کە لەگەڵ ڕێڕەوکانی ئێستای کۆمەڵگای ئافرەتدا یەکبگرن جا ئەوکاتە بیروڕاکان لەمەڵبەندی یەکێتیەوە بۆ یانەو بۆ دراوسێکانو بۆ خێزانە نزیکەکان، بەوجۆرەش ئەندامی یەکێتی ، لەهەمان کاتدا کە هەوڵدەدا بۆ کارتێکردن لەگەڵ کۆمەڵگادا بەجۆرێك کە دەوری سەرکردانەو بیروڕاو ڕەفتارەکانی بپارێزێ، ئەو ئەمە لەتێگەیشتنێکی واقیعیانەی ژیاتی کۆمەڵایەتی خەڵکی تریشەوە دەکا ، چونکە ئەوەی ئێمە لە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عراق چاوەڕوانی دەکەین ئەوەیە نەبێ بە قوتابخانەی ئەکادیمی بۆ دەربڕینی فیکری شۆڕش بەڵکو دوماناەوێ کارێکی شۆڕشگێڕانەو جەماوەری ئەنجام بدا ، وبەکێك لەو شتانەش کە ئەگەر بتوانین ئەوەبە ، ئەگەر بتوانین بەدوو نیوە کار بکا . نیوەیەك کە لە کۆمەڵ دەگاو نیوەیەك کە هەوڵی گۆڕانی دەدا بەرەو گشتێکی بەگگرتووو چاکیەکانی دەرەوەو ناوەوەی یەکێتی بەولایەدا بن کە ئەم سایشتە ئاسانەدەکەن ، چونکە بەشێك لەگیان‌و پەیامی یەکێتی دەبێ لە دوتوێی ئەم‌چالاکیانەو چالاکیاکانی ترەوە بڕێن بەڕێوە ، جا کاتێك ئەوئافرەتەی کە تەنها فێربوە لەگەڵ دراوسێکانیدا چاوبان بەیەك بکەوێ‌و لەمەبدانی کۆمەڵایەتی تردا ئەوەندە جیدیەتی ڕاست نانوێنێ لە دەربڕینی ڕاستەقینەی دەوری خۆیدا وەکو ئینسانێك‌و هەندێك شێوەی بەردەوام بوون دەدۆزێتەوە لەنێوان ئەو ژیانە ڕەوابەدا کە فێری‌بوە لە وەزعی بێ‌ئیلتیزامی دەرەوەی یەکێتی‌و ئەوەدا کە لە ناوەوەی یەکێتی‌دا هەڵس‌و کەوتی لەگەڵدا دەکا ، ئەم جۆرە وەزعە بە بەلە بالی پێوەدەنێ کە دەست لە هەموو شتێکی ناڕەوا لەرەفتار وسایشتدا ، بە قوناغی حیساب بۆ کراو ، هەڵگری تا دەبێتە ئەندامێکی پتەوی ژیانی نوێ بۆ دەربڕینی ئەو زاتیەتەی کە لەگەڵ زاتیەت‌و قازانجی کۆمەڵدا ، لەسەر ڕیبازی شۆڕش ، پێکەوەلکاون‌و کارتێکەرن ، بەڵام ئەگەر هەر لە سەرەتای هاتنە ناو مەڵبەندەکانی یەکێتی‌یەوە بینیان کەوا ژیانی کۆمەڵایەتی تێیدا وشکە وهیچ ڕەنگێکی تێدا نیە لە ڕەنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەوای دەرەوەی یەکێتی ، ئەوا زۆریان لەم‌جۆرە وەزعە دووردەکەونەوە ، بێ‌ئەوەی بەر لەوە لەدڵی خۆیاندا بڕیاریان لەسەر ئەوجۆرەهەڵوێستە دابێ . . . ئەمەش ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ئەم‌شتە ، تەنائەت لەکاتی نەخشەدانانی بیناکانی یەکێتی‌و لقەکانیداو لەڕاخستنی‌و نەخشەکانی‌و شێوەی کارکردنیش تێیدا حیسابی بۆ بکرێ وبگیرێتە بەرچاو ، بەر لەمەش لەم‌بارەیەوە لەگەڵ هاوڕێ منالدا قسەم کردوەو هیوادارم نەخشەکانی یەکێتی ئەوەیان گرتبێتە بەرچاو کە هەندێ چالاکی تێدا هەبێ کە ئافرەتان حەزیان لێیەتی تا لەدووتوێی ئەوانەوە بیروڕانوێ‌بەکان بەشێوەی تر کە شان بە شانی ئەوبڕوا ، بگوێزینەوە .

فرمانی گەورە :

ئێمە دەزانین فرمانەکانتان ئستا چەند گەورەن بۆیە پێویستە لەسەرمان ئێستا ڕێگای ئەم‌ئەرکە ئاسان‌بکەین ، لەوانەشە بڵێن ، هەتا ئێستا بەگوێرەی پێویست‌و بەجۆرێك کە ببێتە دەستەبەری ئەم چوارچێوەیە ، ئەرکی ئێمەتان ئاسان نەکردوە ، بەڵام دەبێ ئەو گۆڕانکاریە بتەوە بزانن کە بەگشتی لەکۆمەڵگای عراقدا هاتۆتە دی‌و بێ‌گومان هەریەکەتان بەجاوی خۆی میقداری ئەوگۆڕانەی دیوە کە لە وەزعی پیاودا بەرەو ئاسان کردنی ئەم ئەرکە هاتۆتەدی ، بەڵام ئایا بیاوان گەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە دەمانەوێ ڕەڵام نەو ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئافرەتیش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەباسمان کرد ، من هەندێ ئافرەتم دیوە کە بە کردارو سایشت دژی مافی ئافرەتن ، بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین ئەم‌بیروڕایانە ببەینە ناو هەر شانەیەك لە شانەکانی کۆمەڵەوەو ناو هەر ماڵێك‌و بۆ هەر ئافرەتو هەر پیاوێك .

مرۆڤی شۆڕشگێڕی ستەم لێ‌کراو لەهەموو خەڵکی‌تر حەزی لە ڕاستکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیە بە ڕێبازی ڕاستدا ، لەکاتێکدا مرۆڤی ناشۆڕشگێڕو ستەمکار ، لە هەموو خەڵکی‌تر زیاتر حەزی لە ستەم‌کردنە لەخەڵکی‌تر چونکە ڕێگای ڕزگاری خۆی وخەڵکی تر نازانێ ، ئەمە بە وەرگرتنی هەندێ نموونە لەو ئافرەتانەی کە ئەناو ماڵدا بەندن‌و ئەوانەی لە هەڵس‌وکەوتی ڕاست بێ‌بەشن‌ـ تاقی‌بکەنەوەو سەبر بکەن هەڵس‌وکەوتیان چۆنە ، وچۆن ڕەفتارێکی ڕەقی بەندە لەسەر ستەمکاری‌و ڕاوەدوونانی لەسەر بچووکترین کار . تازاتی خۆی بنوێنێ بەڵام ئەمە چوارچێوەی شۆڕشگێڕانەی ڕێگای‌دەربڕینی زات نازانی ، بۆیە بۆ دەربڕینی زاتی خۆی ڕێگای ناراست دەگرێ ، هەر بەو شێوەیەی کە هەندێ پیاو لەبەیوەندیان لەگەڵ ئافرەتدا بەکاری دەهێنن ، جا ژیانی نوێ پێویستی بە شۆڕشگێڕی تایبەتی هەیە نەك شۆڕشگێڕی گشتی واتە نەك شۆڕشگێڕێك کە تەنها واقیع ڕەفز بکا بەڵکو شۆڕشگێڕێك کە ئامرازی ڕاست بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە بەرەو پێشەوە ببینێ‌و بەهاوشانیەکی ڕاست لە سەر ڕێگای ئەو دوارۆژەی کە لەبەرچاوی بەئاشکرایی دیارە.

بۆیە هەموو شۆڕشگێڕێك ـ بە بەعسیەکانیشەوە ـ ئەگەر باوەڕ بە خۆدەربڕینی شۆڕش بەم ڕێگا تازەیە ،و لە پێشەوە ڕێگای وەزعی ڕاستی ئافرەت ودەزری نوێی لە بنیاتنانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا نەهێنێ ، ئەوا ئەو بە شێوەی عەمەلی شۆڕشگێڕێکی تەواو نیە بەڵکو دەبێتە بارێك بەسەر شۆڕشەوەو لە وانەشە خۆی بخاتە سویرەکانی دوژمنانی شۆڕشەوە .

عورفی « پاشماوە »
وانەزانم ئینزاری قەبرەکەی سەیوانتە
گردی سەیوان حورمەتی میوانەکانت ڕاگرە
پەنج‌و دوو ڕۆژێکی‌تر وا (عارف)یش میوانتە .

بەراستی (عورفی) شاعیرێکی بلیمەت‌و لێهاتووی بەدەستەلات بووە .. کە لە ڕیزی شاعیرە پێشکەوتووەکانی گەلی کوردماندا دانەنرێت‌و خزمەتێکی تەواوی ئەدەبی کوردیی کردووین . بەڵام بەداخەوە تا ئێستا مافی خۆی پێنەدراوەو دیوانەکەی چاپ نەکراوە ... دیوانەکەی بە کوردی نووسراوە بە شێوەی خەتی فارسی‌و ئەوکەسەی ئەی‌خوێنێتەوە ئەبێ شارەزایی لە نووسینەکەدا هەبێت‌و ووشەکان بناسێت ، من بەش بە حاڵی خۆم ، نەمتوانی هەموی بخوێنمەوەو ئەوەی کە بۆم خوێندرایەوە نووسیومەو ئەم لێکۆڵینەوەم لەسەر دەرهێنا . هیوادارم کە ئاوڕێك لەم شاعیرە بدرێتەوەو دیوانەکەی چاپبکرێت . تا ئەوەندە تەپ‌و تۆزی لێ‌نەنیشت‌و بەرەکانی نەدڕێت .

١ ـ زۆر جاروشەی (قوربانتە) گۆڕاوە بۆ ووشەی (قوربانیە)و بۆتە یەك کێشە .

٢ ـ شاعیرانی هاوعەسرم /نووسینی خوالێخۆشبوو (عەلی کەمال باپیر) ژیانی شاعیری تێدا نووسراوە .

پاشماوەی ئاوایی یەعەسریەکان تاقیکردنەوەیەکی ئینسانی‌ی گەورەی ڕێڕەوی حزب وشۆڕشە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

● دیاریەکانی بەڕێز سەرۆك بۆ خێزانەکانی ئاوایی‌یە عەسریەکان . گردبوونەوەی گەلی کوردمانی بە دەوری سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشدا پتەوتر کرد .

دوای گەڕانەوەی بەڕێزەوەندیەکانی گونده هاوچەرخەکان‌دا :

لەهەر گوندێك ئەم دەزگا بەڕێزەوەندیانە هەبە :

بارەگای ڕێکخراوی حزب‌و مەڵبەندی کۆمەڵایەتی‌و پۆلیسخانەو مەڵبەندی لاوان‌و مەڵبەندی یەکێتی ئافرەتان‌و مەڵبەندی کۆمەڵەی‌جووتیاران‌و مەڵبەندی تەندروستی‌و بازاڕای هاوچەرخ‌و قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی ، هەروەها (١٤) بیری ئیرتیوازی لە پارێزگای هەولێر (٢٦) بیری ئیرتیوازی لە پارێزگای سلێمانی‌و (١٤) بیری ئیرتیوازی لە پارێزگای دهۆك لێدراوە .

هەروەها دەست بە دامەزراندنی دەزگا بەڕێزەوەندیەکانی گونده هاوچەرخەکانی پارێزگای سلێمانی کراوە :

١ ـ دامەزراندنی (٢١) کۆمەڵەی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و پیشەیی کە بارەگاکانی یەکێتی‌و نەقابەی کرێکارو جووتیارو قوتابی‌و ئافرەت‌و لاوان‌و ئەنجومەنی گەل دەگرنەوە .

٢ ـ دامەزراندنی هەندێك پۆلیسخانەی پێویست .

٣ ـ دامەزراندنی بازارێکی هاوچەرخ لە ناوچەی بیباز .

٤ـ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی داواناوەندی‌و نەخۆشخانەیەك لە شاندری .

٥ ـ دامەزراندنی (٩) قوتابخانەی سەرەتایی (٦٢) پۆلی لە بنگردو عەربەت‌و زمقی‌و کەلارو عنب .

٦ ـ دامەزراندنی (١٠) قوتابخانەی ناوەندی لە سیروان‌و قەڵادزەو قەڵاچوالان‌و کەتارو زراین‌و خورماڵ‌و کاریزەو بستەسین‌و سەنگەسەرو پێنجوین .

٧ـ دامەزراندنی هەندێك مەڵبەندی تەندروستی لە سیروان‌و عنب‌و کاریزەو پشدرسین‌و سەنگەسەرو شاندری .

٢ ـ لەپارێزگای هەولێریش لە گونده هاوچەرخەکاندا دەستکراوە بە دروستکردنی ئەم مەڵبەندە خزمەتگوزاریانەی خوارەوە :

١ ـ دروستکردنی (١٥) بۆلیسخانە .

٢ ـ دروستکردنی ژمارەیەك قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی لە دەڤەرا برادۆست‌و سیروان‌و توشینەو بەحرکەو هنجیرۆك‌و بیزن‌و کەسنەزان‌و شۆڕش‌و گۆرەتو وکانی قرژالەوە !

٣ دروستکردنی (١٢) بازاڕی نوێ کە هەریەکێ (١٥) حانوتی تێدابە لە قوشتەپەو کەسنەزان‌و شۆڕش‌و برادۆست‌و گۆرەتو و حەریرو دیانەو سیروان‌و بەحرکەو کانی قرژالەو بەسەتۆرەو هنجیرۆکدا .

٤ ـ دروستکردنی چالی پاك‌وبێك بۆ سووتاندنی زبل‌و ئاوەڕۆ بۆ پیسایی

ج ـ پارێزگای سلێمانی :

گونده هاوچەرخەکان (١١٨ر٦٠٧ر٣٩) دینارو مەڵبەندی خزمەتگوزاریش ٧٤٠ر٢٧٤ر١٣ دیناریان تێچووە .. سەرجەمی پارەکە هەمووی دەکاتە (٧٤٦٨٢٨٠ر٢٧٨ر٧١ دینار .

سەرجەمی ئەو پارەیەی کە لەپلانی دارایی ساڵانەدا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەرخاکراوە (١٦٥) ملیۆن‌و (٥٥٢)هەزار دینارە . بێجگە لەو پرۆژانەی کە لە مەرکەزەوە پارەی بۆ تەرخان‌کراوە .. پارەکەش بەم جۆرەیە دابەشکراوە (٢٦) ملیۆن‌و (٢٦٣) هەزار دینار بۆ کەرتی بیناو خزمەتگوزاریەکان‌و (٢٤) ملیۆن‌و (٨٥٣) هەزار دینار بۆ کەرتی کشت‌وکاڵو (٥٦) ملیۆن‌و (٥٨) هەزار دینار بۆ کەرتی گواستنەوەو بەیوەستو (١٤) ملیۆن‌و (٢٣٩) هەزار دینار بۆ کەرتی پەرەوەردەو خوێندنی باڵاو (٢٣) ملیۆن‌و (٤٦٨) هەزار دینار بۆ کەرتی پیشەسازی تەرخان‌کراوە .

لە تەرخانکردنی پارەکەدا هاوسەنگییەکی وردی نێوان پارێزگاکانی ناوچەکەو پێویستەکانیاندا ڕەچاوکراوە ، بۆیە (٥٦) ملیۆن‌و (٩٦٢) هەزار دینار دراوەتە هەولێرو (٥٨) ملیۆن‌و (٩٣٣) هەزار دینار دراوەتە سلێمانی‌و (٣٨) ملیۆن‌و (٨٨٦) هەزار دینار دراوەتە دهۆك ، جگە ـ لەوەی کە (١٠) ملیۆن‌و (٦٧١) هەزار دینار بۆ پرۆژە هاوبەشەکان تەرخانکراوە .

ئەم پارەیەش بۆ : دامەزراندنی خانوو لابرین‌و ماوە کورت‌بکرێتەوە. ئێستاش بەریۆوبەریتیەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکرن گشت ئەوپرۆژانەی تەنیا نیو ملیۆن دیناریان تێدەچێت جێبەجێدەکەن‌و ، دەزگاکانی مەرکەزیش پرۆژەکانی تر جێبەجێدەکەن .

لەلایەکی تریشەوە سەرکردایەتی حیزب‌و شۆڕش بایەخێکی زۆری بە لایەنی ئایینی‌و پیاوانی ئایین داوەو (٤) ملیۆن دینار لەدەروەی بۆدجە بۆ بیناکردنی (٦٣) مزگەوت لە گونده هاوچەرخەکانی ناوچەکەدا تەرخانکراوە .

سەرەڕای ئەوەش (٦٣) جادەی سەرەکی جیبەجێکراوە کە درێژاییان (٢١٠٤) کم دەکات‌و ... ٥٤٥ ١١٤ دیناریان تێچووە . هەروەها جادەی سەرەکی‌ی تریش لە بەرنامەی سوودوەرگرتنی تازەدا هەیە ، ڕووبەری ئەوزەویانەی بەبەر دابەشکردن دەکەون دەگاتە (٧٤٦٨٢٨٠) کە : (٣٠٦٩٢٣) ڕووبەر بەبەر (٢٦٠٣٨) جوتیاری خەڵکی هەولێرو (٢٦٠٢٨٩٣) ڕووبەر بەبەر (٤٣٠٠٢٦) جوتیاری خەڵکی سلێمانی‌و (١٨٣٨٤٦٤) ڕووبەر بەبەر (٢٣٠٩٢) جوتیاری خەڵکی دهۆك دەکەوێت .

دەربارەی قوتابخانەو باخچەی منداڵانیش ، (٦١٦) قوتابخانەو (١٠٧) قوتابخانەی بەزۆر فێرکردن لە پارێزگای هەولێرو (٦٨٧) قوتابخانەو (٣٠) قوتابخانەی بەزۆر فێرکردن لە (پارێزگای دهۆك هەن .

هەروەها (٧٩) قوتابخانەی دواناوەندی‌و (٩) قوتابخانەی تازە لە پارێزگای هەولێرو (٦٥) قوتابخانەو (١١) قوتابخانەی تازە لە پارێزگای سلێمانی‌و (٣٦) قوتابخانەو لە هەولێر .

● دەیەها مەڵبەندی خزمەتگوزاری لە هەموو کوردستاندا دروستدەکرێن .

● ژمارە لەبارەی قەوارەی ئەو خزمەتگوزارایانەوە دەدوێن کە شۆڕش بۆ هاوولاتیانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دابینی کردوە .

● ناردنی کەلوپەلێکی زۆری ئیستیهلاکی بۆ کۆگاکانی ئاوایی‌یە عەسریەکان .

ا ـ پارێزگای هەولێر :

گونده هاوچەرخەکان (٧/٥٢٠/٦٠٠) دینارو مەڵبەندی خزمەتگوزاریش (١ر٩٥٣ر٧٠٠) دیناریان تێچووە .. سەرجەمی پارەکە هەمووی دەکاتە (٩ر٤٧٤ر٣٠٠) دینار .

ب ـ پارێزگای دهۆك :

گونده هاوچەرخەکان (٧ر٥٥٧ر٨١٦) دینارو مەڵبەندی خزمەتگوزاریش ١ر٣٦٥ر٠٠٠ دیناریان تێچووە .. سەرجەمی پارەکە هەمووی دەکاتە(٨ر٩٣٢ر٨١٦) دینار .

خانووبەرەی نیشتەجێبوون پرۆژەکانی ئاوو ئەخۆشخانەو مەڵبەندی تەندروستی‌و قوتابخانەو بارەگای ڕێکخراوە جەماوەریەکان‌و بینای دامودەزگاکانی دەوڵەت‌و پرۆژەکانی تری بەرژەوەندیەکانی شارەوانی‌و کۆمەڵایەتی‌و بەروەردەیی‌و پیشەسازی‌و کشتوکاڵی سەرفدەکرێت .

ئەنجومەنی نەخشەکێشان جێبەجێکردن کەوا پرۆژە تایبەتیەکانی ناوچەکە جێبەجێکات بۆئەوەی ئەم‌پرۆژانە خێرا جێبەجێ‌بکرێن‌و کوسپەکان قوتابخانەکان دەیانگرێتەوە .

کارگەی شەکر لە پارێزگای سلێمانی ، کارگەی بژارەکردنی قوتن لە هەڵبجەو قەزای کۆیە . ئێستگەی کەهرومائی لەدوکان ، کارگەی جگەرە لە هەولێر ، کارگەی ووشك‌کردنی میوەجات‌و بەرهەم هێنانی عەرەق لەناحیەی حەریر ، کارگەی شیرەمەنی‌ی هەولێر ، کارگەی خشت‌و گۆزە لە هەولێر . کارگەی خوری رستن لە هەولێر ، کارگەی میوەجاتی قوتو لە دهۆك ، کارگەی کوتاڵ دروست کردن لە دهۆك ، پرۆژەی برافین لە سلێمانی‌و پرۆژەی مەرمەڕ سلێمانی‌و (٣٦) قوتابخانەو لە هەولێر .

وەڵامی شیکارەی بۆزاخاوی مشك

	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
١	٥١	٥٢	٥٣	٣	٥٤	٥٥	٥١	٥١	٥
٢	٤٦	٤٦	٤٦	٢٨	٤٦	٤٦	٤٦	٢٠	٤٥
٣	٥٢	٥٢	٥٢	٦٠	٥٢	٥٢	٣١	١٤	٤
٤	٤١	٤١	٤١	٤٠	٤١	٣٨	٤١	٤١	٤٥
٥	٧٥	٣٦	٣٦	٣٩	٣٦	٣٦	٣٦	٣٦	٣٩
٦	٤٠	٤٠	٤٠	٤٤	٤٠	٤٠	٤٠	٤٠	٤٥
٧	٤٣	٤٣	٥١	٢٢	٤٣	٤٣	٤٧	١٠	٦٧
٨	٣٦	٦٢	٣٦	٥٤	٣٦	٣٦	٣٦	٣٦	٣٧
٩	٧٧	٣٠	٣٠	٧٩	٣٠	٣٠	٣٠	٣	٣٣

ڕۆشنبیری گونده « پاشماوە »

لە کۆتاییدا ڕومان کردە کاك محمود احمد لێپرسراوی خانەی ڕۆشنبیری لاوان‌و دەربارەی جموجوڵی مەڵبەندەکەیان وتی : ئێمە هەر لە کردنەوەی مەڵبەندەکەمانەوە لە گوندی هاوچەرخی عەنەب هەوڵمان داوە بۆ چەسپاندنی ڕۆشنبیری‌یەکی نوێ ولە بار ، بۆ لاوانی گوندەکە ئەویش بەهۆی دانیشتنی زۆر لەگەڵیاندا‌و تێگەیینیان لە بارەی دەسکەوتەکانی شۆڕشەوەو هۆی ئەو پەرەپێدانەی بۆیان تەرخان کراوە ، ئنجا وتی : ئێمە تا ئێستا هەندێ سەرچاوەی ڕۆشنبیریمان بۆ پیاوانی گوندەکە ئامادە کردوەو سودی لێ دەکەن لەوانە تەلەفزیۆن‌و هێنانی چاپکراوو کردنەوەی شوێنی خوێندنەوە بۆیان‌و سازکردنی ئاهەنگ بۆ خۆشگوزەرانیان‌و لە داهاتودا نیاز وایە هەمو پێویستی‌یەکیان بۆ ئامادە بکەین .

کارگەی شەکر « پاشماوە »

سەرەکی لە دروست کردنی شەکردا بە کاری دەهێنی لەم ڕوەوە ئێمە خۆمان وەکو باسمان کرد کێڵگەی تایبەتیمان هەیەو جوتیارانیش لە شارەزورو هەڵەبجەو ڕانیە ئەی‌چێنن‌و ئێمە لێیان وەردەگرین بۆ نمونە ساڵی ١٩٧٨ (٢١) هەزارو ٨١٦ تەن چەوەندەری شەکرمان لە جوتیارانی ئەونا‌وچانە وەرگرت ساڵی ١٩٧٧یش ٢ هەزارو ٩١٠ تەنمان لێ‌وەرگرتو چونکە خۆمان بەتەواوی نەکەوتبوینە بەرهەم هێنان نارەمان بۆ کارگەی شەکری موصل کە ئەوانیش هەر ئەم کەرەسەیە بە کار دەهێنن .

ئەو ڕوبەرانەی ئەمساڵ‌و تا ئێستا کراون بە چەوەندەری شەکر لە بە ساڵی پار کەمترن بەڵام کاروباری چاندن‌و سەرپەرشتی لە سەرەتای ئەم مانگەوە بەردەوام دەبێ بۆیە وا چاوەڕوان دەکەین ئەم ڕوبەرە چێنراوەی ئێستا زیاتر ببێ‌و لە پار زیاتر بەرهەم بهێنن .

پردی ئارتا « پاشماوە »

محەمەد موکری لەعەرەبی‌یەوە کردوویە بەکوردی .

شێرکۆ بێکەس هۆنراوەکانی وەرگێڕاوە .

ولیم‌یوحنا ئاوازی بۆداناوە .

فاضل جاف دەری‌هێناوە .

ئنجاتیپی نواندنی سلێمانیش لە ٤ـ١٢ـ تا ١٧ـ١٢ـ٧٨ بەسەرکەووتوویی لەسلێمانی پێشکەشی‌کرد ..

٢ ـ ئەو ڕستانەی لەناو کەوانەکاندا نووسراوون ، ئەوانە ڕاستەوخۆ لەدەمی ئەکتەرەکانەوە وەرگیراون .

Institut Kurde de Paris

له سایەی ئۆتۆنۆمیدا

بەرهەمی پێشکەوتوی بەردەوامی رۆشنبیری وهونەرلە ناوچەی کوردستان

● نێردراوی « هاوکاری » نووسیویەتی دەڵێ :

چالاکی رۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و هونەری هەمەجۆر لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بەردەوام لەبڕەودایە ، ئەوتەقەللایەی بەریوەبەرێتی رۆشنبیری لە ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری‌و لاوان‌و بەریوەبەرایەتیەکانی رۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر و سلیمانی‌و دهۆك دەیدەن ، رەوتێکی بەتینی داوە بەوچالاکیانە . لەبەریوەبەرێتی رۆشنبیری هونەریەکان کراوە. سەرەڕای یادکردنەوەی چەندان ئەدیب‌و رۆشنبیری گۆچ‌کردو .

بەریوەبەری رۆشنبیری دڵخوش دەبی کە بەبەرهەمی ئەوچالاکیانەدا دەچێتەوە .

هاندانی ئەدیب‌و هونەرمەندان :

لەپێناوی هاندانی ئەدیبەکانداو چاپکردن‌و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیاندا لەم‌قوناخی دواییەدا (٤٠) کتێب لەسەر حسابی ئەمانەتی گشتی‌و بەیارمەتی ئەوان لەچاپ دراوەو پاداشت دراوە بە چەندان ئەدیبی ترو ڕێزی چەندان هونەرمەند گیراوە . لەمەیدانی هونەری تەشکیلیدا چەندان پیشانگا کراوەتەوە بۆ هونەرمەندانی ناوچەکە ، بێجگە لە بەستنی چەندان کۆڕی رۆشنبیری‌و هونەری لە هەولێرو سلیمانی‌و دهۆك لە لایەن بەریوەبەرایەتیەکانی رۆشنبیری جەماوەرەوە ، لەرووی هاوکاری کردنەوە لەگەڵ دەزگای گشتی سینەماو شانۆ تیپێکی شانۆی بێك هاتوەو باربووی تیپە هونەریەکان کراوە. سەرەڕای یادکردنەوەی چەندان ئەدیب‌و رۆشنبیری گۆچ‌کردو .

کاروانی رۆشنبیری :

دەزگا رۆشنبیریەکانی ناوچەکە چالاکیان زۆر لایەنی گرتۆتەوەو چەندان کاروانی رۆشنبیری سازکراوە بۆ گەڕان بە گوندەکانداو فلیمی سینەمایی پیشان‌دراوەو چاپکراویان بەسەردا بەخشراوەتەوەو کۆڕی هوشیارکردنەوەیان بۆ سازکراوە .

دەورێکی بالاو دڵسۆزانە :

دەزگاکانی رۆشنبیری لەناوچەکەدا دڵسۆزانە باربووی کۆڕو کۆمەڵە رۆشنبیری‌و ئەدەبیەکان دەکەن‌و تەقەللایان بۆ بەستنی کونگرەی پێنجەمی یەکێتی نووسەرانی کورد بەڵگەیەکی دیارە ، بێجگە لە یارمەتی ودەستگرتنی تیپە هونەریەکان .

ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەژیانێکی نویدا دەژی ، ژیانی ئاوەدانی‌و بڕەوپێدانی رۆشنبیری بێشکەوتنخواز .

لێرەوە

ئەحمەد داودەو ئاوازێکی کۆچ کردوو

عبدالوهاب تاڵەبانی

دوو مانگ لەمەو بەر ، یەکێ لە مۆسیقا ژەنە میللیەکانمان خوا حافیزی یەکجاری ألهم جیهانە کردوو . لاشەی بێ گیانی کە لە ٤٠ ساڵ زیاترە لە ناو ئاوازو مۆسیقای میلیمانادەتوێتەو دو دە سووتێ بە خاك سپێردراو ، ئەو یەنجە هونەرمەندانەی کە بە درێژایی تەمەنێکی پڕ ئێش‌و ئازار لە لێدانی خۆشترین ئاوازی کوردی نەکەوت ، ئەانەو یەنجە پیرۆزانەی لە جوولان کەوتن وچوونە ژێر بەردی رەق‌وتەقەوە .

× بەڵێ ، ئەحمەد داودەی ، شۆڕەسواری نەناسراوی مۆسیقای فولکلوری رەسەنی دەشتی گەرمیان ، رۆیشت‌و بە بێ دەنگی سەری نایەوەو ، لە غەیری ئەو چەند رۆژە پرسەیەی کە خەڵکی بە وەفای شارەکەی بۆیان ڕێکخستوون لە غەیری فرمێسکی بە کوڵی کوڕان‌و کچانی گەڕەکە خۆشەویستەکەی‌و ... خامۆش بوونی هەڵپەڕێی رەشبەڵەکی زەماوەندەکانی (سەرکارێز) ، لە غەیری ئەمانە هەستمان بە هیچی تر نەکرد، ئەحمەد داودەی هونەرمەندی میللی رۆشت‌و ئاسن هاتە قسەکردن ، بەڵام هونەرمەندە ئامانج پرس نامە یەکێشیان لە مردنیا بڵاونەکردەدە ..

× ئەحمەد داودە ، کۆچی کردوو ، نرخی نەزانرا ...

× بۆیە ، روو دەکەینە تیپەکانی مۆسیقاو ئەڵێن : ئەگەر دەربارەی (ئەحمەددداودە) کار لە کارترزاوەو تازە زیندوو تابێتەوە تا کرنگی بێ بدەن‌و لە چالاکیەکانیاندا بەشداری بکەن ، ئەواهێشتا صلاح داودەو کۆمەڵەی ماون ، بەڵام پەرت‌و بڵاوو بێ‌ڕێکخستن ، با دەسپێکان بگرن‌و هەوڵی پێشخستنیان بدەن ...

× لەو بڕوایە دام ،باوەش کردنەوە ، بۆ خزمەکانی (ئەحمەداودە) ی خۆوا لێخۆشبوو ، ڕێگە فراوان کردنەوە لە بەردەمیاندا ، سوودێکی گەورە دەگەیەنێتە مۆسیقاو گۆرانی ئەمڕۆی کوردیمان‌و ، هیوادارین ئەم پێشنیارەمان پەسەند بکەن‌و ، گۆرانی‌و موسیقای کۆمەڵە فولکلۆریەکەی صلاح داود)ەش ، شان بە شانی گۆرانی ومۆسیقای ئەو تیپانە تۆمار بکرێن‌و ، چاوە ـ ڕوانین .

لەیادی نەورۆزدا

ئەکەر بەناو ناخی مێژوودا شۆڕببینەوە ، مێژووی گەلانی جیهان بۆمان دەرئەکەوێ کە چەند رووداوێکی گرنگ‌و فیداکاری قارەمانانە لەرەوتی بەرەوپێش‌چوونی ئەم‌گەلانەدا هەیەو وەك لاپەڕەیەکی سپی پرشینگ‌دار بە درێژایی رۆژگار ئەدرەوشێنەوە لەچوارچێوەی تێکۆشانی ڕای کارگوزاری تێکۆشانەدا ئاوێتەی بەکتری‌ئەبن بەرەو بال‌نانی رەورەوەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بۆ پێشەوە تەکان‌ئەدەن . گەلی کوردمان یەکێکە لەمیللەتانە کە چەند رووداوێکی گرینگی هەبەو لەناڕوویژدانیەوە هەڵقوڵاون‌و سەرچاوەیان‌گرتووە . رۆژی ٢١ی مارنیشان رووداوو بیرەوەریەکە لەمانە ، ئەم‌رووداوە نموونەیەکی تیشك‌ڕژێنی خەباتی نیشتمانی‌یە دژی چینە چەوسێنەرەکان‌و ئەنجامەکەشی سەرکەوتنی چینی رەنجکێشان بوو ..

کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی سەردەمەکانی پێشو ڕێگایان نەئەدا گەلی کوردمان جەژنی نەورۆز بکات‌و بۆ ئەم‌مەبەستە شیان چەند ڕێگایان ئەگرتە بەرو چەندیی شێوازی جیاجیایان بەکارئەهێنا . تاوەکو ئەوشۆرشە پیرۆزە بەرپابوو کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی کردو بەهاتنیشی خۆری ئازادی لەهەموو گۆشەیەکی وڵاتدا دەستی بەدرەوشانەوەکردو هەر لە سەرەتاوە مژدەی بە گەلەکەمان‌دا کە خۆی‌لێ‌ڕسراوی وەدی‌هێنانی ئاوات‌و مافەکانی کەمایەتیەکانەو مافە رەواکانی گەلەکەمان وەدی‌ئەهێنێ . گوڵدەستی ئەم‌مژدەیەش دەرحوونی یاسای ئۆتۆنۆمی بوو لە چوارچێوەی کۆماری عراق‌دا .

● سڵاو لەنەورۆز ، با مەشخەلەکەی هەر بدرەوشێتەوە وئاگرەکەی نەکوژێتەوە ...

● با نەورۆز جەژنی هاوکاری‌و بەکێتی نیشتیمانی وبرایی‌بێ ... سڵاو لە قولایی دڵەوە لە نەورۆزی سەرچاوەی خێرو بەهارو گول‌و گوڵزار ...

ـ فوءاد حسین ـ

کوڕێکی فراوانی شیعر خوێندنەوە لەسلێمانی

● لە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی ئادارو نەورۆزدا ،لیژنەی رۆشنبیری لە بەریوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی ئەمڕۆ کۆڕێکی فراوانی شیعر خوێندنەوە ساز دەکا بۆ شاعیرەلاوەکانی ناوچەی کوردستان‌و لەم کۆڕەدا شاعیران : لە هەولێر سامی شۆڕش‌و فریدزامدار‌و ئەوزاد رفعت‌و لطیف بەرزنجی‌و لە سلێمانی جلال شکۆو عثمان شەریف‌داو جمال خەمبارو لە دهۆك دوکتۆر نافع ئاکرەی بەشداری دەکەن ، هەروەها لە بەغدا شاعیران : صلاح شوان‌وعبدالله عباس بانگ کراون بۆ بەشدار بوون لەم کۆڕە فراوانەدا .

ئەوەی شایانی باسە ، بەکێتی نووسەرانی کوردیش لە رۆژانی ٢٩،٣٠ ئەم مانگەدا میهرەجانێکی شیعر خوێندنەوە سازدەکەن .

ڕێ‌ڕەو

ئێمە پێویستە بەیمانی‌خۆمان بەردو بەحنەودریشان‌و بەرەو ئارامستنی سەر بەرزی‌و شەرەفتان بهێنینە جێو بەردەوام ئەم بەبمانەتان دەدەینێ‌و ئینشانەلا لێی پاشگەزنابینەوە .

هاوڕێ صدام حسین

نەورۆزو خۆشەویستی

● کچی عەشق‌و رووناکی رۆژ ، نەورۆز ، عەشقەو خۆشەویستی‌و رووباری حەزو عەشقی ئێمە ، لەوساتەوە، لەژێر زامی دڕکە زیا ماچم کردی ، هەر دەکشێ ، تۆ دەرۆیت‌و ، من لەدواتم ، من دەکشێم‌و تۆ تیشکی ، لە نەورۆزا ،بەتاسەوە، بادی خۆت‌و یەکەم ماچی خەمی چاوەکانت دەکەم !

● لە چاوەکانتا ،نەورۆزو، لە چاوەکانتا گڕو بەفرو . لە چاوەکانتا ، هەمووزەردەخەنەبەکو ، هەموو گریانێکی بەکول خۆشە ، دنیا ، هەموو دنیا خۆشەویستیە ، دنیا ، رۆژە ، کە تبشکی چاوی تۆ هەڵدێ ، دنیا ، هەموو دنیا ، نەورۆزە ..تۆ .. نەورۆزی‌و . دنیابەو ..منیش تۆم خۆش ئەوێ.

● کچی عەشق‌و رووناکی رۆژ ، نەورۆز عەشقەو خۆشەویستی لە بیلبیلەی چاوەکانتا .. نەورۆز ،تەمەنی دنیایە ..

عبدالله عباس

هەڵمەتی نیشمانی لە ناوبردنی نەخوێندەواری دەسکەوتەی پیرۆزی هەموو خێر‌ـ خوازێکی سەر بە ئاواتو خواستی پاشە رۆژی بە ختیاریە بۆ گەلی عیراق تێکڕا. بە کوردو عەرەب‌و هەموو کە مایەتیەکانیەوەبوو. تەقەللادان بۆ سەرکەوتنی ئەم هەڵمەتەئەرکی بیرۆزی سەر شانی هەموو نیشتمان پەروەرێکە . خێر خوازو نیشتمان پەروەر، ئینسانی پێشکەو تنخوازی‌ئەم گەلە شانازن بەوەی نەخوێندەوارەکانی بەم وشانە فێری خوێندەواری دەبن :

[خەبات مرۆڤ لە زۆرداری وچەوسانەوە رزگار دەکا]

[خەبات دژی چەوسانەوە رەوایە] ...

دەست لە ناو دەست ، خەبات دژی جەهالەت . دژی زۆردار ، خەبات لە پێناوی برایەتی بتەوی هەرگیزاو هەرگیزی کوردو عەرەبدا لە عراقی پێشکەوتن‌و ئاوەدانی‌و رووناکی‌دا ... خەباتی دڵسۆزانە بۆ بنە بڕ کردنی نەخوێندەواری ...

بو زاخاوی مێشك

نازاد مەحمود
ئامادەی کردوە

منالە نازیزەکان : بۆ ئەوەی توانای خۆتان تاقی بکەنەوە لە بواری «ژمارە کۆکردنەوەدا» ئەم پێشبرکەیەم بۆ هەڵبژاردون کە لە گۆڤارێکدا بڵاو کراوەتەوە ..

پێش بڕکەکەش بریتی‌یە لەوەی کە لە ژمارە « ١ » یەکەوە هەتا ژمارە « ٨١ » هەشتاویەك لەم بوشایانەدا بە کار بێنن بە مەرجێ کۆی ئەستونی‌ناوەناسۆیی هەموو لاکانی بکاتە ٣٦٩ سێ سەدو شەست ونۆ ...

بۆشیکاری ئەم پێش بڕگەیە بڕوانە لاپەڕە حەوت (٧)

٥					٢				١
	٤				٤٨				٢
٤	٤	٢١			٦٠				٣
			٢٨		٤٠				٤
					٢٩			٧٥	٥
					٤٤				٦
٦٧	١٠				٢٢	٥١			٧
					٥٤		٦٢		٨
					٧٩			٧٧	٩

● چیروك بو منالان ●

ئەسپە دارینە

نووسینی زەکریا سامر
گۆڕینی نەجات رفیق حیلمی

وریاو خۆشی لە یەك زویر بوون بڕیاری ئەوەیان دا کە هەرگیز یەکتر نەدوینن . ؛ مڕو موچو دڵ تەنگ دانیشتن بە سەرنجەوە ئەبانڕوانیە بووکە دارینەکانی کە لە سەر ئەرزی ژورەکەدا فڕێ درابوون .

زەڕافەیەك‌و شەمەندوفێر‌ـ یك‌و ورچێك‌و ئەسپەدارینە ـ یەکی بچوك بوون .

لە پڕ شەمەندوفیرەکە هەرەکەتی کردو ڕویشت ، فیتەی درێژی لێ ئەدا .

ورچەکە سەیری بێ هات ولە خوشیا چەپڵەی لێدا .

بە سەر سوڕمانیکەوە زەرافەکە سەیری شەمەندوفیرەکەی کرد ،چونکە ئەو هەموو ژیانی لە نبو دارستانێکدا ژیاوە کە هیچ شەمەندوفیری نەزانیوە .

بەڵام ئەسپە دارینە بچکولەکە لە ترسا دەستی کرد بە گریان شەمەندوفیرەکە وا لێی نزیك ئەبیتەوە وخەریکە پانی بکاتەوە .

زەرافەکەو ورچەکە بەغار چوون بە هاواری ئەسپە دارینەکەوە دووریان خستەوە لە شەمەندوفیرەکە .

ئەسپەکە بەزەرافەو ورچەکەی وت سوپاستان ئەکەم ئیوە منتان لە مردن رزگارکرد.

ورچەکە ووتی : هاوری پێویستە هەمیشە یاریدەی هاوڕێی بدات .

زەرافەکەش ووتی : ئیمە هاوڕێی یەکین پێکەوە لە یەك ژوردا ئەژین پێویستە یاریدەی یەك بدەین‌و ژیانێکی پڕ خوشەویستی پێکەوە بژین .

ئەو کاتە خۆشی بە تەریقیەوە سەیری براکەی کردو .

پێی ووت : ئایا بووکە دارینەکان لە ئیمە باشترن؟!

وریا ووتی : وانەیەکی سود یەخش لەوا ئەوە فێر بووین لەو روژەوە وریاو خۆشی وازیان لە ناکۆکی هیناو پێکەوە بە خوشەویستیو هاریکاری‌ـ ژیان .

١٩٧٩ ساڵی جیهانی منداڵان

International Year of the Child 1979

هەڵبژاردە :

بەفرو شاخ

شاخە بەفر گرتوەکە دەستی کردبووە نووکە نووك‌و فرمێسك دابارادن :

بەفرەکە لێی پرسی :

ـئەوە بۆ وا دەکەی ؟

ـ لە رقی تۆ .

ـمن ؟

ـ ئا . ئا . تۆ .

بۆ چی خوا نەکەمران چیم لێ کر دووی ؟

ـلە مە زیاتر چی بکەی .

ـئێ ئایێت بزانم چیم کردوە ؟!

ـ ئەی ئەوە نی‌یە لەوەتی هەم سێ مانگەی زستان بویتە بە بارو بە شانمەوەی

ـئینجا ئەوە جێی شانازیە بۆت .

ـجێی شانازیە ؟!

ـبەڵێ جێی شانازیە ، دەبێ ئەوە بزانی بوونی من وەسەر شانتەوە دەبێتە هۆی شادمانی هەموو گیان‌ـ لە بەرێك .

ـچۆن ؟

ـئەگەر تۆ من نەگری بە خۆتەوە هەموو کاتی‌و رووبارەکان وشك دەکەن .

ـتاکو ئێستا ئەمەم نەزانیوە . ئەمەی وت‌و دای لە قاقای پێکەنین .

ئیسماعیل رۆژبەیانی

بەرەو ئاسۆ

مانگرتن

شانۆگەریەکی کرێکارانەیە رەنگی مل ملانێی خوێناوی‌و بە جەرگی چینی کرێکاران ، لە دژی کۆنە رژێمە گەندەڵەکەی پاشایەتی ئەداتەوە .. بەرگی کتێبەکە بە پەڕە مووچی هونەرمەندی گەورەو دیار (فایق حسن)‌ـ و نۆبەرەی بەرهەمی کاك محمد عبدالرحمن زەنگنەیە ..

دیاری :

چوار چاپکراوی نوێی کاك محسن جوامێرمان پێکەیشتوە ، دووبان لەژێر سەرناوی (دوو کۆڕەکە)و (کەشتی نووح)و چەند چیرۆکێکی منداڵانەیە ..دووەکەی تری دوو کتێبی ئاینی‌یە لەژێر ناوی (ساتێك لەبەر سێبەری هەق‌و دان بەخۆدا گرتندا)و وانەی رۆڵەی هوشیار)



کاوە ابراهیم — میدیا مهدی — دیار جاف — بەهار جاف — محمد جاف — « بلند-ریفنگ » عبدالحافظ — توانا دلشاد — ئبراس عادل — فراس عادل — سلوی یحیی

Institut kurde de Paris